كۆماری توركیا/ زانكۆی بینگۆل

ئەنستیتویا زمانی زیندوو لە توركیا

بەشی زمان و چاندی كوردی

# ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەكانی سەبكی عیراقی لە شیعرەكانی مەلای جزیریدا

ئەم نامەیە پێشكەش بەزانكۆی بینگۆل- ئەنستیتویا زمانی زیندوو

لە توركیا – بەشی زمان و ئەدەبی كوردی بەشێكە لە پێداوێستەكانی

بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی كوردیدا

لەلایەن خوێندكار

فرست لفتي رضا الكاكي

بەسەرپەرشتی

Prof. Dr. Hasan ÇİFTCİ

بینگۆل، ٢٠١٧

# بەشی دووەم

T.C.

BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ

YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ

KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİMDALI

# MELAYÊ CIZÎRÎ’NİN ŞİİRLERİNDE SEBK-İ IRAKÎ ETKİSİ

**Farset Lafte Ridha Al-Kaki**

**152302102**

**YÜKSEK LİSANS TEZİ**

**Tez Danışmanı**

**Prof. Dr. Hasan ÇİFTCİ**

**BİNGÖL-2017**

## ناوەڕۆک

پوختەی لێکۆڵینەوە ........ V
ملخص البحث ........ VI
Abstract ........ VII
ÖZET ........ VIII
پێشەکی ........ ٢-٤
بەشی یەکەم ........ ٥
١. ١. سەبک چییە؟ ........ ٥-٩
١. ٢. هەڵومەرجی ئێران لە سەرو بەندی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقیدا ........ ١٠-١٤
١. ٣. سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی ........ ١٤-١٧
١. ٤. هۆکارەکانی گۆڕانی سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی ........ ١٧-١٩
١. ٥. خاڵە جیاکەرەوەکانی سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی ........ ٢٠-٢٢
١. ٦. تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی ........ ٢٢
١. ٦. ١.تایبەتمەندی زمانی ........ ٢٣-٢٨
١. ٦. ٢. تایبەتمەندی هزری ........ ٢٩-٣٨
١. ٦. ٣. تایبەتمەندی ئەدەبی ........ ٣٨-٤٧
بەشی دووەم ........ ٤٨
٢. ١. کاریگەری شیعر و ئەدەبی فارسی لەسەر شاعیرانی کورد ........ ٤٨-٥٤
٢. ٢. هەڵومەرجی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لای کورد ........ ٥٥-٦٠
٢. ٣. ڕەنگدانەوی تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی لە غەزەلە کوردییەکانی جزیریدا ........ ٦٠
٢. ٣. ١. زمانی شیعری مەلای جزیری لە ئاستی غەزەلدا ........ ٦١
٢. ٣. ١. ١. زمانی تێکەڵ بە عەرەبی ........ ٦١-٦٢
٢. ٤. ١. ٢. زمانی شیعری جزیری لە ئاستی وشەدا ........ ٦٢-٦٤
٢. ٣. ١. ٣. نەرمی زمانی شیعری ........ ٦٥
٢. ٣. ١. ٤. دەرکەوتنی زاراوەی زانستی ........ ٦٥
٢. ٣. ١. ٤. ١. زاراوە و وشەی زانستی گشتی ........ ٦٥-٦٦
٢. ٣. ١. ٤. ٢. زاراوەی زانستی پزیشکی ........ ٦٦-٦٧

۲. ۳. ۱. ٤. ۳. زاراوەی زانستی کیمیا ........................................ ٦۷-٦۸
۲. ۳. ۱. ٤. ٤. زاراوەی زانستی فیزیا ........................................ ٦۸
۲. ۳. ۱. ٤. ٥. زاراوەی زانستی بیرکاری ........................................ ٦۹
۲. ۳. ۱. ٤. ٦. زاراوەی زانستی فەلسەفی ........................................ ٦۹-۷۰
۲. ۳. ۱. ٤. ۷. زاراوەی زانستی پیشە سازی ........................................ ۷۰
۲. ۳. ۱. ٤. ۸. ڕەنگدانەوەی زاراوەی زانستە ئیسلامیەکان ........................................ ۷۰
۲. ۳. ۱. ٤. ۸. ۱. زاراوەی زانستی کەلام ........................................ ۷۱
۲. ۳. ۱. ٤. ۸. ۲. زانستی فقهـ (شاهید، تەصدیق) ........................................ ۷۱-۷۲
۲. ۳. ۱. ٤. ۸. ۳. زانستی عیرفانی: (زوهد، صۆفی، شێخ، وەصل، فیراق) ........................................ ۷۲-۷٥
۲. ۳. ۲. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە هزریەکانی سەبکی عێراقی لەغەزەلەکانی جزیریدا ........................................ ۷٥
۲. ۳. ۲. ۱. ڕەنگدانەوەی بیر عیرفانی لە غەزەلەکانی جزیریدا ........................................ ۷٦
۲. ۳. ۲. ۲. جوانی عاریفانە لە غەزەلەکاندا ........................................ ۷٦-۷۷
۲. ۳. ۲. ۳. ناوەڕۆکی عاریفانەی عەشق لە لەغەزەلەکاندا ........................................ ۷۷-۷۸
۲. ۳. ۲. ٤. جزیری و ڕابەری تەریقەت ........................................ ۷۸-۷۹
۲. ۳. ۲. ٥. زاراوەکانی حالْ لە غەزەلەکانی جزیریدا ........................................ ۷۹
۲. ۳. ۲. ٥. ۱. خۆشەویستی ........................................ ۷۹-۸۰
۲. ٤. ۲. ٤ ٥. ۲. جزیری و عەشقی (حەقیقی) ........................................ ۸۰-۸۱
۲. ٤. ۲. ٥. ۳. تکا (رجاء) ........................................ ۸۱-۸۲
۲. ۳. ۲. ٥. ٤. شەوق ........................................ ۸۲
۲. ۳. ۲. ٥. ٥. خدووگرتن(خلوت) ........................................ ۸۲-۸۳
۲. ۳. ۲. ٥. ٦. سوورزانین (یەقین) ........................................ ۸۳-۸٤
۲. ۳. ۲. ٥. ۷. هوشیاری و مەستی ........................................ ۸٤
۲. ۳. ۲. ٦. زاراوەکانی مەقام ........................................ ۸٥
۲. ۳. ۲. ٦. ۱. توبە زونون ........................................ ۸٥
۲. ۳. ۲. ٦. ۲. ڕاستگویی ........................................ ۸٦
۲. ٤. ۲. ٦. ۳. زوهد ........................................ ۸٦
۲. ۳. ۲. ٦. ٤. هەژاری ........................................ ۸٦
۲. ٤. ۲. ٦. ٥. ڕەزا ........................................ ۸۷

٢. ٤. ٢. ٦. ٦. تەوەكول ........................................ ٨٧-٨٧

٢. ٣. ٢. ٧. ڕەخنەگرتن لە سۆفیەكان ........................................ ٨٨

٢. ٣. ٢. ٨. باڵای مەعشووق ........................................ ٨٨

٢. ٣. ٢. ٨. ١. مەعشووق لە ئاستی پاشادا ........................................ ٨٩

٢. ٣. ٢. ٨. ٢. دەستە و دامان بوونی مەعشووق ........................................ ٨٩-٨٩

٢. ٣. ٢. ٨. ٣. زێدە ڕۆیی لە پێدا هەڵدانی مەعشووقدا ........................................ ٩٠

٢. ٤. ٢. ٨. ٤. عاشق لە ژێری پێ و دەرگای مەعشوق ........................................ ٩١-٩٠

٢. ٣. ٢. ٨. ٥. بێباكی لە لۆمەی خەڵك ........................................ ٩١

٢. ٣. ٢. ٨.. ٦. عاشق لە ڕێی مەعشووقەوە ڕیسوایە ........................................ ٩٢

٢. ٣. ٢. ٨. ٧. لە دین وەرگەڕان بە هۆی مەعشووقەوە ........................................ ٩٣-٩٢

٢. ٣. ٢. ٨. ٨. مەعشوق لە ئاستی پاڵەوانی داستانە بە ناو بانگەكان ........................................ ٩٣

٢. ٣. ٢. ٨. ٩. دیلی دەستی یار ........................................ ٩٤-٩٣

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ڕەنگدانەوەی غەم لە غەزەلەكانی مەلای جزیریدا ........................................ ٩٤

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. هۆكارەكانی ئاماژەكردن بەغەم ........................................ ٩٤

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ١. مەعشوق وەک سەرچاوەی غەم ........................................ ٩٤-٩٤

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ٢. مەعشوق وەكو غەمخۆر ........................................ ٩٥

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ٣. غەمباری بۆ دووری مەعشوق ........................................ ٩٥

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ٤. غەمخواردن لە ڕۆژگار و كۆمەڵگە و دەرهاویشتەكانی ........................................ ٩٦

٢. ٣. ٢. ٨. ١١. نائومیدی ........................................ ٩٦

٢. ٣. ٢. ٨. ١٢. گەڕانەوە بۆ ناخی شاعیر ........................................ ٩٧

٢. ٣. ٣. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە ئەدەبیەكان لە غەزەلە كوردیەكانی مەلای جزیریدا ........................................ ٩٨

٢. ٣. ٣. ١. غەزەل ........................................ ١٠٠-٩٨

٢. ٣. ٣. ١. ١. تایبەتمەندییەكانی غەزەلی سەبكی عێراقی لای مەلای جزیری ........................................ ١٠٠

٢. ٣. ٣. ١. ١. ١. ناز ناو: ناو بردن و هێنانی نازناوی شاعیر لە كۆتایی غەزەلدا ........................................ ١٠١-١٠٠

٢. ٣. ٣. ١. ١. ٢. پاش سەروا (ڕەدیف) ........................................ ١٠٣-١٠٢

٢. ٣. ٣. ٢. ڕەوانبێژی ........................................ ١٠٣

٢. ٣. ٣. ٢. ١. ڕوونبێژی (البیان) ........................................ ١٠٣

٢. ٣. ٣. ٢. ١. ١. لێكچواندن ........................................ ١٠٤

٢. ٣. ٣. ٢. ١. ٢. لێکچواندنی وێنەیی (صوری) ........................................ ١٠٥
٢. ٣. ٣. ٢. ١. ٣. خواستن ........................................ ١٠٦
٢. ٣. ٣. ٢. ١. ٤. خوازە ........................................ ١٠٨-١٠٧
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. جوانكاری ........................................ ١٠٩-١٠٨
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ١. ڕەگەزدۆزی ........................................ ١٠٩
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٢. ڕەگەزدۆزی تەواو ........................................ ١٠٩
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٣. ڕەگەزدۆزی ناتەواو ........................................ ١١٠
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٤. تێل نیشان ........................................ ١١١-١١٠
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٥. دژیەک ........................................ ١١٢-١١١
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٦. جوانی بایس ........................................ ١١٣-١١٢
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٧. ترصیع ........................................ ١١٤-١١٣
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٨. كەرتكردن ........................................ ١١٥-١١٤
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٩. تصریع ........................................ ١١٦-١١٥
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ١٠. تێهەڵكێش ........................................ ١١٧-١١٦
٢. ٤. ٣. ٢. ٢. ١١. لزومیات (ئیعناد) ........................................ ١٢٠-١١٧
٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ١٢. رد العجر علی الصدر (هێنانەوە) ........................................ ١٢١-١٢٠
٢. ٣. ٣. ٢. ٣. واتا ناسی ........................................ ١٢١
٢. ٣. ٣. ٢. ٣. ١. خەبەر ........................................ ١٢٢-١٢١
٢. ٣. ٣. ٢. ٣. ٢. دارشتن (انشـاء) ........................................ ١٢٢-١٢٢
ئەنجامەكان ........................................ ١٢٥-١٢٤
لیستی سەرچاوەكان ........................................ ١٣٢-١٢٦

## پوختەی لێکۆڵینەوە:

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی(ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەلای جزیری)دا، هەولێکە بۆ روونکردنەوەی شێوازی عێراقی و رەنگدانەوەی لە بەرهەمە شیعرییەکانی (مەلای جزیری) بەتایبەت لە شیعری غەزەلدا.

لێکۆڵەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتی بە ڕێبازی وەسفی وشیکاری لە نزیککردنەوەی دەقە شیعرییەکاندا بەستووە.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە شێواز بە گشتی و سەرەتاکانی دەرکەوتنی شێوازی عێراقی و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کراوە، هەروەها باس لە بنەمای مێژوویی ئێران لە سەردەمی دەرکەوتنی شێوازی عێراقیدا و بەراوردکرن لە نێوان تایبەتمەندییەکانی شێوازی خوراسانی و جیاوازیی لەگەڵ شێوازی عێراقیدا کراوە.

لە بەشی دووەمدا لێکۆڵەر هەوڵیداوە کاریگەری ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی روونبکاتەوە، بەمەبەستی دەست نیشانکردنی ئەو هۆکارانەی بوون بەمایەی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لای شاعیرانی کورد.

لە کۆتاییدا لێکۆڵەر هەوڵیداوە بە پێی توانا لایەنی زمانەوانی و ئەدەبی و فیکری لە غەزەلەکانی (مەلای جزیری)دا بخاتە ڕوو، بەپشت بەستن بە نموونەی شیعریی تۆکمە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا.

**ملخص البحث**

هذه الرسالة التي حملت عنوان إنعكاس خصائص الاسلوب العراقي على شعر (مەلای جزیری) محاولة لبيان قراءة الاسلوب العراقي وانعكاساته على النتاج الشعري ل (مەلای جزیری) ولا سيما في شعره الغزلي.

وقد اعتمدت الباحثة في هذه الدراسة الطريقة الوصفية والتحليلية منهجا في مقاربة النصوص الشعرية.

ونظم البحث في فصلين، تكفل الفصل الأول منه بالحديث عن الاسلوب بشكل عام مرورا بحيثيات ظهور الاسلوب العراقي، وأهم ما يمتاز به من خصوصيات، فضلا عن الحديث عن الحاضنة التاريخية لإيران في عصر ظهور الاسلوب العراقي، وعقد مقارنة لبيان خصوصيات الاسلوب الخراساني ومغايرتة للاسلوب العراقي.

أما الفصل الثاني فقد حاول دراسة عوامل تأثير الأدب الفارسي على الأدب الكردي، محاولا استخلاص وتحديد العوامل التي أدت الى ظهور الاسلوب العراقي عند الشعراء الكرد.

وأخيرا حاولت الباحثة جهد امكانها اظهار الجوانب اللغوية والأدبية والفكرية التي زخر بها غزل "مەلای جزیری" من خلال اعتماد نماذج شعرية كردية رصينة من نتاجه الشعري.

## Abstract

This research entitled ’The Reflection of Iraqi Style Characteristics on Mallay Jiziri's Poetry’ is an attempt to describe the uniqueness of the Iraqi style and its reflections on the poetic productions of Mallay Jiziri especially the amorous poems.

The researcher, in this study, relied on the descriptive and analytical method to compare the poetic texts.

The research consists of two chapters; the first one discusses style in general and the positions where the Iraqi style appears as well as its most important characteristics. In addition, the first chapter also describes the historic sitting of Iran in time of Iraqi style appearance, and makes a contrast to show the characteristics of Khorasani style and its differences with Iraqi style.

The second chapter studies the impact factors of Farsi literature on Kurdish literature trying to recover and determine the factors led to the appearance of Iraqi style at the Kurdish poets.

Finally, the researcher tried her best to show the linguistical and literary sides that teemed and beautified his amorous poetry of Mallay Jaziri by adopting sober poetic models of his poetry productions.

## ÖZET

(( Melayê Cizîrî'nin Şiirlerinde Sebkî Irakî Etkisi )) adlı bu çalışma Melayê Cizîrî'nin şiirlerinde özellikle gazellerinde ırak üslubunu ve etkisini ortaya çıkarmayı amaçlamaktadır.

Bu çalışmada, araştırmacı şiir metnine bağlı kalarak morfolojik açıdan anlamı ortaya çıkarmaya çalışmıştır.

Çalışma iki bölümden oluşmaktadır. Birinci bölümde ırak üslubu genel hatlarıyla ortaya konulmuş ve önemli özelliklerine değinilmiştir. Aynı şekilde İran tarihi temelinde ırak üslubunun ortaya çıkışı ve horasan üslubunun özellikleri ve farklılıklarıyla karşılaştırılması bu bölümde yer almaktadır.

Ikinci bölümde kurd edebiyatı üzerinde fars edebiyatının etkileri ve kürt şairleri içerisinde ırak tarzının ortaya çıkış sebepleri izah edilmektedir.

Son olarak araştırmacı, Melayê Ciziri'nin gazellerine edebi, fikri ve dilbilimsel açılardan değinmektedir ve şiirlerden örnekler seçilerek önemi ortaya çıkarılmışıtr

## نیشانەی لۆجیک و واتاییەکان:

| نیشانەی لۆجیکی | واتاکەی |
| --- | --- |
| ... | بەردەوام بوون |
| ،...، | بەردەوام بوون هەیە پێویست بە باسکردن ناکات |
| هتد | هەتا دوایی |
| * | ڕوونکردنەوە |
| ژ | ژمارە |
| ل | لاپەڕە |
| ص | صفحە |
| د،ج | دیوانی جزیری |
| د.ج. ش. هـ | دیوان جزیری شرح هەژار |
| ع، گ | عزیز گەردی |
| ب، ع، ئ | بندر عەلی ئەکبر |
| ش، چ | شعبان چالی |
| هـ | هجری |
| ز | زاینی |

## پێشەکی

**- ناو نیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەلای جزیری) دا وکاریگەری سەبکی عێراقی لە سەر غەزەلە کوردییەکانی مەلای جزیری نیشان دەدات.**

**- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

**لە بەر ئەوەی سەبکی عێراقی* بە شێوەیەکی بەرچاو لە لای شاعیرانی کلاسیکی باوە و لە ڕووی ناوەڕۆک و هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعرەکانی مەلای جزیری بە تەواوی دەگونجێت لەگەڵ سەبکی عێراقیدا بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد چونکە کەمتر باسی کاریگەری ئەدەبی ڕۆژ هەڵات لە سەر ئەدەبی کوردی کراوە.**

**- کەرەستە بەکارهاتووەکان:**

**کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە: بریتییە لە غەزەلە کوردییەکانی مەلای جزیری و دیوانی جزیری شرح هەژار، وەک نمونە بەکارهاتوە.**

**ڕێبازی لێکوڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵێنەوە بریتییە لە: لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پشت بە ریبازی وەسفی شیکاری بەستراوە بۆ لێکۆڵینەوەکەی داتاکان.**

---

* نالی یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکانە کە سەبکی عیراقی لای باوە و (زەینەب جەلیل خەلیل) کە لێکوڵێنەوەی ماستەرەکەی لە سەر ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عیراقییە لە شیعرەکانی نالیدایە، هەروەها (سافی)ش یەکیکە لە شاعیرە کلاسیکەکان کە سەبکی عیراقی لای باوە و (رزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد) لە لێکوڵێنەوەی ماستەرەکەیدا لە سەر ڕەنگدانەوەی سەبکی عیراقییە لە شیعرەکانی سافیدا.

- گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

بێگومان چەندین گرفت دروست دەبێت لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەدا ئێمەش بێ بەش نەبوین لەو گرفتانەی کە دێنە سەر ڕێگەی لێکۆڵەر لەو گرفتانەش وەرگێڕی سەرچاوە فارسییەکان لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی چونکە سەبکی عیراقی هەڵقوڵاوی ئەدەبی فارسییە، و بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوە بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمی بە سەرکەوتوو بێتە بەرهەم.

- ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

جکە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمان کوردی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی لە دوو بەش پێکدێت.

- بەشی یەکەم:

بەشی یەکەم تیۆرییە و لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە: لەم بەشەدا بەشێوەیەکی تیۆری بابەتەکان خراونەتە روو.

تەوەرەی یەکەم: سەبک چییە ئەسڵی زاراوەی سەبک لە چییەوە هاتووە؟ لە ئەدەبی کوردیدا بەواتای چی دێت؟ لە ئەدەبی فارسیدا بەواتای چی دێت و چۆن سەریهەڵداوە؟

تەوەرەی دووەم: لەم تەوەرەدا قۆناغی مێژوویی ئیران لە سەردەمی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقیدا خراوەتە بەرچاو.

تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرە باسی سەرهەڵدانی سەبکی عیراقی کراوە:

تەوەرەی چوارەم: لەم تەوەرەدا خاڵە جیاوازەکانی سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی خراونەتە روو.

تەوەرەی پێنجەم: لەم تەوەرەدا باسی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی کراوە.

- بەشی دووەم:

ئەم بەشە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە.

تەوەرەی یەکەم: کاریگەری شیعر و ئەدەبی فارسی لە سەر شاعیرانی کورد باسکراوە بە شێوەیەکی وەسفی کە پشت بە مێژووی ئەدەبی بەستراوە.

تەوەرەی دووەم: ڕەنگدانەوەی هەڵومەرجی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لە لای شاعیرانی کورد باس کراوە بەشێوەیەکی وەسفی و پەیرەوکردنی میتۆدی مێژوویی.

تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرەدا ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە غەزەلەکانی مەلای جزیریدا بە بەڵگەی شیعری لە هەر ڕەهەندیی زمانی و هزری و ئەدەبییەوە، خراوەتە روو.

فرست لفت رچا

تورکیا- بینگۆل ٢٠١٧

## بەشی یەکەم

### ١. ١. سەبک چییە؟

**وشەی سەبک بەرامبەر (Style) کە زاراوەیەکی کۆنە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرە ئەدەبیەکانەوە سەری هەڵداوە و لە وشەی (Stilos)ی لاتینییەوە هاتووە[١]. کە (( وەکو چەمکێکی نوێ لای نەتەوەکانی ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە، بەڵام خۆی وشەکە لە کۆنەوە لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی یۆناندا هەبووە ))[٢].**

**زاراوەی سەبک چەند واتایەکی پێ بەخشراوە. هەر وەکو (( لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی هەژاردا بەواتای، شکل، تەرح، ڕاهاتن، هەیئەت، قیافە هاتووە ))[٣]. لە فەرهەنگی "مەهاباد"ی گیوموکریانی دا بەواتای (شێوە، ڕەفتار، ئەدەب، سیفەت، وەک و یەک) هاتووە))[٤].**

**لە فەرهەنگی (( " کوردستان"ی گیوموکریانی دا بە واتای (شێوە، سەلاری، شەرم، ئەدەب) هاتووە )) [٥]. لە فەرهەنگی  (("شیرین"ی فازیل نیزامەدین دا بە واتای (چۆنییەتی، ڕەفتار، ڕێگا، شێوە) هاتووە ))[٦]. لە فەرهەنگی (( "ئەستێرە گەشە"ی فازیل نیزامەدین دا بە واتای(شێواز، اسلوب، نهج، لهجە) هاتووە ))[٧].**

**لە فەرهەنگی(( " دانشگاە کردستان "ی ماجد مردوخ روحانی دا سەبک /sebk، بەمانای (شێواز، ڕێگاش، ئانەو، شێوەیەکی تایبەت لە بەڕێوە بردنی کارێک یان پێک هێنانی شتێکدا) هاتووە ))[٨].**

---

[١] زەینەب جەلیل خەلیل، ڕەنگدانەوەی  سەبکی عیراقی و هیندی لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٣٠١١.

[٢] ڕزگار عەبدوڵا ئەحمەد، ڕەنگدانەوەی تایبەت مەندییەکانی سەبکی عیراقی لە شیعرەکانی سافی دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران، ٢٠١٥، ل ٣.

٣ هەژار، فرهەنگ هەنبانە بۆرینە کردی – فارسی، چاپ ششم، شمارە ترتیب انتشار: ٤٦٨/٦، تهران، ١٣٨٨.

٤ گیوموکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٥ گیوموکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

٦ فازیل نیزامەدین، فەهەنگی شیرین، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم، سلیمانی، ٢٠٠٧.

٧ فازل نزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە کوردی – عەرەبی، کۆماری عیراق وەزارەتی ڕاگەیاندن بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی،زنجیرەی فەرهەنگ// فەهرست ( ١)وە.

٨ ماجد مردوخ روحانی، فەرهەنگی دانشگاه کردستان فارسی – کردی، جلد دوم، چاپ اول، پاییز١٣٨٦. چاپ دوم، ویرایش دوم، بهار ١٣٩٢.

**لە فەرهەنگی(( (ئۆکسفۆرد) ی سلام ناو خۆش دا بەرامبەر بە وشەی(Style) واتای (شێواز، ئەدگارێکی جیاواز، روخساری گشتی، جل و بەرگ مۆدێل) هاتووە ))[٩].**

**بەڵام گرنگترین ئەو بوارەی کە وشەی شێوازی تێیدا بووە بە زاراوەیەکی تازە، ئەدەب و هونەرەکانی ئەدەب بوو. دەربارەی وشــەی (سەبک) لە بواری ئەدەبدا چەندین ڕاوبۆچون هەیە کە هەندێکیان لێرەدا دەیانخەینە ڕوو، بۆ نموونە: (( لە زمانی و ئەدەبی عەرەبیدا (سەبک) بەواتا و مەبەستی ڕێگا، ڕێڕەو، ڕێچکە، ڕێباز، . . . هتد (الطریق، المنوال، الجهه، المذهب، القالب). بەکار هاتووە و لە زمانی کوردیدا بەواتای ڕێگا، ڕێباز، ڕێڕەو، و شێووە و خووڕەوشت و هەڵس وکەوت، هەرچەندە وکو بابەتێکی ئەدەب بەکار نەهاتووە لە لێکۆڵینەوە و نووسیندا، بەڵام بەگشتی بەو واتایانەی سەرەوە ڕۆیشتووە ))[١٠].**

**سەبک بەگشتی لە بواری ئەدەبیدا بۆ دەربڕین و گوزارشت کردن لە لایەن نووسەرەوە بەکاردێت، بە مەبەستی گەیاندنی هەست و سۆزو بیرو بۆ چوونەکانی، بەنێگایەکی تایبەت بە خۆی، کە ئەمە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازی هەیە بۆیە گەلێک جار شێواز ئەبێتە ناسنامەی نووسەرەکەی یاخود یەک جۆرە شێواز لە لایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە دووبار و چەند بارە دەکرێتەوە .نووسەران لە ئەدەبی کلاسیکدا دەربارەی سەبک بەپێی شارەزایی و پسپۆری نووسەری بابەتەکە، پێناسەی سەبکیان بەم شێوازە کردوە: (( سەبک لە ئەدەبی کلاسیکی دا بە جۆری زمانی شیعری یان پەخشان دەگوترێت واتە شێوەیەکە نووسەران یاخود بێژەران، لە نائاگاییانەوە هەڵدەقوڵێت و لە دەقێکی تایبەتیدا واتا دەخوڵقێنن، بەم پێیە ئامانجی ڕەخنەی ئەدەبی کلاسیکی ئەوە نییە کە چەندین لێکدانەوەی بۆ دەقێک هەبێت، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە بەشێوەیەک نزیک بێت لە زانستەوە، ڕێزمانی شاراوەی ئەو زمانە دەریخات کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو لایەنەکانی فۆرم و واتای بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ))[١١].**

---

٩ سلام ناو خۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ئینگلیزی – کوردی، ساڵی ٢٠١٤.

١٠ حمە نوری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیش، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٣-١٤.

١١ زەینەب جەلیل خەلیل، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی و هندی لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١١، ل٧.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر هەندی شێوازەکەی ئاگایانە و رهەندێکی تری بەشێوەیەکی نائاگایانە شێوازێک هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو دەقەی کە دەیەوێت پێشکەش بکات هەروەها بۆ دەربڕینی بیر و ئەندێشەی خۆی جۆرە شێوازێک پەڕەو دەکات.

بواری ئەدەب گرنگترین بوارە کە وشەی سەبک تێیدا وەکو زاراوەیەکی تازە بەکاردێت، بۆیە (بییر جیرۆ) سەرەتاکانی شێواز بۆ پەیدابوونی ڕەگەزەکانی ئەدەب دەگەڕێنێتەوە (( سەرەتای شێواز لەگەڵ پەیدابوونی رەگەزەکانی ئەدەب بووە ))[١٢]. واتە کە رەگەزە ئەدەبییەکان سەریان هەڵدا، لەگەلیاندا شێوازیش سەری هەڵدا، لێکۆڵەرانی ئەدەبی فارسی لە روانگەی سەبک ناسیەوە دابەشی چوار قۆناغیان کردووە ئەویش بەمجۆرە سەبک لە ڕێی نووسەرەوە دەقەکە رەنگرێژ دەکات بۆیە دەوترێت سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی سەبکی هیندی و سەبکی قۆناغی گواستنەوە ((سەبک بریتییە لەو تایبەتمەندیە زمانی و هزری و ئەدەبیانەی کە لە ماوەی قۆناغ و سەردەمێکدا باڵدەکێشێت بەسەر ئەدەب و شیعری شاعیراندا ))[١٣]. بۆیە لەگەڵ گۆڕانی قۆناغەکان و هاتنە کایەی سەردەمی نوێدا بە شێوازێکی تر باس سەبک کراوە.

بەپێی بۆ چونیکی تریش نووسەر و شاعیران ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لەبەر جەستەکردنی سەبکێکی تازەدا، هەر وەکو بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کراوە (( سەبک لە زاراوە ئەدەبییەکەیدا بریتییە لە ڕێگایەکی تایبەتی تێگەیشتن و دەربڕینی بیرەکان بە هۆی ئاوێتە بوونی وشەکان و هەڵبژاردنی دەربڕینەکان، شێواز شێوەیەکی تایبەت دەبەخشێتە بەرهەمی ئەدەبی لە رووی فۆرم و واتاوە و ئەو شێوە تایبەتییەش پەیوەستە چۆنییەتی بیرکردنەوەی بێژەر یان نووسەر سەبارەت بەڕاستیەکان ))[١٤].

زۆر جار ئەو شێوازە کەسێک پەیڕەوی دەکات و دواتر گرۆپێکی لە دەوری کۆدەبێتەوە و دەبێتە شێوازی هەمووان کە شێواز بۆ خۆی پێویستە بە فۆرم و واتاوە و لەو بۆ چوونانە دوور دەکەوێتەوە کە هەندێکیان دەڵێن لە شێواز و شێوازناسیندا تەنها دەبێ بایەخ بە فۆرم بدرێت و هەندی دەڵێن دەبێ بایەخ تەنها بەواتا

١٢ پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ١٥.

١٣ د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)، رەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەحویدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٣٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٧٧

١٤ محمد تقی بەهار، سبک شناسی یا تاریخ تگور نپر فارسی، چ١، تهران، زوار، ١٣٨١، ل ١٦.

بدرێت، لەم پێناسەییەی سەرەوەش (محمد تقی بهار)،بۆ دیاریکردنی شێواز بەرهەمێکی ئەدەبی بایەخ بە هەردوو لایەنی فۆرم و واتا دەدات و هەروەها ڕۆڵی بیر و بایەخ بەڕاستییەکانیش بەرجەستە دەکات، لێرەدا نابێت ڕۆڵ و پێگەی زمان لەبەر جەستەکردنی شێوازدا لە بیر بکەین چونکە (( شێواز بریتییە لە دەربڕینی تایبەت لە ڕێگای لادان یان دەرچوون لە ڕێڕەوی ئاسان و زمان و بە سوود وەرگرتن لە هونەرەکانی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی زمان))، هەروەها (( شێکردنەوەی هەڵسەنگاندنی شێوازی نووسەرێک یان وردبوونەوە لە چۆنێتی هەڵبژاردنی وشەکانی یان دەستەواژەکانی جگە لە کەرەستەکانی جوانکاری و ڕەوانبێژی . . . بۆ نموونە خوازە و لێکچوون یان شێوەی چۆنییەتی داڕشتنی ڕستەکان ئاخۆ جوان و تۆکمە و ناسکن یان فش و فۆڵ و بێ ڕۆحن جگە لە شێوازی پەرەگرافەکان لەراستیدا هەموو دیاردە و دەستەواژەیەکی بەرچەستەی زمان دەگەڕێتەوە کە نووسەر بەکاری دەهێنی ))[15].

کە واتا جەغت دەکەینەوە لە سەر ئەوەی لە شێوازناسیدا دەبێت بایەخ بدرێت بەلایەنی فۆرم و واتا تا وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی بەرزو پێشکەوتوو دروست ببێت، ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر نووسەر هەیە لە نووسینی بەرهەمەکەیدا.

پەیوەندی سەبک بەزمانەوە پەیوەندییەکی بتەو لە ڕێگەی دەربڕینی وشەو زاراوە و رستەوە چۆنییەتی شێوازمان بۆ دەردەخات بۆیە پێویستە (( زمان و مامەڵەکردن لەگەڵ وشە و زاراوەکاندا و چۆنییەتی داڕشتنیان بکرێت بەبنەماو تەوەری لێکۆڵینەوە ))[16]. بۆیە دەکرێت بڵێن ئەو بیرەی کە لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت ناتوانی گوزارشت لە واتا و مەبەستەکانی بکات کە لەلای هەڵگری ئەو بیرەوە هەیە پێویستە ئاوێتەو تێکەڵاوی زمانیک بێت ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین (( زمان جل و بەرگی بیرە . . . ، شێوازیش چۆنییەتی تان و بۆ چنین و دەروونی تایبەتی ئەو جل و بەرگەیە ))[17].

کەسیەتی نووسەر ڕۆڵی دیاری هەیە لە چۆنییەتی بەرجەستەکردنی شێوازی دەقەکە چونکە (( کەسێتی ئەو لایەنەیە کە یەکێکی پێ لە یەکێکی تر جیادەکرێتەوە. هەر کەسێتیەکیش چەند سیفەتێکی عەقڵی و

---

15 حمە نوری عومەر کاکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

16 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

17 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

سۆزی و جەستەیی تایبەت بەخۆی هەیە کەسەکان لە سروشت و ڕەفتار و بەهرە عەقڵی و سۆزی و ئەندێشەییەکانیاندا جیاوازن، بۆیە زۆر ئاساییە کە شێوازی نووسینیشیان جیاوازبێت ))[18]. هەموو نووسەرێک شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە لە نووسین بەرهەمەکانیدا چونکە گەر شێوازەکان لای هەموویان وەک و یەک بن دەبێتە لاسایکردنەوە بۆیە نووسەر هەوڵدەدات شێوازێکی تایبەت خۆی هەبێت و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی رادەکێشێت و کەسێتی نووسەر زۆر جار لە ڕێگەی دەقەکەیەوە دەردەکەوێت و دەناسرێتەوە و زۆر جار بابەتی دەق بۆ خۆی رۆڵی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکاندا هەیە بۆیە وتراوە (( سەبک شێوەیەکە بۆ دەربڕینی بابەتەکانی خۆیان هەڵی دەربژێرن، واتە سەبک شێوەی گوتنە. شاعیر و نووسەران بە هۆی شێوەزارەوە لە تەواوی قۆناغەکانی نووسینیان کاریگەری خویان لە نێو بەرهەمەکەدا دەنوێنن، هەر لە بژاردنی بابەتەکەدا تاوەکو خۆری وشە و دانانی رستە و گونجانیان لەگەڵ یەکترەوە ))[19]. واتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی شێوازێکی تایبەت لە بەر چاو دەگرن و پاشان بە هۆی ئەم شێوازەوە و لە ژێر روشنایی یاساکانی ئەم شێوازەوە لە ڕێگای خۆیاندا بەردەوام دەبن لە نووسینی بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا.

لە سەر هەمان بنەما نووسەر دنیا (( بە نیگایەکی تازەوە بینی بە ناچاری بۆ گواستنەوەی وێنەی نوێی نێو مێشکی خۆی دەبێت سود مەند بێت لە زمانێکی نوێ و درکە و رمزەوە هەوڵبدات جێگای نوێی خۆی بۆ کەسانی تر روون بکاتەوە ))[20]. ئەم پێناسەیە خراوەتە روو لەگەڵ سەبکی عێراقیدا کۆک و گونجاوە، چونکە لە سەرەتادا سەبکی عێراقی لە ئەنجامی گۆشەنیگای تایبەتی رابەرەکانیەوە بەرجەستەکراوە، بۆیە کاتێک باس لە سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی دەکرێت راستەو خۆ ناوی سەعدی و حافیز و مەولەوی دەبرێت.

ئەم جۆرە سەبکەش پەیڕەوکەرانی خۆی هەبووە و گەلێک لە شاعیرانی کورد و فارس بەکاریان هێناوە و سەرەتاش روو لە ئەدەبیاتی فارسی دەکەین.

---

١٨ پەخشان عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

١٩ زەینەب جەلیل خەلیل، رەنگدانەوەی سەبکی عێراقی و هیندی لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاحەدین، ٢٠١١، ل ٩.

٢٠ سیروس شمیسا، کلیات سبک شناسی، ویرایش دووم، تهران، میترا، ١٣٨٤، ل ١٨.

### ١. ٢. هەڵومەرجی ئێران لە سەرو بەندی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقیدا :

**شیعرو ئەدەبیات لای تاکەکانی کۆمەڵگە لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بیری نوێ و جیاواز دێتە ئاراوە، ئەمیش لە ئەنجامی ڕووداوە مێژووییەکان و گۆڕانە یەک لە دوای یەکەکانی سەردەم، کەبەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا دێت پەیدا دەبێت، شیعرو ئەدەبیاتی سەبکی عێراقیش لەو حاڵەتە دەرنەچووە، چونکە ئەویش بەو هەلومەرجەدا تێپەڕ بووە قۆناغی و سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کۆمەڵگەی ئێراندا سەری هەڵداوە.**

**ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە مێژووییانە کاریگەری تەواوی کردۆتە سەر هەموو لایەنێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا، بەڵام زیاتر لایەنی شیعرو ئەدەبیاتی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بۆیە هەرکاتێک باسی ئەدەبیاتی ئێران دەکرێت ڕاستەوخۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەکەونەوە یادی خوێنەر، بۆ نموونە: هێرشی مەغولەکان، کە (( لەساڵی (٦١٦)ی کۆچی هەتاوی بۆ سەر خاکی ئێران دەستی پێکرد ))[٢١]. کە دیارترین ڕووداوی مێژوویی ئەو قۆناغەی ئێران بوو کە گەشەی تەواوی بەو سەبکە داوە، کە (( سەبکی عێراقی لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەم تا سەرەتاکانی سەدەی دەیەم لە ناو شێوازی شیعری فارسیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، کە هاوکاتە لەگەڵ ٣٥٠ ساڵەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی مەغۆلەکان و ئێلخانی مەغۆل و تەیمورییەکان ))[٢٢]. گۆڕانکاریەکانی ناو ئەدەبیاتی فارسی کە سەبکی عێراقی لێ پەیدابوو، بەر لە هێرشی مەغۆلەکانیشەوە دەستی پێکردووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ((پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی غەزنەوییەکان لە سەردەمی مەسعود کوڕی مەحمودی غەزنەوی لە دەندانقان کە شکستی هێنا لەگەڵ سەلجوقییەکان لە ساڵی (٤٣١)ی کۆچی یەوە بەرەو هیندستان هەڵات، لە کۆتایشدا لە ساڵی (٤٣٢) کوژرا ))[٢٣]. هێرشەکەی ئێران لەلایەن مەغۆلەکانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ (( هەڵەی سوڵتان محەمەدی خوارەزم شاە،**

٢١ محمود فضیلت، استعارهای درابهام، استاد بار دانشگاه رازی، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شیهد باهنر کرمان، دوره جدید، شماره ٧٠۶، (پیاپی ۶ )، زمستان ٧٨، بهار، ل ٧٩،

٢٢ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، چابخانەی تایش، چاپ پنجم، از ویرایشت دوم، بهار، ١٣٩١، ل٢۴۶.

٢٣ زینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

**که دەسەڵاتی پاشاکانی (خەتای) لە ناو برد ئێران بوو دراوسێ لەگەڵ تەتەر و ووڵاتی مەغۆلەکان))[٢٤]. کە بە هۆی ئەو هێرش و پەلامارەشەوە (( لە ماوەی چەندساڵێکدا بە شێوەیەکی دڕندانە سەرانسەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خوارەزم شاریان بە تەواوی داگیر کرد ))[٢٥].**

**لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم هێرشەو دەستپێکردنی شەڕدا، ((لافاوی سوپای دڕندەی تەتەر هاتە (ماوراء النهر) و خۆراسان کە ئەو کاتە ئاوەدانترین وڵاتی دونیا و ناوەندی زانست و شارستانییەت بوو، هێرشیان هێناو هەموو شتیان کاولکرد، وڵاتی خۆراسان تاکو عێراق بە چەشنێک خاپور کرا و خەڵکانێک کوژران کە لە توانای باسکردندا نەبوون ))[٢٦]. شایەنی باسە ئەوەی زۆربەی مێژوو نووسان لە سەری کۆکن و بووە بە (( سیمای دیاری هێرشی مەغۆلەکان کوشت و کوشتارێکی زۆر بوو، بۆیە مێژوو نووسان دەربارەی کوشتارەکانی ئەو کاتە ئاماژەیان بە ڕێژە و ژمارەیەک کردووە، کە جێگای سەرسورمانە ))[٢٧]. یەکێک لە مێژوو نووسەکان (عەباسی ئیقبالی ئاشیانییە)، کە لەکتێبی (مێژووی مەغۆل) ))ڕێژەی کوژراوەکان لە ئێران بەم شێوازە دەخاتە ڕوو (( لە کۆمەڵکوژی شارەکانی ترامەدا و بەلخ خەڵکیان بە تەواوی لە ناو برد و لە سەروی ٧٠٠,٠٠٠ کەسیان شەهید کرد ))[٢٨]. و لە هەردووک شاری (( بامیار و غەزنەین بە تەواوی خەڵکیان لە ناو برد ))[٢٩]. نەیشابوریش یەکێکی ترە لەو شارانەی زەرەر و زیانێکی زۆری مەغولەکانی بەرکەوتووە، کە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن : (( نەیشابوریان لەگەڵ خاکدا تەخت کرد و ... ئاژەڵەکانی شاریشیان لە ناو بردن، ڕێژەی کوژراوەکانی نەیشابور ٠٠٠ ، ٨٤٧ ، ١ کەس خەمڵێندراوە ))[٣٠]. ئەمە جگە لەو زەرەرو زیانە گیانیانەی کە بەر کۆمەڵگەی ئێران کەوت، زەرەرو زیانێکی زۆریش بەرلایەنی ماددی کەوت، کە**

---

٢٤ میمنت میر صادقی، واژەنامە هنر شعری- فرهنگ تفصیلی اصطلاحات فن شیر و سبک ها و مکتب های ان، کتاب مهناز، چاپ سوم ویراست سوم، تهران، ١٣٨٥، ل ١٥١.

٢٥ محمد غلامرچایی،، سبک شناسی شعر پارسی از رودکی تاشاملو، نشر جامی، چاپ چوارم، تهران، ١٣٩١،ل ١٤٤.

٢٦ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

٢٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

٢٨ محمد غلامرچایی، ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

٢٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

٣٠ محمد غلامرضایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

مەغۆلەکان (( زیانێکی گەورەیان بە سیستەم و پلانی ئابوری و کشتوکاڵی ئێران گەیاند ))[٣١]. ئەوەشی کە شایەنی باسە ئەوەیە، کە ئێران لە پێش هێرشی مەغۆلەکان لە زۆر لایەن و رووەوە لە پێشکەوتن گەشە سەندندا بوون، کە (( لە بواری زانست و شارستانییەت شایانی سەرەنج و گرنگی پێدان بوو، بەڵام مەغۆلەکان دەستیانکرد بە کوشت و کوشتار و وێرانکاری و کاولکاریەکی بەرفراوانیان ئەنجامدا، ئەمەش وایکرد ساڵلانێکی دوور و درێژ کاریگەری و ئاسەواری وێرانکاری بە ڕووخساری کلتور و شارستانییەتی شێرانەوە بمێنی ))[٣٢].

ئەم کوشت و کوشتار و وێرانکاری و کاولکاریەی مەغۆلەکان کاریگەری زۆر خراپی کردۆتە سەر کۆمەڵگەی ئێرانی و زەبرێکی کوشندەی لە ژێر خانی ڕۆشنبیری و زانست و ئەدەبیات داوە و هیچ شتێکی نە بواردووە، بۆیە (( سرۆشتییە خاوەن زانست و زاناکانیش کەوتنە بەر پەلامار و ڕەشە کوژیەکان، بەڵام هەندێک لە زانایان لە ناوچە ئارامەکانی هاوڵاتان و خۆیان لە کوشتن ڕزگار کرد، سەرەڕای ئەوەش هەندێک لە زانایان کوژران ))[٣٣]. هەروەها (( مزگەوت و مەکتەب و پەرتوکخانەکان بە شێوەیەک لە ناو چون، ئەمڕۆ بێجگە لە ناونیشانی زۆربەی نوسراوەکانی سەدەی پێش هاتنی موغۆلەکان هیچ شتێکمان لە بەر دەستدا نەماوە و نوسخەی خەتەکانی پێش هاتنی مەغۆلەکان دەگمەنن بە هۆی ئەنجامی ئەم کارەساتەوە ))[٣٤]. سەرەڕای مردن و لە ناوچوونی بەشێک لە زاناکان، ئەوانەشی کە مابوون پەرتەوازەی وڵات و ناوچەکانی تر بوون و ڕۆیشتن بۆ پاراستنی گیانیان، کە چوون (( بەرەو هیند و ئاسیای بچووک بۆیە . . . بۆ پەروەردەکردنی شاگرد و خۆێندکاری زیرەک و بە توانا مامۆستا نەمابوو))[٣٥]. مەڵبەندەکانی زانست و زانیاری لەو کاتەدا، بریتی بوون لە (( بارەگای بچووک و گەورەی جۆراو جۆر کە جێگای کۆڕ و کۆبوونەوەی شاعیران و نووسەران بوون یەک لە دوای یەک لە ناو چوون ))[٣٦]. هەر لە ئاکامی ئەو گۆڕانکاری و پاشا گەردانییەی بە سەر لایەنی

---

٣١ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، چابخانەی تایش، چاپ پینجم، از ویرایشت دوم، ١٣٩١،ل١٨٧.

٣٢ محمد غلامرچایی، سبک شناسی شعر پارسی از رودکی تا شاملو، ل ١٤٤.

٣٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

٣٤ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤– ١٤٥.

٣٥ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، ل ١٨٧.

٣٦ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

زانست و ڕۆشنبیری و زانست و زانیاری و مەڵبەندەکانی خوێندندا هات، (( بوارەکانی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە هۆی نەبوونی کتابە کۆنەکان ژیانیان پێگەشتبوو، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەو پەرتوکانەی لە قۆناغەکانی دوایی نووسراون جێگای متمانەنین ))[٣٧]. لەبەر ئەوەی زۆربەی کتاب و سەرچاوە کۆنەکان لە ناوچوون و نەماون بۆیە گەڕان بەدوادا چوون بەو کتابانەدا بێ سوودە، ئەوانەیشی کە لە ناو نەچوون و ماون زۆرکەمن وبەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، واتە پاشکەوتی کتابەکۆنەکان زۆر کەمە، هەر وەکو (( دواین دیوانی زۆربەی شاعیرەکانی وەکو ڕودەکی لە ناو چوون . . . بۆ نموونە لە فەرهەنگی نووسی ( دکشنری) بێجگە لە زمان فرس ئەسەدی (لغت فرس اسدی) و لە نووسینی یادەوەری بێجگە لە لەباب ئەالباب ( لباب الالباب ) و لە ڕەوانبێژی بێجگە لە دوو پەرتوکی (ترجمان البلاغه و الحدائق السحر) هیچی تر نەماوە ))[٣٨] . هۆکاری کاتی بوون و دیارنەمانی کتابەکۆنەکان لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، خۆراسان (( ناوەندی چاندنی کلتوری ئێران بوو خوێندنگا و پەرتوکخانەیەکی زۆری تێدابوو، پێشتریش لە هێرشەکانی سەلاجقە و غەزان زەرەر و زیانێکی زۆر پێ گەیشتبوو، بەڵام ئەم جارە (لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکان) هێندە لاواز بوو یەکسەر هەڵوەشا و تێک چوو ))[٣٩].

هەر وەکو عوفی لە یادەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (( ئەوەی لە یاداشتەکان و تەوەرەکانی بیری مندا هەیە پەرتوکێکە لە پێش هێرشی مەغۆلەکان لە بوخارا لە پەرتوکخانەی سەر پەل بازارچە (سرپل بازارچ) چاوم پێی کەوتبوو ))[٤٠]. واتە بەپێی ئەم گێڕانەوەیەی عوفی بێت، تەنها یەک کتاب ماوە، لە پاشەکەوتی پێش هێرشی مەغۆلەکان لە وڵاتی ئێراندا، هەر ئەمە یە وایکردووە کە (( ئاسەواری خراپی هێرشی مەغۆلەکان پاش چەند ساڵێک لە سەر لایەنی زانستی و کۆمەڵایەتی دەرکەوت ))[٤١]. بۆیە کاتێک

---

٣٧ محمد غلامرچایی، سبک شناسی شعر پارسی از رودکی تا شاملو، ل ١٨٧.

٣٨ سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٨.

٣٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨.

٤٠ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، ل ١٨٨.

٤١ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

سەیری قۆناغی مێژوویی ئەو کاتە بکەین، دەبینین (( زۆربەی دەست نووسەکانی دەقی دیوان پەیوەندیان بە قۆناغی دووای مەغۆلەوە هەیە ))[٤٢].

بێگومان ئەو ئاکامە خراپەی بە هۆی هێرشی مەغۆلەکانەوە لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بە جێما، کاریگەری تەواوی هەبوو لە سەر دونیای ئەدەب (( ئەو نازو خوانەی کە بۆ شاعیرانی سەبکی خۆراسانی ڕازابووەوە، لە ناو چوو و ئەو ڕۆحی دلێری و ئازایەتی ئێرانییەکان بەرەو کزی ڕۆیشت . . . تەواوی ئەوانەش ڕەنگیدایەوە لە ئەو سەبکەش بە عێراقی ناسرا ))[٤٣].

## ١. ٣. سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی:

سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لە بنەڕەتدا ئاکامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەسەڵاتداری لە ئێران بوو، وەکو شێوازی باوی قۆناغێکی مێژوویی شیعرو ئەدەبیاتی فارسی پەیدابووە و ماوەیەکی درێژ باڵیکێشاوە بەسەر تێکڕای کایەکانی شیعرو ئەدەبیات لە زمانی فارسیدا، کە (( بەپێی بارو دۆخی سەردەمی و جوگرافی دابەش دەبێت بۆ سێ سەبک کە بە ڕیزبەندی مێژوویی بریتین لە مانە: سەبکی خۆراسانی، سەبکی عێراقی، سەبکی هیندی ))[٤٤]. سەبکی خۆراسانی نوێنەرایەتی ناوچەیەکی دیاریکراوی کردووە کە خۆراسانە، بەهەمان شێوەی ئەوەی کە نوێنەرایەتی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی کردووە، هەر بەو ناوەشەوە ناونراوە، خۆراسان ((بە واتای ڕۆژهەڵات و ئەو شوێنەیە کە خۆر لێی دەردەکەوێت، کەواتە سەبکی خۆراسانی واتا شێوازی بەرهەمی سەرەتا و کۆنی زمانی فارسی کە بە زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە دەرکەوتن ))[٤٥]. کە لەسەر ناونانی سەبکی خۆراسانی بۆچوونی جیاواز هەبووە و (( هەندێ لە سەرچاوەکان و ئەدیبانی هاوچەرخیش زاراوەی (سەبکی تورکستانی) یان هەڵبژارد بۆ تایبەتمەندییەکانی سەبکی خۆراسانی، بەڵام لە پاشاندا هەمان سەبکی خۆراسانی جێگیر بوو ))[٤٦]. ئەم سەبکە سەرەڕای ئەوەی کە

٤٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨.

٤٣ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

٤٤ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

٤٥ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

٤٦ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو. ل ١٢.

بەخۆراسانی ناسراوە، بڵاو بۆتەوە (( لە ناوچەکانی سیستان و خۆراسانی گەورە و تەواوی ئەفغانستان و تورکمانستان و ئۆزباکستان و تاجیکستان و قرقیزستان و چەندین ناوچەی تر ))[٤٧].

سەبکی خۆراسانی یەکەمین سەبکی شیعری فارسیە، کە ناونیشانەکەی خۆراسانی جێگیربووە و بەفارسی دەری دەستی پێکردووە، بۆیە (( شێوازی شیعری فارسی دەری لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی سێیەم تاکۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی بە (سەبکی خۆراسانی)، ناسراوە، چونکە یەکەمین بەرهەمەکانی شیعر و پەخشانی زمانی فارسی نوێ پاش ئیسلام، لە ناوچەی خۆراسانی گەورە دەرکەوت، شێوازی ئەم بەرهەمانە خۆراسانی پێ دەگوترێت ))[٤٨].

یەکەمین شاعیرانی شیعری فارسی لە شاعیرانی سەبکی خۆراسانین، چونکە سەبکی خۆراسانی یەکەمین سەبکی شیعری فارسییە، کە لەگەڵ یەکەم هەنگاوی شیعری فارسیدا تایبەتمەندیەکانی سەبکی خۆراسانی دەچەسپێنن، هەر لە بەر ئەوەشە دەگوترێ ((شیعری فارسی بە دەرکەوتنی کۆمەڵە شاعیرێک کە زۆربەیان لە هەمان ناوچەی ڕۆژهەڵات بە دەرکەوتون لە دیوەخانی پاشایەکان، بەو ناوچانەوە گرێدراون وردە وردە گەشەیان کردووە و بەرەو کامل بوون ڕۆیشتون هەروەها بە هۆی یەک شوێنی هاوبەشەوە، تایبەتمەندییەک دێتە ئاراوە بە سەبکی خۆراسانی ناودەبرێت ))[٤٩] .

سەبکی خۆراسانی بە هۆی گۆڕانی هەڵ و مەرج و گۆڕانی قۆناغ و سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەتا وەکو ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەریان هەبووە لە سەر ناونیشانەکەشی نابێ ئەوەش لە بیر کەین کە سەبکی خۆراسانی بە سەبکی تورکستانی ناسراوە بەڵام دواتر گۆڕاوە بۆ خۆراسانی ئەویش بەهۆی گۆڕینی قۆناغەکان، (( سەبکی تورکستانی کە شێوازی شاعیرانی سەردەمی سامانییەکانە، کە سادەتر و کۆنتر بوون و زاراوەی سەبکی خۆراسانیان هەڵبژارد بۆ شیعری شاعیرانی سەراستنی تایبەتمەندییەکانی سەبکی تورکستانی، لە زۆرلایەنەوە وەکو زمان پێشکەوتن ))[٥٠]. بەڵام سەبکی خۆراسانی بەرە بەرە بەرەو

٤٧ میمنت میرصادقی، سەرچاوەی پێشوو، ١٥١.

٤٨ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

٤٩ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

٥٠ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

**لاوازبون و له ناو چوون دەچوو، به هۆی تێپەڕ بوونی کات و درێژەی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، چونکە ((بەهاتنی سەلجوقییەکان، کە بێگانە بوون لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی فارسیدا، بازاری گەرمی شاعیران و ئەدەب پەروەرانیش بەرەو نەمان دەڕۆشت و ئیتر کۆشکی مەحمودی غەزنەوی نە مابوو کە خوانی ئەدەب پەرەوەری و شاعیر دۆستی هەمیشە ڕزابووەوە))[51] ، و لەهەمان کاتی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان (( دوو ڕەوت لە شێوازی شیعری نێوان ئازەربەیجان و خۆراسان دەبینرا و یەک مەودا لە خۆی گرتبون، کە بەرەو سەبکی عێراقی دەڕۆشت ))[52] ، بە هۆی ئەمەی کە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان هۆکاری سەرهەڵدانی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بوو لە ئەدەبدا، (( بووە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کە ئاگامی ئەو گۆڕانەش، گۆڕانی شێوازی ئەدەبی لێکەوتەوە ))[53]، و بەگەڕانەوە و پێدا چوونەوە لە قۆناغی پێشوو تری شیعرو ئەدەبی فارسی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە (( لە سەردەمی دەسەڵاتی سامانییەکان و غەزنوییەکاندا، زمانی فارسی دەری زمانێکی بە هێز و شکۆمەندی ئەدەبی بووە . . . لە سەدەی شەشەمەوە ڕێگەی خۆش بوو بۆ گۆڕانی سەرەکی لە زمان و ئەدەبدا و لوتکەی ئەم گۆڕانەش بە هێرشی مەغۆلەکان و پەیدابوونی سەبکی عێراقی مسۆگەر بوو ))[54].**

**سەرەڕای ئەوەی کە لە شیعرو ئەدەبی فارسیدا، سەبکی عێراقی شوێنی سەبکی خۆراسانی گرتەوە، بەڵام ئەم شوێن گۆڕینە ڕاستەو خۆ و خێرا نەبوو، لەبەر ئەوە (( لە شێوازناسیدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە لە نێوان دوو شێوازدا، هەمیشە قۆناغێکی ناوەند هەیە، چونکە دەبێت نەوەی پەروەردەکراوی قۆناغی پێشو لە ناو بچێت و نەوەی پەروەردەیەکی نوێ لە دۆخێکی نوێ دا بێتە ئاراوە ))[55] . وەکو پێشتر کە پاش دەسەڵاتی سەلجوقییەکان هێرشی مەغۆلەکان ئەو گۆڕانکارییەی کە پێشتر ڕێکخرابوو گەیاندیە ئاستێکی**

---

٥١ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٥٢ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

٥٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

٥٤ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

٥٥ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ .

**باش و تەواو و بوو بە هۆی (( گۆڕانکاری تەواوی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و یەکسەر سەبکی خۆراسانی لە ناو برد و سەبکی عێراقی گەشەی کرد و بە تەواوی پەیدابوو ))[٥٦].**

**هەر بە هۆی ئەمانەوە قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعری سەبکی خۆراسانیدا هات بە جۆرێک ((شاعیرە ناودارەکانی سەدەی شەشەمیش، کە شێوازیان لە نێوان سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقیدا بوو و لە زماندا زیاتر نزیک دەبوون لە زمانی سەبکی خۆراسانی و لە فیکری ئەدەبیدا زیاتر نزیک دەبوون لە سەبکی عێراقی و قاڵبی غەزەلیش باو دەبێت لەم سەردەمەدا ))[٥٧]. کە واتە بەهاتن و دەرکەوتنی سەلجوقییەکان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەستی پێکرد و سەری هەڵدا، و بەهێرشی مەغۆلەکان گۆڕنکاریەکان تەواو بوون و بەرەو کامل بوون ڕۆیشتن و گەیشتنە لوتکە.**

**١. ٤. هۆکارەکانی گۆڕانی سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی:**

**١ – (( تێکەڵابوونی خەڵکی خۆراسان و عێراقی عەجەم)) [٥٨].**

**٢ – (( زمانی فارسی دەری دەبێتە زمانی فەرمیی خوێندن و نووسین.**

**٣ – سوفیگەری باودەبێت و سۆفییەکان چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن.**

**٤ – دامەزراندنی قوتابخانەی ئاینی و بڵاوبوونەوەی زانستە ئیسلامییەکان ))[٥٩].**

**٥ – (( سەلجوقییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە بایەخیان بە شیعر و شاعیران نەداوە و قاڵبی غەزەل باو بوو.**

**٦ – لەناو چوونی نەوەی زانایانی پێشو .**

---

٥٦ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥۴ .

٥٧ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١۶ .

٥٨ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ .

٥٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ .

**٧ – لە ناو چوونی بزوتنەوەی شعوبییەت.**

**٨ – گێچەڵ و ئاژاوەکان بە هۆی ناکۆکی نێوان دەسەڵاتداران و شەڕە ناوخۆییەکان ))[٦٠].**

**٩ – (( دوای مەغۆلەکان ناوەندی کلتوری لە خۆراسان بەرەو عێراق دەگوازرێنەوە، ئەم ڕەوتە لە کاتی سەلجوقییەکان دەستی پێکردووە، بەڵام خۆراسان هێشتا لە ناو نەچوو بوو، زۆرینەی شاعیران و نووسەرانی گەورە لە شارەکانی عێراقی عەجەمن ))[٦١].**

**هەر لێرەوە لە ئێران سەردەمێکی تر دەستی پێکرد، (( هەڵ ومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریی نوێ هاتە کایەوە، شاعیران و ئەدیبان بە زۆری ڕوو لە وڵاتی عێراق دەکەن و لێرەوە و لە ژێر کاریگەریی ئەم هەلومەرجە نوێیەدا ئەدەبێکی نوێش سەرهەڵدەدات  کە جیاوازە لە ئەدەبی سەبکی خۆراسانی و بە ئەدەبی سەبکی عێراقی ناوبرا ))[٦٢]. دەسپێکی ئەم سەرهەڵدانەی سەبکی عێراقی، (( لە سەدەی شەشەمدا وردە وردە پەرەی سەند و لە دوای هێرشی مەغۆلەکان لە ساڵی ٥٦١٥، لە شیعری شاعیرانی ئەسفەهان و شیراز و ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە و سەریهەڵداوە ))[٦٣]. بۆیە بە سەبکی عێراقی ناوبراوە لە بەر ئەوەی (( لە جوگرافیای کۆنی ئێراندا ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران عێراقی پێدەگوترا ))[٦٤].**

**هەروەها ئەو شاعیرانەی ناوبانگیان دەرکردبوو لە سەبکی عێراقیدا بریتی بوون لە (( ڕاوەندی خاوەنی کتابی (راحه الصدور) و(نجم دایه)، نووسەری (مرصاد العباد) و ئەوحەدی کرمانی و فەخرەدین عێراقی نموونەی ئەوانەن لە ئەو ناوچە، چەکو چۆڵی لێدوان و قسەکردن (نظم و نشر) بەم شێوازە بڵاو کردۆتەوە))[٦٥].**

---

٦٠ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ .

٦١ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨ .

٦٢ سیروان جەبار ئەمین ( زەند )، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩ .

٦٣ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ .

٦٤ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ .

٦٥ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦ .

لەم ڕوانگەیەشەوە (( شاعیرانی ناوەڕاستی ئێران (رەی، ئەسفەهان، هەمەدان، ئازەر بایجان)، بە سەبکی عێراقی ناودەبرێن و لە سەدەی شەشەم پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر هەبووە و کاریان لە یەکترکردووە))[٦٦]. هەروەها ئەم سەبکە (( لە شارەکانی رەی و ئەسفەها و هەمەدان و فارس و ئازەربایجان سەری هەڵداوە ))[٦٧]، و شاعیرانی بەناوبانگی زۆری لێ بوون، کە سەرەڕای ئەم کارلێکردنانەش، (( زۆربەی شاعیرەکانی ئەم کاتە لاسایکەرەوە نین و خاوەنی شێوازی خۆیانن- چەند شاعیرێکی وەکو فەخرەدین عێراقی و سەیفەدین فرغانی و سەلمانی ساوجی خاجو (خواجو) کرمانی،نموونەی ئەو شاعیرانەن کە هەر یەکەیان لە ڕووانگەیەکەوە هەوڵیان داوە بۆ پێش خستنی هۆنراوەی ئەو کاتە ))[٦٨]، سیمایەکی دیارو بەرچاوی ئەو قۆناغە ئەوەیە، کە (( شاعیرە گەورەکانی سەردەمی مەغۆلەکان بە جۆرێک هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە، کە وەکو سەردەمانی پێشو بایەخیان نەداوە بە ستایشکردن و پیاهەڵدانی پاشاکان و گەورە پیاوان و وەزیرەکان ))[٦٩].

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو شاعیرانە شارەزایی و لێهاتووەیەکی باشیان هەیە لە ئەدەبیاتی فارسیدا، کە (( ڕێگا و شێوازەکانی هۆنراوەی فارسی بە جوانی دەناسی و لەگەڵ هۆنەرە گەورەکانی پێشتر خۆیان گونجاندووە و خویان گرتووە، بە سود وەرکرتن لە ئەزمونی شاعیرانی پێشو ئەزمونی هۆنراوەی خۆیان گەشە پێداوە و بە زانایی و ژیری لە سەر ژێرخان و بنیاتی قسەی ئەوان کۆشکی قسەی خۆیانیان هەڵچنیوە ))[٧٠]. بەڵام لێرە بە دواوە شاعیرانی سەبکی عێراقی بنەما کۆنەکانی شیعری فارسیان پشگوێ خستووە بۆ چەسپاندنی شێوازە تازەکەیان و بایەخدان بە تایبەتمەندیەکانی، کە لە سەر کۆمەڵێک بنەمای تازە شیعریان هۆنیوەتەوە و ئەو بنەمایانەش بوون بە سیمای جیاکەرەوەی شیعری ئەم سەبکە .

---

٦٦ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢ .

٦٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢

٦٨ دکتر محمد غلامرچایی، سبک شناسی شعر پارسی از رودکی تا شاملو، ل ١٤٥.

٦٩ دکتر محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

٧٠ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

### ١. ٥. خاڵە جیاکەرەوەکانی سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی:

ئەم پێوەر و بنەما تازانەی، کەلە پاڵ سەبکی عێراقی سەریان هەڵداوە و بوونەتە سیمای دیاری ئەو سەبکە و خاڵی جیاوازی سەبکی قۆناغی پێشتر، کە سەبکی خۆراسانیە، لە چەند خاڵێکدا ڕوونیان دەکەینەوە، کە بریتین لە:-

١. باسکردن و پیاهەڵدانی عەقڵ لە سەبکی خۆراسانیدا باو بوو . بەڵام لە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەبکی عێراقیدا پیاهەڵدانی عەشق و دڵداری گەشەی کردوو[٧١] .

٢. لە سەبکی خۆراسانی لە پیاهەڵداندا میانڕەو بوون، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا زندەڕۆییان کردووە لە پیاهەڵداندا[٧٢].

٣. لە سەبکی خۆراسانیدا عرفان نە بووە، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا عیرفان سیمایەکی دیار بووە[٧٣]

٤. لە سەبکی خۆراسانیدا بیری قارەمانی باڵا دەست بووە، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا بیری غینایی (لیریک) جێگای گرتەوە[٧٤].

٥. لە سەبکی خۆراسانیدا خۆشی و شادی لە شیعرەکانیاندا هەبووە. بەڵام لە سەبکی عێراقیدا غەم ڕەنگی داوەتەوە[٧٥].

٦. لە شیعرەکانی سەبکی خۆراسانیدا زیاتر باس لە بەیەک گەیشتن کراوە، بەڵام شیعرەکانی سەردەمی سەبکی عێراقی بە زۆری لە فراق و دووری دواوون[٧٦].

---

٧١ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨ .

٧٢ گوهر رستمی نژا، مقایسه می و معشوق در سبک خراسانی و عراق، مقدمه میر جلال الدین کزازی، نشر شاپور خواسن، ١٣٨٨، ل ٣ .

٧٣ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨ .

٧٤ گوهر رستمی نژا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

٧٥ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، ل ٢٤٨ .

٧٦ گوهر رستمی نژا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .

**٧. له سەبکی خۆراسانیدا زانست هیچ گرنگیەکی نە بووە، له سەبکی عێراقیدا زانست له شیعرەکانیاندا دەرکەوتووە و گرنگی پێدراوە[٧٧] .**

**٨. له سەبکی خۆراسانیدا شیعرەکانیان گیانێکی باڵا و بەڵند و شکۆمەندی و خۆ پەرستی تێدا بەدیٚ دەکرێت، بەڵام له سەبکی عێراقیدا گیانێکی نزم و خۆ بەکەم زانین له شیعرەکانیاندا دەبینرێت[٧٨].**

**٩. له سەبکی خۆراسانیدا مەعشوق له پله و پایەیەکی نزمدایە، بەڵام له سەبکی عێراقیدا مەعشوق خاوەنی پاێەیەکی بەرزە[٧٩].**

**١٠. له سەبکی خۆراسانیدا گرنگیان به بابەتی قارەمانێتی داوە، له سەبکی عێراقیدا گرنگیان به دین و زانستە ئیسلامییەکان داوە[٨٠].**

**١١. له سەبکی خۆراسانیدا گرنگی به راستی و واقیع دراوە، بەڵام له سەبکی عێراقیدا گرنگی به بیر و ئایدیا دراوە[٨١].**

**١٢. له سەبکی خۆراسانیدا ئیرادە و باوەڕ به هەڵبژاردن بەدی دەکرێت، له سەبکی عێراقیدا بیٚ ئیرادەیی باوە و باوەڕیان به قەزا و قەدەرە[٨٢].**

**١٣. له سەبکی خۆراسانیدا بایەخیان به لایەنی دوونیایی داوە، بەڵام له سەبکی عێراقیدا بایەخیان به جیهانی ناوەوە و بابەتی ڕۆحی داوە[٨٣].**

**بەهۆی ئەو جیاوازیانەی کە له سەرەوە باسمان کرد دەکریٚ بڵێین: سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی جیاوازیەکی یەکجار زۆریان هەیە، ئەمەش به هۆی گۆڕانکاری سیاسی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و**

٧٧ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨ .

٧٨ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨ .

٧٩ گوهر رستمی نژا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠ .

٨٠ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨ .

٨١ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨ .

٨٢ گوهر رستمی نژا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .

٨٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .

چەندین لایەنی تر جگە لە گۆڕانکاری دروست بێت بێگومان ئەمەش بە هۆی لایەنی هزری و کەسایەتییە مەزنەکان، و هەروەها لەو ڕێگەوە زیاتر توانیویانە هەستی نەتەوایەتی خەم و نەهامەتی و کێشەکانیان بخەنەڕوو بە شێوەیەکی تر دەریان ببڕن و چارەیان بکەن، هەرلەلایەنی بیرو ئایدیاو عەشق و خۆشەویستی و ئایین بیگرە تالایەنی نیشتمان پەروەری و قارەمانێتی بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازی دەبینرێت لە نێوان سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی کە دەکرێ بڵێین تەواو پێچەوانەی یەکترن، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەرسەردەمە و بە شێوازی خۆی جوانەو دەگونجێت، بێگومان کە بار و دۆخ سەردەم و قۆناغ بەرەو پێش چوون و گوڕانکاریان بە سەرداهات پێویستە شێوازەکانیش بگۆردرێن و لە بەرگە کۆنەکەدا ببڕێن و بەرگێکی نوێیان بە بەردا بکرێت، چونکە ئیتر بەشێوازە کۆنەکەیانەوە ناتوانرێت سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت و، ئامانجە گەورە و تازەکان بە هەوڵەکانی ڕابردوو نایەنەدی و بەرەوپێش ناچێ، ئەمەش بەو واتایەنا کەشێوازە کۆنەکە بە تەواوی لە ناو بەرین و پێش گوێی بخەین، چۆنکە هەموو نوێیەک بریتیە لە کۆنێکی دەسکاری کراو یاخود هەر قاڵبە کۆنەکەیە بەشێوازێکی نوێ وبە سوود ببینین لە ڕابردوودا هاتوویەکی جوان بونیاد دەنرێ، بێگومان بە بناغەیەکی بتەووەوە دەکرێ جوانترین ئایندە دروست بکرێت.

### ١.٦. تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی:

سەبکی عێراقی بۆ ماوەی سێ سەدە ساڵ بەردەوامی هەبووە و لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە بۆ سەرەتای سەدەی دەیەم باڵی کێشابوو بە سەر سەرجەم بەرهەمی شیعری و ئەدەبی زمانی فارسیدا، هەروەها لە سەردەمی مەغولەکان و ئیلخانیەکانی مەغۆل، هەمووی شێوازی ئەدەبی فارسی بووە.

لەم قۆناغە ئەدەبیەدا شاعیران و ئەدیبان و لێکۆڵەرانی شیعر و ئەدەبی فارسی بنەما و تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە سێ روانگەی جیاوازەوە باس دەکەن :-

**١. ٦. ١.تایبەتمەندی زمانی:**

زمان یەکەم هۆکاری لەیەک گەیشتنە، کە تاکەکان بۆ لە یەک گەیشتن و گۆڕینەوەی بیرو ڕا بەکاری دەهێنن و هەست و سۆزی خۆیانی پێ دەردەبڕن، کە ئەمە بەخشێکە جیاواز لە هەموو بوونەرانی تر بەخشراوەتە مرۆڤ بێگومان هەر شوێن و قۆناغ و کەس و سەردەمێکیش خاوەنی زمانی خۆیەتی و پێکدێت لە چەند تایبەتمەندیەک، بەمەش لە یەک جیا دەکرێتەوە، کە سەبکی عێراقی لەگەڵ هەڵومەرجێکی نوێ و قۆناغ و سەردەمێکی نوێ سەری هەڵداوە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و بەو تایبەتمەندیانە لە سەردەمەکانی تر جیا دەکریتەوە.

کاریگەری ئەو قۆناغە نوێیە وای کردووە کە کۆنترین و یەکەمین تایبەتمەندی زمانی سەبکی عێراقی بریتی بێت لە:

**١. ٦. ١. ١. تێکەڵکردنی دیالێکتی زمانی ناوەراست و باکوری ئێران و زمانی عەرەبی کە لەم سنورەدا بەکار دەهێنرا جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ زمانی شیعری سەبکی خۆراسانی دروستکردووە[٨٤].**

کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر زمانی فارسیدا هاتووە، (( لێکدانی وشەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی خاقانی شێروانی (٥٩٥ ک) و نیزامی گەنجەوی (٥٣٠ - ٦١٩) ک، ڕەنگی داوەتەوە ))[٨٥]، و هۆکاری ئەوەی کە (( تێکەڵاوکردنی تایبەتمەندییە کۆن و نوێیەکانی زمانی فارسی لە کونترین شیعری هەر شاعیرێکی ئەم سەبکەدا بەدی دەکرێت ))[٨٦]. ئەمەیە کە زمانی سەبکی عێراقی زمانێکی تێکەڵە و لە وشەی دیالێکت و شێوەزاری ناوچە جیاوازەکانی ئێران پێکهاتووە، کە وا تە زمانی ئەم قۆناغە شێوازێکی نوێی بەرجەستە کردووە لە واژەو وشەی سەردەمی کۆن و نوێ و ناوچە جیاوازەکان.

٨٤ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ .

٨٥ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ .

٨٦ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧ .

**١. ٦. ١. ٢. زۆر بەکارهێنانی وشەی عەرەبی[87].** ئەمەش لە ئەنجامی (( کرانەوەی دەرگای زمانی شیعر و ئەدەب بە گشتی بە ڕوی وشە و زاراوەکانی زمانی عەرەبی و دروستبوونی زمانێکی تێکەڵ کە پێشتر هاوشێوەی نەبووە لە زمانی فارسیدا ))[88]. ئەم هۆکارە سەرەکییەی کە بووەتە هۆی فراوانبوونی لە ڕادەبەدەری زمانی عەرەبی لە شیعری ئەم سەبکەدا، بریتیە لە ئاین، کە ((گرنگترین ڕۆڵی هەبوو لە بڵاو بوونەوەی زمانی عەرەبی و پاشتر بووە بە زمانی خوێندن و ڕووناکبیری و لە ڕێگەیەوە ئاین و زانستە ئیسلامییەکان بە نێو نەتەوە موسڵمان بووەکاندا بڵاوکرایەوە بۆیە دەبینین لە سەبکی عێراقی بە دواوە وشە و زاراوەکانی زانستە ئیسلامییەکان بە نێو شیعر و ئەدەبیشدا بڵاو دەبنەوە ))[89]. بۆیە ئەگەر تێبینی بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە (( وشەی عەرەبی لە هۆنراوەی شاعیرانی ئەم قۆناغەدا زۆر فراوانە ))[90].

جگە لەوەی کە گرنگی دانی زۆری شاعیران بە زمانی عەرەبی تەنیا لە ئاستی و شە نەوەستاوە، بگرە ((دێرو مەسرەعە(مصارعها) عەرەبییەکان لە ناو دیوانەکان (منقوم) زۆر فراوانە. حافز و سەعدی هەردوو هۆنراوەی ڕەنگا و ڕەنگیان هەیە ))[91]. هەروەها بابەتی عیرفان بە هۆی ئەوەی یەکێکەلە تایبەتمەندییە هزرییەکانی سەبکی عێراقی و شاعیرانی ئەم سەبکە شیعرێکی زۆریان لەم قاڵبە دا داڕشتووە، وئایینی ئیسلام سەرچاوەی بابەتی عیرفانە و عەرەبیش زمانی ئایینی ئیسلامە، بۆیە (( بەکارهێنانی وشە و زاراوەی عەرەبی دەبێتە تایبەتمەندییەکی شیعر و پەخشانی سەبکی عێراقی و لەم زاراوانە دەتوانین ئاماژە بە زاراوە و بابەتی عیرفانی بدەین کە دەبێتە بەشێکی گەورەی سەبکی عێراقی کە بابەتی عیرفانی و سۆفیگەری تێدا دەگاتە لوتکە ))[92]. کە واتە هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی تر کە ڕۆڵی هەبووە لە بەر بڵاوی وشە و زاراوە عەرەبیەکان لە ناو ئەدەبی ئەم سەردەم و قۆناغەدا بریتیە: لە ((یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی

---

٨٧ حسن امین، دانشنامه شعر، انتشارات دایره المعارف ایران شناسی، تهران، ١٣٨٧، ل ٢٦٧ .

٨٨ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥ .

٨٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١ .

٩٠ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ .

٩١ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ .

٩٢ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١ .

سەبکی عێراقی، بریتیە لە گرنگیدان بە عیرفان و تەسەوف و ڕەنگدانەوەیان لەنێو شیعردا، و ئەم گرنگیدان و ڕەنگدانەوە کاریگەری لە سەر زمانی شیعر دروستکردووە ))[٩٣].

زاڵبوون و هزری عیرفانی و گرنگیدانی لە ڕادەبەدەری شاعیرانی عارف بەدەستەواژە و وشەی زاراوە عەرەبیەکان، کە بە هۆی ئەم دەستەواژە عەرەبیانەوە ئامانجە شیعریەکەیان بەدەست دەهێنا، بووەتە هۆی ئەوەی کە، شاعیرێکی عاریفی وەکو ((مەولەوی لە مەسنەویەکانیدا جار و بار وشە فارسییەکانی لە وشە عەرەبیەکانی زۆرترە، چونکە دێرێک یان چەند دێرێکی مەسنەویەکانی خۆی بە عەرەبی هۆنیوەتەوە و لە دیوانەکەی خۆیدا چەند غەزەلێکی بە شێوەی تازەی (زمانی عەرەبی) داڕشتووە ))[٩٤].

کەواتە سەبکی عێراقی بە هۆی کاریگەری قۆناغە نوێیەکە و لایەنی عیرفانی ڕێگەی خۆشکرد، کە لەو سەردەمەدا بایەخی پەیداکرد بوو و بووە هۆی پەیدابوونی وشە و دەستەواژەیەکی زیادی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمان و شیعر و ئەدەبی فارسی.

**١. ٦. ١. ٣. گۆڕانی زمانی زبری سەبکی خۆراسانی بۆ زمانی نەرم و نیانی سەبکی عێراقی ،** لەگەڵ ئەوەدا کە (( دەگونجێت ئەم ئاڵ و گۆڕە ئاکامی گۆڕانی سرووشتی زمان بێت، بەڵام باو بوونی عیرفان و زاڵ بوونی دیاریدە دەروونییەکان و بایەخدان بە هەستەکانی دڵ بێ گومان کاریگەرییەکی گرنگی لە سەر نەرم و نیانی زمانی هۆنراوە هەبووە ))[٩٥]، و بە هۆی ئەوەی کە ڕوانگەی ئەو دۆخە تازەی هاتبووە ئاراوە ((ئەم زمانە بۆ گوزارشت و دەربڕینی جۆرا و جۆر گونجاو ترە ))[٩٦]. بۆیە ئەم گۆڕانەی زمان بەشێوەیەک بووە تەنها لە کاریگەری نەکردووەتە سەر غەزەل، بەڵکو (( نەرم و نیانی زمانی غەزەلەکان وایکردووە کارگەری هەبێت لە سەر قاڵبەکانی تری داڕشتنی هۆنراوە، تەنانەت زمانی قەسیدە کەوتە ژێر کاریگەری نەرم و نیانی زمانی غەزەل ))[٩٧]. هۆکاری سەرەکی نەرم و نیانی زمانیش لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە (( بینای

---

٩٣ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١ .

٩٤ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

٩٥ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

٩٦ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣ .

٩٧ محمد غلامرچایی،، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

هۆنراوە لە سەر هەست و سۆز ڕاوەستاوە و بە ڕوون و ئاشکرایی لە کێشە و گرفتە مادی و بەرجەستەکان دوورکەوتووتەوە ))[98]. کە واتنە زمانی شیعری، (( لەم قۆناغەدا سەرەڕای نوێ بوونەوە و کەم بوونەوەی وشەی کۆن، زمانێکی سروشتی و ڕوون و بەرزە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ زمانی سەبکی خۆراسانیدا لەوەدایە کە شکۆمەندی و قارەمانی، کە بە تایبەتی لە قەسیدەدا بەکاردەهات، لەم قۆناغەدا بوونی نییە ))[99]. و لە ڕووی زمانەوە جگە لە نەرم و نیانی (( جیاوازی سەبکی عێراقی لەگەڵ سەبکی خۆراسانی زیاتر لە داڕشتنەوەی هەمان گوزارشتی وشە و پێکهاتەی زاراوەکان لەگەڵ پێکهاتەی وشە عەرەبییەکان دروست دەبێت ))[100]. و بە هۆی ئەوەی (( زمانی شیعری ئەم قۆناغە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشو تر ئێجگار تازەیە ))[101].

سەردەمی سەر هەڵدانی سەبکی عێراقی سەردەمێکی تازە بوو، سەرەڕای ئەم گۆڕانکاریە گەورەیەیەی کە بە سەر زماندا هات، (( فارسی دەری لە تەواوی سەرزەمین و دەسەڵاتی ئێرانی کۆن لە ئەم قۆناغانەدا ئاخێوەری هەبووە ))[102]. هەر بە هۆی ئەمەوە هێشتاش شوێنەواری زمانە کۆنەکە لای هەندی شاعیر دەردەکەوێت، بۆ نموونە (( مەولەوی شاعیری گەورەی ئەم قۆناغە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە تا ڕاددەیەک جیاوازە لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیدا، چونکە لە شیعری ئەودا ڕەنگدانەوەی زمانی کۆن و کاریگەری شێوازەکەی بەرچاو دەکەوێت و ڕەنگە ئەم تایبەتمەندییەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خەڵکی خۆراسانە ))[103]. و لەبەر ئەوەی کە (( تایبەتمەندییە کۆنەکان بریتین لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشە دیاریکراو بەڵام لەم سەبکەدا بەکارهێنانی ئەم وشە زۆر کەم بووەتەوە ))[104]. بۆیە وێڕای بەکارهێنانی وشەی زمانە کۆنەکە لەم

٩٨ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

٩٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

١٠٠ محمود درگاهی، جایگاه معنی در سبک شناسی شعر فارسی، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز، سال ٤٧، زمستان ١٣٨٣٥، شماره مسلسل، ل ٣٧ .

١٠١ محمد غلامرچایی،، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ .

١٠٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ .

١٠٣ سەرچاوەی پێشوو. ل ١٤٧ .

١٠٤ سبک شناسی شعر، ل٢٤٦ .

سەردەمەدا، بەڵام (( یەک ڕەنگی زمان سروشتێکی ئاشکرا و جێگیرە ))[١٠٥] . هەرچەندە زمانی سەبکی عێراقی لە سەر بنچینەی زمانی کۆنی  سەبکی خۆراسانی بونیاد نراوە، بەڵام (( زۆربەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی سەردەمی کۆنی لە دەستداوە ))[١٠٦]. ئینجا پێویستە (( لە زمانی سەبکی عێراقیدا شێوازناس سەرنجی تایبەتمەندییە نوێیەکان بدات و کار لە سەر ئەو تایبەتمەندییە نوێیانە بکات، نەک تایبەتمەندییە سەبکی خۆراسانی کە بە گۆڕانی ئەم شێوازە باو بووە ))[١٠٧]. لە بەر ئەوەی هەر لەگەڵ نەمان و لاواز بوونی تایبەتمەندییەکانی زمانی کۆنە کە گۆڕانکاری بە سەر زمانی شیعردا هات و شێوازێکی تایبەتی وەرگرت، بۆیە (( دەتوانین بڵێین زمانی سەبکی عێراقی لە نێوان زمانی دێرین و کۆنی خۆراسانی و زمانی نوێی سەبکی هیندی دایە ))[١٠٨].

ئەگەر سەرنجی ئەو واتا تازانە بدەین کە لەو قۆناغەدا بە وشە و دەستەواژەکانیان بەخشیوە، دەبینین ((لەم قۆناغەدا ( یەکی) بە واتای کەسێک بەکار هاتووە، مامۆستا بەهار دەڵێ ئەم وشەیە تازەیە و لە شیعر و لە پەخشاندا بەکار هاتووە، بەڵام لە پەخشانی کۆندا هاو واتای نەبینراوە و لە لای پێشینان ئەم وشەیان بە بێ جیاوازی بۆ کەسێک و پیاوێک وەکو یەک بە کار هێناوە ))[١٠٩]. هەروەها مامۆستا بەهار ڕەخنە لە دێڕە شیعرەی ( ئەدیب نەیشابوری) دەگرێت کە دەڵێ (( (حسرت زلف سیاهی در جوانی کردەپیرم) هیوایەتی پرچی ڕەشی بە گەنجی پیری کردم. دەڵێ دەبوو نەیشابوری بڵێ: (خولیا و هیوایەتی پرچی ڕەش لە قۆناغی گەنجیدا پیری کردم، لە بەر ئەوەی پرچی ڕەش واتای دوو لایەنەی هەیە کە بە واتای پرچی پیاو یاخود ژنی ڕەش دێت) ))[١١٠].

---

١٠٥  محمد غلامرچایی،، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

١٠٦  سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦ .

١٠٧  سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦ .

١٠٨  سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦ .

١٠٩  سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦ – ٢٤٧ .

١١٠  سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧ .

هەر بە هۆی ئەمەوە هاوکات لەگەڵ گۆڕانی سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی وشەکان واتای تازەیان پێ بەخشراوە .

**١. ٦. ١. ٤. تایبەتمەندیەکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی، بەکارهێنانی وشەی تورکی لە نێو زمان و ئەدەبی فارسیدا.**

بە هۆی هاتنی سەلجوقییەکان ومانەوەیان لە ئێران زۆر وشەی تورکی هاتە ناو زمان و هەڵبەستی فارسییەوە، ئەوەش لە سەردەمی شەشەم بوو. لە تەواو بوونی ئەوەش (( پاش سەدەی حەوتەم بەکارهێنانی وشەیەکی تورکی زۆر بە هۆی هێرشی مەغۆلەکان لە زمانی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە))[١١١]. چونکە مەغۆلەکان تورک بوون، لەبەر ئەوە بەردەوام (( لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکانیشدا کۆمەڵێن وشە و زاراوەی زمانی تورکی هاتنە نێو زمانی فارسی و لە وێشەوە گواسترانەوە بۆ نێو زمانی شیعری و ئەدەبی سەبکی عێراقی گەرچی ئەمە بە بەراورد لەگەڵ وشە و زاراوەکانی زمانی عەرەبی ڕێژەکەی زۆر کەمترە ))[١١٢]. مەغۆلەکان کاتێک هێرشیان کردە سەر ئێران، خۆیان دەسەڵاتی ئەو وواڵتەیان گرتە دەست و بەڕێوەیان برد، کە لەبەر (( بێسەر و بەرەیی و بەرەڵڵایی ئیدارەی کۆن و زاڵبوونی ڕێکخراو و ئیدارەی تورکەکان، وشەی تورکی هاتووەتە ناو زمانی فارسی ))[١١٣]. لەو کاتەدا کۆمەڵێک وشەی تورکی زۆر لە زمان و ئەدەبی فارسیدا بەکار هاتوون، بۆ نموونە ئەم ووشانە (( ارمغان، اياغ، پرچم، سوغات، کوچ، اقچە، قراول، ياسا، ايل، بگ و دەيان وشەی تر لەم شێوەیە ))[١١٤].

لەبەر ئەوەی سەبکی عێراقی بە هۆ ئەو قۆناغەی سەری تێدا هەڵدا و باڵادەستی مەغۆلەکان و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ئیداری ئێران لە لایەن ئەوانەوە، بەردەوام زمانی عەرەبی دەرگای وڵاکرد بۆ هاتنە ناوەوەی وشە و زاراوەی تورکیش.

---

١١١ ميمنت صادقى، واژ نامه هنر شاعرى، ل ١٥٣.

١١٢ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١ .

١١٣ محمد غلامرچايى، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨ .

١١٤ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧ .

**١. ٦. ٢. تایبەتمەندی هزری :**

بێگومان ئەدەب ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاریەکانی بیری کۆمەڵگەیە، کە واتە هزر هێزی ئاراستە کەری هەموو کایەکانی تری کۆمەڵگە و لایەنەجۆراوجۆرەکانی دنیای ئەدەبە، وشیعری سەبکی عێراقی وێنە نمای ئێرانی سەردەمی خۆیەتی، تایبەتمەندیەکی هزری هەرە دیارەی شیعری سەبکی عێراقی، بریتیە لە:

**١. ٦. ٢. ١. ئاوێتە بوونی هزری عیرفانی و تەسەوف لەگەڵ دنیای شیعر و ئەدەب، بڵاو بوونەوە و ڕنگدانەوەی هزر و کلتور و زاراوەکانی عیرفان و تەسەوف لە نێو شیعر و ئەدەبدا[١١٥].**

سەرەتای ئەوەی پەیوەندی نێوان شیعر و عیرفان دێرین ترە و دەگوترێت : (( پەیوەندی نێوان شیعر و عیرفان لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە شیعری عەروزی هاتە ناو ئەدەبی فارسییەوە، پێدەچێت کە عارف و سۆفییەکانی فارس ئاشنای شیعری عیرفانی عەرەب بووین بۆیە دەتوانین ئەو شاعیرانە بە پێشەنگی شیعری عیرفانی فارسی دابنیین ))[١١٦]. عیرفان بەو ڕەگ و ڕیشەی کۆنەی کە هەی بووە، (( لەسەدەی سێیەمی کۆچییەوە کاریگەری هەمووە بە سەر شیعر و پەخشانی فارسیدا، لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی بوو کە فکر و بیری عیرفان، نەمامی ئەندێشە و بیری شاعیرانی پێگەیاند و بووە هۆی ئەوەی کە عەشق و سەرخۆشی، ڕەنگ و بۆنی عیرفانی بە خۆوە بگرێت ))[١١٧]. چونکە ((سۆفیەکان و عارفەکان لە کۆنەوە، خەڵکیان بە ئەخلاق و شێوازی خۆیان سەرسام دەکرد، عاشقی قسەی خۆشیان دەکردن و لە پەنای کەسایەتی ئەخلاقی عیرفانی خۆیان، کەسایەتییەکی ئەدەبیشیان بە دەست هێنابوو))[١١٨].

باڵادەست بوونی سۆفی و عاریفەکان لە کۆمەڵگەدا، (لایەنگرانی شیعر و ئەدەبیان ناچار کردبوو کە شیعرەکانیان و هەروەها وتەکانیشیان بە ئەدەب بزانن و بۆ کۆکردنەوەی شیعر و وتەکانیان هەول بدەن و

---

١١٥ سیروان جەبار ئەمین ( زەند )، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢ .

١١٦ سید محمد ڕاستگۆ، عیرفان درغزل فارسی، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ اول، تهران ١٣٨٣، ل ٤٨.

١١٧ مریم زیبایی نژاد، نگرشی برتحول بنیاتی تعبیرات و اصگلاحات استعار ی، سبک خۆراسانی به سبک عراقی، نجف جوکار، نشریه علمی پژوهشی گوهر گویا، سال دوم، شماره هفت ، پاییز ١٣٨٧، ل ٤٥ .

١١٨ سید محمد ڕستگۆ، سەرچاوەی پێشوو. ل ٤٢ .

بەم پێیە لێکۆڵەرانی ئەدەب وەکو )جاحز و ئیبنی قوتەیبە (( کتێبەکانی خۆیان بە وتەکانی ئەوان ڕازاندۆتەوە))[119]. بەهۆی ئەو بارە تایبەتییەی کە هزری ئەدەبی لەو قۆناغەدا هێناو بوویە ئاراوە، (( شیعر و عیرفان پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە لە سەبکی عێراقیدا، چونکە قاڵبی زاڵی ئەدەب غەزەلە و غزەلیش بۆ دەربڕینی خۆشەویستی حەقیقی یان مەجازییە و باشترین قاڵبە بۆ باسکردن و دەربڕینی حاڵەتی عاشقانە ))[120]. بێگومان ئەگەر بە ووردی ئاماژە بە سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی عیرفان بکەین لە زمانی فارسیدا ئەوا، (( بازنەی شیعری عیرفانی فارسی لە سەنایی دەست پێدەکات و دەگاتە حافز و لوتکەی لە لای مەولانای ڕۆمییە و لەم نێوەندەدا چەندین شاعیری عارف، شاکاری ئەدەبی و عیرفانیان پێشکەشی ئەدەبی فارسی کردووە ))[121]. سەردەمی مەغۆلەکان هاوکاتە لەگەڵ سەردەم و قۆناغی پەیدابوون و گەشەی سەبکی عێراقی، و لەبەر ئەوەی وەکو تایبەتمەندیەکی دینی و عیرفانی ئەو سەردەمە، (( زۆربەی شاعیرەکانی سەبکی عێراقی ئاماژەیان بە خەرقە پۆشی و مەندیل کردووە ))[122]. هەر بۆیە (( سەردەمی مەغۆل لە ئێراندا سەردەمی باوبوونی سۆفیگەرییە، زیاد بوونی ژمارەی خانەقاکان و خانەقا نشینی و سیستەمی خانەقایی لە نێو سۆفییەکاندا، لە دیاردەکانی ئەم سەردەمەیە، خەڵکی بەگشتی سەردانی خانەقاکان دەکەن و لە مەجلسی باس و پەندی سۆفییەکاندا ئامادە دەبن ))[123]. لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین شاعیرێکی وەکو (( مەولەوی کە بە ڕابەرێکی سەبکی عێراقی دادەنرێت هەشتا و پێنج جار لە کتابی )) کلیات دیوان غزلیات شمس(( دا، ئاماژەی بە خەرقە جۆرا و جۆرەکان کردووە ))[124].

کە واتە لەم قۆناغەدا نەک تەنها بیری عیرفانی کراوەتە سەرچاوە و کەرەستەی شیعری، بەڵکو شکڵ و شێوە و پۆشاکی عاریف خواناسەکانیشی تێدا بەدی کراوە.

---

١١٩ سید محمد ڕستگۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

١٢٠ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

١٢١ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

١٢٢ مهری پاکزاد، تطبیق مبانی فکری شعر دوره های خراسانی و عراقی با توجه به استفاده از خرقه و دستار، فصلنامه تخصصی سبک شناسي نظم و نپر فارسی (( بهار ادب)) ، علمی پژوهشی، سال پنجم شماره دوم، تابستان ١٣٩١، ل ٨١.

١٢٣ سید محمد راستگۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

١٢٤ مهری پاگزاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢ .

شاعیرانی مەترسیان بەدی دەکرد لە باسکردنی ئەو گێرۆ گرفتی و کێشانەی، کە لە ئەنجامی هێرشی مەغولەکانەوە ڕوو بە ڕووی کۆمەڵگەی ئێران ببووەوە، بەهۆی ئەو بارە نالە بارەی کە لە ئێرانا خوڵقێنرابوو بۆ خۆ بە دوور گردن لە لایەنی سیاسیەکانی عیرفان (( زۆر باودەبێت لەم قۆناغەدا شاعیرانی بە ناوبانگی ئەم سەبکە ئەدەبییە یان عارفن و شیعری عیرفانییان هەیە یاخود نیگایەکی عارفانەیان هەیە لە پاڵ شیعری عاشقانەیاندا، ئەمەش بۆ پەیوەندی نێوان شیعر و عیرفان دەگەڕێتەوە کە بارو دۆخی ئەو سەردەمە ئەم پەیوەندییە پتەوتر دەکات ))[١٢٥]. لە لایەکی تر (( شیعر و ئەدەبیش ڕەنگ و ڕوویەکی عیرفانی و تەسەوفی لە خۆ دەگرن و جگە لەو شاعیرانەی کە بۆ خۆیان لە بنەڕەتدا سەر بەم جیهان بینیەن و بەرهەمەکانیشیان هەر لە خزمەتی ئەم جیهان بینییەدایە ))[١٢٦].

هەر بۆ یە عیرفان سایەی خۆی دەخاتە سەر تێکڕای بەرهەم و بابەتە ئەدەبیەکان و شاعیرانی ئەوکات هەر وەکو عاریفێکی دەردەکەوتن، بێگومان دەرهاوێتەی زاڵ و دیاری ئەم قۆناغە بریتیە لە عیرفان، (( کە لەگەڵ خۆیدا بابەتی نوێی هێنایە ئاراوە وەکو پێشخستنی ناوەڕۆک بەسەر فۆرمدا ))[١٢٧]. ئەمەش وای کردووە غەزەل و عیرفان هەر وەکو دوالیزمێکی ئەم قۆناغە بێنە بەر چاو، لەبەر ئەمە یە (( عیرفان لە سەدەی شەشەم و حەوتەم لە قاڵبی غەزەلدا خۆی زیاتر دەنوێنی ))[١٢٨]. هەروەها (( غەزەلی عاشقانە و عارفانەش لە سەدەی حەفتەم بەردەوام بوو کە سەدەی هێرشی مەغۆل و زاڵبوونی مەغۆلەکانە بە سەر ئێراندا ))[١٢٩].

لە بەر ئەوەی قاڵبی غەزەل لە بارە بۆ دەرخستن و دەربڕینی کرۆکی عاریفانەیە عاشیقانە.

لە سەردەمی سەبکی عێراقیدا سەرەڕای غەزەل، (( قاڵبی تریش هەبوون کە پێشتر و تا ئەو کاتەش شاعیران زیاتر شیعری عیرفانیان لەو قاڵبەدا دەهۆنییەوە و ئەویش قاڵبی )) تەرانە و چارانە(( یە، کە هەمان چوارینەیە ))[١٣٠]. کەواتە دەکرێ بڵێین تائەوکاتە چوارین قاڵبی هەرەدیاری دەربڕینی عیرفان چوارین بووە،

---

١٢٥ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧ .

١٢٦ د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەحویدا، ل ٨٢.

١٢٧ سیروس شمیسا، نقد أدبی، چاپ چهارم، تهران فردوس، ١٣٧٨، ل ٩٨.

١٢٨ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

١٢٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

١٣٠ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

لەبەر ئەوەی (( تاکۆتایی سەردەمی پێنجەمی کۆچی و پاشی ئەوەش، سۆفییەکان لە نێو قاڵبەکانی شیعری فارسیدا، زیاتر لە هەموویان بایەخیان بە چوارینە دەدا و لە دەرس و بەزمی خۆیان بە چوارینە شیعریان دەگوت و لە ( سماع و جد ) دا، کاتی خۆشیان پێ ڕادەبوارد ))[131]. هەروەها (( مەیلی سۆفیەکان بۆ چوارینە و تەرانە لە سەدەکانی شەشەم و حەوتیش کە ڕۆژگاری قاڵبی غەزەلە، هێشتا بەردەوامە و شاعیرانی وەکو سەنایی و عەتار و مەولانا، کۆمەڵێک چوارینەیان هەیە ))[132].

لەبەر ئەوەی قاڵبی چوارینە پێشینەیەکی بەر فراوان و دوو رودرێردی هەیە لە خزمەتکردنی بابەتی عیرفانی لە وێژەی فارسیدا.

زۆر جار گۆڕانی قاڵبی شیعری کاردەکاتە سەر گۆڕانی ناوەڕۆکی و هزری ئەدەبی، هەرچەندە گۆڕانی قاڵبی شیعری شتێکی نوێی نییە و هەر سەردەم و قۆناغێکی تازە قاڵبێکی شیعری باڵادەست دەکات و قاڵبێکی شیعری بێ ڕەواج دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆیە لەم قۆناغەدا (( بە گۆڕانی قاڵبی شیعری لە قەسیدەوە بۆ غەزەل، گۆڕان بە سەر بابەتە شیعرەکانیشدا هات و کاریگەرییەکەی بە سەر شیعر و ئەدەبی فارسیدا تا وەکو ئێستەش بەردەوامە ))[133]. ئەم بابەتانەی ناوەڕۆک وبیری عیرفانی بریتی بوو لە (( دەرکەوتن (تجلی) وهەوڵ و ڕێکێشانی عیرفانی و (مرغ باغ ملکوت) )). ئەوەی کە جیاوازی خستۆتە نێوان شاعیرانی عاریفی سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی، ئەوەیە کە لە شیعری ئەم قۆناغەدا هەست و سۆزی بە شێوەیەکی بەر بڵاو بەرەو پێشکەوتن چوون، بۆیە واهەست دەکرێت (( شیعریش لە بنەڕەتدا پێگەیەکی نییە جگە لە لوتکەی هەست و سۆزی و بەرزبونەوەی ڕەفتار و ناسکی زەوق و بیرتیژی و ئاسۆی نیگا و پشکوتنی هەست لێرەوەیە کە ئەوانەی لەگەڵ ئەزمونی عیرفانی و سۆفییانە سازگار و هاورێ بوون، هونەرمەند و شاعیریش بوون ))[134]. ڕێڕای ئەوەی (( شاعیرانی ناعاریف لە هەر دوو سەبکی خۆراسانی و

---

١٣١ محمد غلام رضایي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

١٣٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

١٣٣ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

١٣٤ محمد ڕاسگۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١- ٤٢.

عێراقیدا وەکو یەک نەبوون و گۆڕانکارییەکی سەبکی بە سەر شیکردنەوەی دەستواژەکان کە شاعیرانی عاریف بە کاریان هێناوە ))[135].

داهێنان و پێشکەوتنی شاعیرانی لە عیرفانی ئەم قۆناغەدا وایکردووە ((عیرفان لە سەبکی عێراقیدا بگاتە لوتکە و ئەم پەیوەندییەش بەردەوام دەبێت و ناپچڕێت تەنانەت لە سەبکەکانی تریشدا، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا بە دەرکەتنی چەندین شاعیری عارف ، غەزەلی عیرفانی لە لوتکەی سەبکی عێراقیدا دەدرەوشێتەوە ))[136]. ئەمە جگە لەوەی شاعیران بە گوێرەی ویست و توانای خۆیان وشە و زاراوەی جۆراو جۆریان بەکار هێناوە، و بەهۆی ((ویستی شاعیران بۆ بە کار هێنانی زاراوەی زانستی و هونەری و ئاینەکانی قورئان و چیرۆک ئەفسانەییە مەزهەبییەکان وایکردووە تێگەیشتن لە شیعرەکانیان....... نقورس بێت))[137]. کە شاعیرە عیرفانییەکان بە هۆی عیرفانەوە زمانێکی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەبووە، بۆیە (( هەندی لە دیدار وەرگرتن و ئەزمون و هەستە شیرین و دڵڕفێنەکانی خۆیان بە زمانی شیعر و هونەر دەردەبڕی، زمانێک کە بۆ دەربڕینی دوونیای دەروون و حاڵاتی عیرفانی لە هەر زمانێکی تر بە توانا تر و پر بەهاترە))[138].

بۆ نموونە شاعیرێکی عیرفانی وەکو (( عەتاری نەیشابوری (٦٢٧) کۆچی بە زۆری شیعرەکانی سۆفیانەیە، زۆرینەی زاراوەکانی عیرفانی وەکو: مەیخانە و پیری موغان و خەرابات و تەرسابەچە کە دواتر لە شیعری شاعیرانێکی وەکو حافز و عەتار دا دەردەکەوێت ))[139]. هەروەها (( مەولەوی (٦٧٢ ) ، لوتکەی بەرزی غەزەلی عارفانەیە کە زیاتر غەزەلەکانی لە کۆری سەماع و لە حاڵی شوور و شەوقدا دەگوترا، هەروەها عێراقی ( ٦٨٠ )، غەزەلی هەیە و حافز چاوی لێکردووە ))[140].

حافیز، کە شاعیرێکی بە چاو و ڕابەرێکی سەبکی عێراقیە لە ساڵی ( ٧٩٢ ) ک غەزەلەکانی هەم عاشقانە و هەم عاریفانەیە نووسیوە، بۆ نموونە (( سەعدی لە ساڵی (٦٩١ ک) کۆچی دوای کردووە،

---

١٣٥ مریم زیبایی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

١٣٦ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

١٣٧ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

١٣٨ محمد ڕاستگۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١- ٤٢.

١٣٩ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

١٤٠ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

دیوانەکەی بە لوتکەی غەزەلی عاشقانە و پاڵەوانی  شیعرەکانی هەم مەعبودە و هەم مەعشوقە ))[141].

((جگە لەمانەش هەندی شاعیر هەبوو، کە غەزەل عەشق و خۆشەویستی و دڵداری و عاریفانەشیان دادەنرێت، بەڵام چاوێکیشی لە عیرفان بووە، هەرچەندە بە گشتی غەزەلی سەعدی عاشقانەیە ))[142].
هەروەها مەولەوی، کە وەکو کۆڵەکەیەکی و ڕابەرێکی سەبکی عێراقی سەیر دەکرێت، بەتێڕوانێکی عاریفانە لە سروشت و وەرزەکانی ساڵ ڕادەمێنێ، بە شێوەیەک کە (( هاتنی بەهار بە سمبولی ڕۆژی دوایی و قیامەت دەبینێ و زستان بە سمبولی مردن و جوڵەی دارەکان بە هەڵپەڕکێ و دیلان و گۆڤەند و سەمای عاریفانە دەزانێت و لەگەڵ هەندێ لە ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی خودای گەورە و ئایندا هەڵیان دەسەنگێنێ ))[143].

کە ئەم تێڕوانینە عاریفانەیەی هۆنەرانی سەبکی عێراقی وایکردووە کە خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەکانیان پێویستی بە تێڕوانینی ورد و لێکدانەوەی بێت، تا بەتەواوی لە واتا و مەبەستی خوازراوی دەستەواژە و وشەکان تێبگات، چونکە (( شاعیرانی ئەم سەبکە لە شیعرەکانیاندا گوڵ و گیا و پرچ و خاڵ و جام و بەهار و شەو و ڕۆژیان بەکار هێناوە، بەڵام ئەم ووشانەیان بە واتای گشتی و ناڕاستەو خۆ و مەجازی و پلە دوو بەکارهێناوە ))[144]. لەگەڵ ئەمەشدا بەهەمان شێوەی مەولەوی، سەعدیش لە تێڕوانینی بۆ سروشت بە شێوەیەکی عاریفانە بووە، کە (( لەپەنای سروشتدا هێز و ئافرێنەری و جوانی خودایی دەبینێ، بەو پێیە لەم جۆرە ئەدەبەدا سروشت بە تەواوی دیدی شاعیری خوڵقاندووە، ئەم دیدە جیاوازەش هۆکاری ئەوەیە شاعیری عاریف لە سۆز و ئاوازی باڵندەکاندا یاد و زیکری خودای (حق) ببێنێت ))[145]. دەکرێ بگوترێ هزری عیرفانی بە جۆرێکی پەرەی سەندبوو ئاوێنە ببوو بە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو قۆناغە. بۆیە ((هەندی کات شیعری شاعیرانێک بەر چاو دەکەون کە بە زمانێکی سۆفییانە باسیان لە بابەتگەلێکی

---

١٤١ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

١٤٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

١٤٣ محمد غلام رچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

١٤٤ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.

١٤٥ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

دنییایش کردووە و یان لە شیعری هەندێ شاعیردا جیاکردنەوەی مەعشوق لە نێوان ئاسمان و زەمیندا کارێکی زۆر دژوارە ))[146] .

هەر بەهۆی ئەمەوە دەکرێ بڵێین عیرفان لەو سەردەمەدا مەیدانێکی فراوانی دونیای هۆنراوەی کردووە موڵکی خۆی تایبەتمەندییەکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی:

١. ٦. ٢. ٢. باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر: ئەمەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە (( نەمانی توانای بەرگری ئێرانییەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی دەرەوە بۆ سەر وڵاتەکەیان و بێ کەڵک بوونی دەسەڵاتدارانی ئێران و زوڵم و ستەمیان بە سەر خەڵکی هەژاردا کە ماوەیەکی زۆری خایاند بووە هۆی ئەوەی کە بڕوایان بە قەزا و قەدەر بێت ))[147].

لە ڕوویەکی تریشەوە ڕەگدا کوتانی بیری عیرفانی بووە هۆی پتەوکردنی متمانە و باوەڕی خەڵکی بەتوانا و هێز و دەسەڵاتی خوا، هەر ئەوەش وای کرد باوەڕیان بە قەزاو قەدەر بێت.

١. ٦. ٢. ٣. دیاریدەی غەمباری: - باری نالە باری کۆمەڵگەی ئێران لەم سەردەمەدا هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی غەمباری ببێتە دیاردە، بۆیە ئەگەر سەرەنج بدەین لە (( ناوەڕۆکی شیعری ئەو کاتەدا دیارە کە شاعیران بە چ شێوەیەک دەردەدار بوون و چالاکانە گوزارشتیان لە نەهامەتییەکان کردووە ))[148]. زۆربەی شاعیرانی سەبکی عێراقی هەست نەستی ئەو کات و قۆناغەی خۆیان دەربڕیوە، بۆیە لە شیعری ئەم سەردەمەدا (( شادی و خۆشی و سەرمەستی شیعر ... بەر چاو ناکەوێت و غەم و پەژارە و ناڵە و گلەیی جێگەی دەگرێتەوە ))[149]. بەشێوەیەک دەبینی (( دیاردەی غەمباری لە زۆربەی شیعرەکانی شاعیرانی ئەم سەبکە بە جۆرێکە کە زۆرکات هەست دەکرێت دیوانی ئەم شاعیرانە لە ڕاستیدا غەم نامەی

١٤٦ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

١٤٧ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

١٤٨ محمود فچیلت، استاد بار دانشگاه رازی، استعارەای درابهام نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شیهد باهنر کرمان، دوره جدید، شعار ٦، ٧، ( پیایی ٦ ) زمستان ٧٨ و بهار، ل ٨١.

١٤٩ محمد غلامرچایی، سەبرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

خاوەنەکانیانە))[١٥٠]. ئەمەش نیشانەی بۆ هیوایی هۆنەرانی سەبکی عیراقی بە بەرانبەر بە خۆش و گیرو گرفتەکانی ئەو سەردەمە.

**١. ٦. ٢. ٤. گەڕانەوە بۆ دونیای ناوەوە و دەروون :-** لە دید و بۆ چوونی گرنگی دانی زۆربەی هۆنەرانی سەبکی عێراقی بە دونیای ناوەوە، ((ڕەخنەگرانی ئەدەبی فارسی (سەبکی عێراقی) بە ناوەوە گەڕانەوەوە سەنتەر ناودەبەن ))[١٥١]. بۆیە (( شاعیرانی ڕوو لە دونیای دەرەوە وەردەگێڕن و لە سروشتی واقعی و زیندو دوور دەکەونەوە و لە بری ئەمە ڕودەکەنە دنیای ناوەوەی خۆیان و بایەخ بە بابەتی عەقڵی و ئەبستراکتەکان و بیرکردنەوەی ئایدیالی دەدەن ))[١٥٢]. بۆ خۆ لە دوورگرتن لە کێشە و گیرو گرفتەکان و بێ دەسەڵاتیان بەرامبەر بە ڕووداوە واقعیەکانی کۆمەڵگە شاعیران ڕوویان کردۆتە دونیای ناوەوە وناخی خۆیان. بۆیە (( ئەدەب لەم سەردەمەدا بە پێچەوانەی سەبکی خۆراسانی، بایەخ بە ناوەوە دەدات و هەروەها بایەخ بە عەشق و خۆشەویستی و ڕەنگدانەوەی غەم و پەژارەیە و شاعیر زیاتر لەوەی سەرقاڵی دونیا بێت سەرقاڵی خودی مرۆڤ و (خود) دەبێت))[١٥٣]. گوزارشت کردن لە هەستەکانی ناخ و دوورکەوتنەوە و وەلانانی واقعی زیندوو سیمایەکی دیاری هۆنراوەی ئەم سەردەمەیە و بەشێکی ناسنامەی سەبکی عێراقی پڵگێرە هێنێت.

**١. ٦. ٢. ٥. باڵایی مەعشوق: -** سەرەڕای ئەوەی کە عەشق یەکێکە لەو لایەنانەی کە بەدرێژایی مێژوو مەیدانێکی بەرفراوانی دونیای شیعری داگیردووە، بەڵام لە هەر بارودوخ و سەردەمێکدا تایبەتمەندیەکی جیاوازتری وەرگرتووە (( لە سەبکی خۆراسانیدا بە پێچەوانی سەبکی عێراقی لە بڕی عەشق، ستایشکردنی عەقڵ دەبێتە باو لە نێو شیعردا و ئەمەش لە کۆتاییدا وادەکات بە چاوێکی کەم و نزمییەوە لە پلە و پایەی مەعشوق بڕوانرێت لە شیعردا ))[١٥٤] . وسەبکی عێراقی پێچەوانەی سەبکی خۆراسانی (( عەشق دەبێتە ستایشکراوی یەکەم و سەرەکیی نێو شیعری شاعیرانی سەر بە سەبکی عێراقی و مەعشوقیش دەبێتە سالار و سەروەری شیعری و تەنانەت شاعیر بوونی خۆی لە بوونی ئەودا دەبێنێتەوە و ئەو بە سەرچاوەی

---

١٥٠ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

١٥١ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

١٥٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣-٨٤.

١٥٣ سیروس شمیسا، سەرچاەی پێشوو، ل ٢٤٧.

١٥٤ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

ژیان و هێز و توانای خۆی دەزانێت ))[155]. بە هۆی گۆڕانی سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی عەشق بە جۆرێکی تر خۆی دەنوێنی (( لە سەبکی عێراقیدا تێڕوانین بۆ پلە و پایەی مەعشوق گۆرانی بەسەردادێت و چی دی بەو چاوەی سەبکی خۆراسانی تەماشا ناکرێت و بەرزدەکرێتەوە بۆ بەرزترین ئاست ))[156]. هەروەها دوای ئەمەش ئیتر مەعشوق سواڵکەری خۆشەویستی نە بووە، بەڵکو (( لەغەزەلەکانی ئەو سەردەمەدا سۆز و خۆشەویستی و گوری ئەویندارانا زاڵە، مەعشوق لە جێگا وپێگەی نازە و عاشق لە جێگەی پێداویستی و نیازە ))[157]. ودیدی شاعیران بۆ مەعشوق بە جۆرێکی پێچەوانەی شاعیرانی سەبکی خۆراسانی بوە وەکو (( لێرە بە دواوە لە شیعری لیریکی و خۆشەویستیدا جێگا و پێگەی مەعشوق نزم و بێ بایەخ نییە، بەڵکو جێگای مەعشوق هێندە بەرز و باڵایە دەتواندرێت مرۆڤ لە جیاتی خودا وەربگرێت ئەگەر لە ڕووانگەی عیرفانیەوە لێکدانەوەی بۆ بکات ))[158]. بێگومان مەعشوق دەسەڵات و شکوی بۆ هاتەوە و عاشق بوو بە چاو لە دەستی ئەو، هۆنەران لە قۆناغی سەبکی عێراقیدا بە شێوەیەکی بەرزو باڵا پێشاندانی مەعشوق، (( زۆربەی غەزەلەکان لە بابەتی عەشق و خۆشەویستین بە دیدێکی عاریفانە دەربردراون، هۆنەری ئەم قۆناغە لە ڕستیدا تەنها بە هۆی جوانییەوە حەز لە بەرامبەر ناکات بەڵکو لە بەر ئەوەی خۆشی دەوێت و عاشقیەتی، چونکە بەشێکە لە پەیوەندی بە کولەوە گشتی کە دروستکراون بە هێز و دەسەڵاتی بتەوی خودا ))[159]. بۆیە دەکرێ بڵێین قۆناغی سەبکی عێراقی قۆناغی دەسەڵات و زاڵبوونی عەشق و باڵا بوون و تێڕوانین لە مەعشوقە وەکو نیشاندانی هێزو دەسەڵاتی خودا، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری تێکەڵاوی سنوری نێوان عەشق و عیرفان.

**١. ٦. ٢. ٦. ڕەنگدانەوەی بابەتە زانستیەکان لە شیعردا: -** لە شیعری ئەم قۆناغەدا زاراوەی زانستی زۆر بەدی دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین (( هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە شاعیران شارەزای هونەر

---

١٥٥ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

١٥٦ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

١٥٧ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

١٥٨ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧.

١٥٩ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

و زانستەکانی سەردەمی خۆیان بوون ))[160]. بێگومان شاعیرانی ئەم سەردەمە (( لە جیاتی ئەوەی سروشتی ڕاستەوخۆ و واقعی بکەن بە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بابەتە زانستییەکان یان وەرگرتووە ))[161]. بۆیە ئاشنابوونی شاعیران بە زانستەکان وڕێکخستن و دانانی دەستەواژە لە شیعردا وایکردووە ئەم بابەتە بنێن بە تایبەتمەندێکی هزری سەبکی عێراقی.

**١. ٦. ٢. ٧. ڕەخنەگرتن لەو کارە ناشیاوانەی کە سۆفیەکان دەیانکرد:** - هۆنەرانی سەبکی عێراقی بە شێوەیەکی تێگەیشتبوون کە ئەو کارو بارانەی ئەوان کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر پێگەی سۆفیگەری، چونکە ئەوان واتە شاعیرانی سەبکی عێراقی ڕێبازی سۆفیگەریان بە پیرۆز و موقەدەسی سەیردەکرد پییان وابوو بێبەرییە لە هەر جۆرە ڕەفتارێکی ناشیاو کە سۆفیەکان دەیکەن[162].

**١. ٦. ٢. ٨. گوزارشتکردن لە ماڵئاواکردنی و لەیەکدابڕان:-** کە پۆلێن دەکرێن بۆ دەجۆری جیاواز شێوازەکانی دابڕان لە قۆناغی سەبکی عێراقیدا بریتین لە (( دابڕان لە عاشق و مەعشوق، دابڕان لە خێزان، دابڕان لە هاوڕێ و دۆستان، دابڕانی شاعیر بە هۆی ڕاگەیاندنی مردنی خۆی، دابڕان لە جیهانی ماددی، ماڵئاوای لە عەقڵ و سەبر و ئارام و دڵ و زوهد و تەقوا، ماڵئاوای لە مانگە تایبەتەکان وەکو مانگی ڕەمەزان، ماڵئاوای لە شوێنەتایبەتیەکان بۆ نموونە وەک و کەعبە ))[163]. بێگومان شیعرەکانی ئەم قۆناغە بێ بەش نەبووە لەو دابڕانەی خەڵکی تووشی هاتبوون، ئەمەش بە هۆی ئەو بارەخراپەی باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەی ئێران دا.

**١. ٦. ٣. تایبەتمەندی ئەدەبی:**

بێگومان لە هەر سەردەم و قۆناغیکدا، لایەنی ئەدەبی خاوەنی سیما و تایبەتمەندی خۆیەتی بە پێی جیادەکرێتەوە و دەستنیشان دەکرێت، بەهەمان شێوەی سیما هزری و زمانیەکان لایەنی ئەدەبیش گۆڕان

١۶٠ میمنت میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١۵٣.

١۶١ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢۴٨.

١۶٢ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

١۶٣ زهرا علافها، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیە بینی. غەزەل یەکێکە لە گرنگترین فۆرم و قاڵبەکانی ئەدەبی سەبکی عێراقی،

**١. ٦. ٣. ١. غەزەل:**

یەکێکە لە گرنگترین فۆرم و قاڵبەکانی ئەدەبی سەبکی عێراقیە، ((بەر لە سەبکی عێراقی و لە سەبکی خۆراسانیدا فۆرم و قاڵبی باوی شیعر لە نێو ئەدەبی فارسیدا بریتییە لە قەسیدە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەبکی عێراقیدا غەزەل شوێنی دەگرێتەوە و دەبێتە فۆرم و قاڵبی باوی شیعر ))[١٦٤]. چونکە (( غەزەل لە سەبکی عێراقیدا دەرکەوت وگەیشتە لوتکە ))[١٦٥]. ئەمەش خاڵێکی گرنگ بوو بۆ جیاکردنەوەی سەبکی عێراقی، هەر بە هۆی گەشە سەندنی غەزەلەوەیە، کە (( لەم سەردەمەدا قەسیدە (قاصید) لە دیوانەکاندا بە بەراورد لەگەڵ غەزەلەکان ڕێژەیان کەمترە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بگوترێت لەم سەردەمەدا (( قەسیدە باو بووە))[١٦٦]. لەگەڵ ئەوەشدا کە قەسیدە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ڕەگی خۆی داکوتاوە، کە (( هەتا سەدەی شەشەم لە گرنگترین قاڵبەکانی داڕشتنی هۆنراوەی فارسی هەژمار دەکرێت، هەروەها دەگوترێت پێشتر چوار چێوە و قاڵبێکی گونجاو بووە بۆ ستایش و زوهد (پاکی)و عیرفان و سکاڵا و ( جسیان ) هەڵبەتە ناوەڕۆک و واتا جۆراو جۆرەکان لەو سەردەمەدا لە چوارچێوەی قەسیدە (قصیدە) داڕێژراون ))[١٦٧]. دەسپێک و سەرهەڵدانی هەرشتێک سەرەتا زیاد لە پێویست بە جۆش و خرۆشەوە نابێت، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ دەست پێدەکات و دەگاتە ئاستی پێشکەوتن، هۆکاری ئەوەش کە غەزەل درەنگ بازاڕی پەیدا بووە ئەمە بوو کە لە سەرەتاوە بەوڕادەیە بەهێز و سەرنج ڕاکێش نەبوو، تەنانەت ((شاعیرانی سەدەی شەشەم جار و بار دوو فاقن و هەم غەزەل و هەم قەسیدەیان هەیە ))[١٦٨]. بەهەمان. کەواتە لە سەدەی شەشەمیش

---

١٦٤ محمد غلامرچایی،، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

١٦٥ حسین آقا حسینی، دانشیار دانشگاه اصفهان، عباس نیکیخت، استادیار دانشگاه سیستان و بلوجستان، جایگاه استعاره در غزل سبک عراقی، علمی پژوهشی، نشریه ادب و زبان، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهتر کرمان، دوره جدید، شماره ٣٠، قیاپی ٢٧ زمستان٩٠، ل ٣.

١٦٦ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

١٦٧ سەرچاوەی پیشوو، ل ١٤٨

١٦٨ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەبینی و نەگەیشتە ئاستێکی بەرزی شیعری فارسی، بۆیە ((غەزەل بە شێوەیەکی گشتی غەزەلی ناو بژیوانە کەواتە نە ئەو خاوەیەی غەزەل گەلێک وێنەی لەغەزەلی سەدەکانی پێشوی هەیە نە ئەو ناوەڕۆکە گرانەی غەزەلی سەدەکانی حەوت و هەشت ))[169].

هەر بە هۆی ئەمەی کە لە سەرەتا و پێش سەدەی شەشەم غەزەل قاڵبێکی ئەوەندە گرنگ نەبووە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە (( لە چاخی سامانی تا کۆتای سەدەی چوارەم، بە ڕێژەیەکی کەم غەزەل بە جێ ماوون و لە سەردەمی غەزنەویەکاندا لە عێراقی سەرەتاکانی سەدەی پێنجەم، فەروخی (٣٢٩) عونسری (٤٣١) مەنوجهری (٤٣٢) غەزەلێکی کەمیان لە دوا بەجێ ماوە ))[170]. وکاتێ سەیرکەین دەبینین بەر لە سەبکی عێراقی قاڵبی شیعری غەزەل یان نەبووە یان زۆر کز بووە، بۆ نموونە (( لە هەندێ لە دیوانەکانی وەکو ناسر خەسرەو و ئەزرەقی هروی و لامعی گورگانی بە هیچ شێوەیەک غەزەلیان تێدا نییە و لە هەندێک دیوانی شاعیرانی وەکو رودەکی و عونسری و مەنوچهری و ئەبو الفەرج رونی زۆرتر لە دووسێ غەزەل بوونی نییە و لە لای شاعیرانی دیکەش ڕێژەی غەزەل بەرامبەر بە قەسیدە زۆر کەمە ))[171]. تەنانەت کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی هەتاوی غەزەل زۆرکەم بووە، کە (( عمر بن ابی ربیعە ... دەڵێت: هەرکاتێ مێژووی غەزەل لە سەرەتای هۆنراوەی فارسی بخوێنینەوە دەبینین کە سەرەتای سەدەی شەشەم سەردەمی تەغەزلە تا کاتی سنایی (٥٣٥ مردوە) فۆرمی غەزەل زۆر کەم بووە ))[172]. بۆیە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا فۆرمێکی تا بڵێ سادە و ساکاری هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەچیە ڕێزی ئەو قاڵبەوە و بەغەزەل لە قەڵەم دەدرێن، چونکە (( غەزەلە کۆنەکان بە تەواوەتی تایبەتمەندییەکانی غەزەلیان نییە و شێوەی ئاخاوتنی ئەوانە شێوازی شیعری خۆراسانیە و زمانیان ساکارە و سودیان لە داهێنان و ئاخاوتن وەرنەگرتووە ))[173]. لە کاتێکدا لە سەردەمی مەغۆلەکان کە هاوکاتە لەگەڵ گەشەو و پەرەسەندنی شیعری غەزەل لەبەر ئەوە (( زۆربەی هۆنەرانی سەردەمی مەغۆلەکان لە هۆنینەوەی غەزەل بە توانا بوون، بە

١٦٩ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٠٤.

١٧٠ سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٠٢.

١٧١ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

١٧٢ سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٢.

١٧٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

تایبەتی سەعدی و حافز و مەولەوی لەم ماوەیەدا هاتنە مەیدان و پلەی یەکەمیان وەرگرت لە هۆنینەوەی غەزەلی فارسی لەو سەردەمەدا ))[١٧٤]. بێگومان کەمی و سادە و ساکاری غەزەل لە قۆناغی پێش سەبکی عێراقیدا بووەتە هۆی ئەوەی کە قاڵبی زاڵ و باڵا دەست دروست نەبێ.

کە واتە هەر یەکە لەم سێ شاعیرە ڕابەری غەزەلی فارسین و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێشبردنی قاڵبی غەزەل لەم قۆناغەدا بەو واتایە نایەت کە قاڵبەکانی تر بوونیان نە بووبێ، بەڵکو (( قاڵبە شیعرییەکانی ئەم سەبکە جگە لە غەزەل کە قاڵبی باو و زاڵی ئەم سەبکەیە، چەندین قاڵبی تر بەکارهاتون وەکو، مەسنەوی ، چوارین، چوارخشتەکی، و تەرجیع بەند و قەسیدەش بە کار هاتووە ))[١٧٥]. کەواتە بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشوو جگەلەوەی کە قاڵبێکی شیعری باو و باڵادەست بووە قاڵبی شیعری تریشییان پێ دەربڕیوە، بۆ نموونە (( دەتوانین نموونەی چوارین ... لە دیوانی زۆربەی هۆنراوەی فارسی ئەم قۆناغەدا بهێنینەوە ))[١٧٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت قاڵبێک لە سەرووەی هەموو قاڵبەکانەوە بێت لە دونیای ئەدەبدا، بەڵام تاکرێت و ناگونجێت قاڵبەکانی تریش فەرامۆش بکرێت و بەیەکجاری نەمێنن.

یەکێک لە لایەنانەی کە غەزەل و قەسیدەمان بۆ لەیەک جیادەکاتەوە کورتی و درێژی و هاوسەنگی درێژەکانیانە، کە لە غەزەلدا ژمارەی دێرەکان یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و بە گوێرەی یاسا ڕێکخراوە کە (( چوار چێوەی غەزەل بێجگە لە چەند بابەتێکی تایبەت وەکو هۆنراوەی مەولەوی لە ڕووی کورتی و درێژی بەرە بەرە بە پێی ڕیسا بووە و دەتوانین غەزەلەکانی سەعدی و حافز و خواجو عێراقی بە غەزەلی مام ناوەندی دەست نیشان بکەین کە حەوت هەتا دوانزە دێرە ))[١٧٧]. بەڵام لە قەسیدە هیچ یاسا و ڕێنمایەک بوونی نییە و (( تەغەزەل سەرەتای قەسیدەکانە کە تا ڕادەیەک لە ڕووی کورتی و درێژییە پێی ڕێسایەکی تایبەت ڕێک نەخراوە، لەبەر ئەم هۆکارە هەندێک لە شاعیران بەشێک لە تەغەزولەکانیان کورت تر و

١٧٤ محمد غلامرضایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

١٧٥ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

١٧٦ محمد غلامرضایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

١٧٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

بەشێکیان درێژترن لە قەسیدە ))[١٧٨]. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی غەزەلی سەبکی عێراقی سنورداری دێڕەکانە. کە لە قاڵبە شیعریەکانی تری جیادەکاتەوە.

**١. ٦. ٣. ٢. چەند بۆ چوونێکی جیاواز هەیە لەسەر غەزەل، کە بەم جۆرەن:-**

ا . غەزەل بە واتای هۆنراوەی کورتی چەند دێڕی کە ئاوازە دارە، غەزەلی ئاوازە دار لە نێوان هاوریٚ یە مۆسیقارەکاندا باو بووە و چەمکی قەول و غەزەل تەواوکاری ئەم واتایەیە[١٧٩].

ب . یەکێکی تر لە بۆچونەکان هی شەمس قەیس ڕازیە کە دەڵێت: (( هەرچی لە ڕەگەزی تازەی ئەدەبی عەرەبی نووسرابێت پێی دەڵین قەول و هەرچی لە هی فارسیدا بنوسرێت پێی دەڵین غەزەل ))[١٨٠].

ج . غەزەل بە واتای ئاوازە و ئەو کەسەش کە غەزەل دەنووسێت پێی دەڵین ئاواز خوێن، کە چەندین جار لە هۆنراوەی فارسیدا بەو واتایە هاتووە[١٨١].

د . غەزەل بەواتای تەغەزل قەسیدە یە، ئەم واتایە تا سەدەی نۆهەم و دەهەم باو بووە، فەڕوخی لەم بارەوە لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت: شیعر[١٨٢].

هـ . غەزەل بە ڕەهای بە واتای هۆنراوەی لیریکی سۆز و ئەویندارانە و تەنانەت هاوسەنگی ئەدەبی دەوڵەمەند دێت[١٨٣].

و . غەزەل بەواتای باو واتایەکە لە چوارچێوەکانی هۆنراوەی سەدەی شەشەم و لە سەدەی حەوتەم بە لوتکەی خۆی دەگات و ئەمرۆ درێژەی هەیە و بەردەوامە[١٨٤].

---

١٧٨ محمد غلامرچایی،، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

١٧٩ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، ل ٢٠١.

١٨٠ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٠١.

١٨١ سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٠١.

١٨٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

١٨٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.

١٨٤ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

یەکێکی تر لە بۆچوونەکان ئاماژە بە بیر و ڕا جیاوازەکان دەکات و دەڵێت: (( سەبارەت بەسەرچاوەی غەزەل ڕای جۆرا و جۆر هەیە، بەڵام لە هەموویان ڕاست تر ئەوەیە کە غەزەل هەمان تەغەزەلە کە لە سەرەتای سەدەی شەشەم بە هۆی داکشانی بازاری ستایش لە قەسیدە جودا بووەتەوە ))[١٨٥]. ئەم ڕایەش بە بێ گوێدانە بەوەی، غەزەلی فارسی مێژوویەکی کۆنتری هەیە، کە(( یەکەمین غەزەلی باوی فارسی لە نوسراوی شەهید بەڵخی لە( ٣٢٥) بەجێ ماوە، و هەروەها لای رودکی لە (٣٢٩) دەبینری ))[١٨٦].

٢. باو بوونی پاش سەروا: ئەوەی (( لە هەردوو سەبکی عێراقی و خۆراسانیدا دەبێتە خاڵی جیاوازیی نێوانیان هەبووە و باوبوونی پاش سەروایە لە سەبکی عێراقیدا کە پێشتر ئەم پێگە و بایەخەی نەبووە ))[١٨٧]. بۆیە دەبینین(( شاعیرانی سەبکی عێراقی بۆ نیشاندانی توانای خۆیان پاش سەروای جۆرا و جۆر و قورسیان بەکارهێناوە ))[١٨٨]. چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی پاش سەروا سەری هەڵداوە. هەروەها (( بۆ خستنە ڕووی بەڵگە لە سەر شوێنەواری پاش سەروای سەبکی عێراقی پێویستیمان بە چەندین بەرگ کتاب هەیە ))[١٨٩].

لەبەر ئەوەی پاش سەروا یەکێکە لە گرنگترین سیما ئەدەبیکانی ئەم قۆناغە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لای شاعیرانی ئەم قۆناغە پاش سەروا بووەتە سیمایەکی تایبەت و دیار.

٣ . سەروای باو بوونی نویٰ، تایبەتمەندییەکی تری ئەدەبییە، کە پەرەسەندنی ئەو قۆناغە مەبەستیان بووە شارەزای خۆیان لەو مەیدانەشدا بخەنە ڕوو، وەکو (( مەولانا لەم بوارەشدا داهێنانی هەبووە و چەند وشەی

١٨٥ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

١٨٦ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

١٨٧ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو ل ٨٥.

١٨٨ ماه نصری، ردیف در سبک عراقی، فنون ادبی علمی – پژوهشی، دانشگاه اصفهان، سال دوم، شماره ١، پیاپی ٢، بهار و تابستان ١٣٨٩ ه، ل١–٢٦.

١٨٩ ماه نصری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

**عەرەبی وەکو (قلس، مرتبس، مجس)ی کردووە بە سەروا لە شیعرەکانیدا))[190]. ئەوەی کەدەردەکەوێت لە شیعری سەبکی عێراقیدا پێدانی ناسنامەیەکی خۆییە شیعر و شێوەیەکە لەگەڵ قۆناغە نوێیەکە بگونجێت.**

**٤ - گرنگیدان بە هونراوەکانی ڕەوانبێژی، تایبەتمەندیەکی تری دیاری سیمای ئەدەبی سەبکی عێراقیە، کە هەریەکە لە هونەرەکانی (( لێکچواندن و خوازە . . . زۆر باون ))[191] . کە دەبینین (( بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری شاعیرە ناودارەکانی ئەم قۆناغەدا زۆر باوە بە شێوەیەک دیاریکردن و دەست نیشانکردنیان لە شیعرەکانی سەعدی و حافز، پێویستی بە وردبینی و سەیر هەیە ))[192]. وسەرەڕای ئەوانەش ((کۆمەڵێک هونەر و تەکنیکی شیعری برەویان پێدرا و بوونە بەشێک لە شیعری و سیمایەکی دیار بۆ شیعری سەبکی عێراقی ))[193]. و هۆکاری ئەدەبی کە هونەرەکانی ڕەوانبیژی لە سەبکی عێراقی بەم شێوەیە زەق دەردەکەون ئەمەیە کە((لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی سەبکی خۆراسانیدا هێشتا ئەم هونەرانە لە نێو ئەدەبی فارسیدا بە تەواوی سەریان هەڵنەداوە و لە هەنگاوەکانی پاشتریشدا سادەیە و کەمتر ڕەنگدانەوەیان لە نێو شیعرەکاندا هەیە ))[194]. و جگە لە وەی کە قۆناغی سەبکی خۆراسانی و سەردەمەکانی پێشووتر هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە شێوەیەکی بەرچاو نە بوون و بایەخێکی ئەو تۆیان پێ نەدراوە، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت کە هێچ هونەرێکی ڕەوانبێژی لەوکاتەدا دەرنەکەوێت بەڵکو لەم کاتەشدا تا ڕادەیەک دەبینرێت، لەگەڵ وەشدا ((ئەوەندەشی کە هەیە زیاتر لە چوارچێوەی چەند هونەرێکی دیاریکراودایە وەکو لێکچواندن و کەمتر لەویش خواستن، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا بایەخدان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و زیادەڕەوی لە وەسفدا دەگاتە لوتکە ))[195]. هەروەها ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی قۆناغی سەبکی عێراقی بکەین، دەبینین کە ((لێکچواندنی لای شاعیرانی سەبکی عێراقی بە شێوەیەک خراوەتەڕوو کە نوێ**

---

١٩٠ عبدالرچا مدرس زاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤۶ – ١٤٧.

١٩١ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

١٩٢ دکتر محمد غلامرضایي، سبک شناسی شعر پارسی از رودکی تا شاملو، ل ١٥٢ – ١٥٣.

١٩٣ د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەحویدا، ل ٨٥.

١٩۴ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

١٩٥ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

**سازی ڕاستەقینەی تێدا بەرجەستەکراوە ))[١٩٦]. کە بە هۆی ئەو هەمووگرنگییەی شاعیرانی سەبکی عێراقی بەهونەرەکانی ڕەوانبێژی، لەم قۆناغەدا ((لێکچواندن بە باشترین شێوە بەرجەستە کراوە و ئەوەش بووەتە هۆی گۆڕانکارییەکی زۆر لە لێکچواندن و خوازە لە سەبکی خۆراسانی بۆ سەبکی عێراقی ))[١٩٧]. بێگومان ئەم شێواز و فۆرمە لێکچواندنانە لە سەردەمی سەبکی خۆراسانی و پێشوتریش بەدی نەکراوە، کەواتە تایبەتمەندیەکی دیار و جیاکەرەوەی شیعری سەبکی عێراقی بریتی یە لە (( پێداگیری کردن لە بەکارهێنانی لێکچواندنێکی ئاڵۆز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی ))[١٩٨]. هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا داهێنانی نوێ یان بەکارهێناوە، ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناغە بە جۆرێکی لە جۆرەکان هونەری تازەی ڕەوانبێژیان هێناوەتە بەرهەم کەپێشتر ئەمە بوونی نەبوو، وەکو (( شقوقی جۆراو جۆر ئیهام کە لە شیعرەکانی حافز و سەعدی دا بەکارهاتووە لە کتێبە ڕەوانبێژییە کۆنەکاندا بوونیان نییە ))[١٩٩]. هەروەها (( لە بەشێک لە قەسیدەکانی خواجو کرمانی ڕوخسار و قاڵبی تایبەت دەبینرێت وەکو پابەند ( التزام ) دوو وشەی قورس و بێ پەیوەندی لە ڕووی واتاوە وەکو: ( دوشتر و ژور حجر و دورج و کەڵەشێر ) ))[٢٠٠].**

**لە لایەکی تر کێشی شیعری لایەنێکی ترە، کە لەگەڵ دەستپێکی قۆناغە تازەکە ئەویش دەگورێت، بۆ نموونە ((کێشی شیعر لە سەبکی خۆراسانیدا بە هۆی ئەو ئاڵۆزیانەی کە بۆی دروست بووە لە ئەنجامی نەگونجانی زمانی کۆنی فارسی و ئەو وشە قورس و گرانانەی کە لە زمانەکەدا هەبوو و لە ڕووی مۆسیقاوە لەگەڵ کێشی عەروزی عەرەبی، وای کردووە گۆڕان لە کێشەکان و هەروەها درکاندنی وشەکانیشدا دروست بکەن ))[٢٠١]. هەر بۆیە دیسانەوە کە قۆناغەکە گۆڕانکاری بە سەردا دێت کێشی شیعریش پێویستی بە گۆڕان بوو تا لەگەڵ قۆناغە نوێیەکەدا بگونجێت، هەر بۆیە (( پەیڕەوکارانی سەبکی عێراقی زۆرێک لە**

---

١٩٦ دکتر یحیی غالبیان، بر رسی تشبیه تفضیل در شعر عماد فقیه، دانشگاه شهید باهنر کرمان، مجله علوم اجتماعی و انسانی، دانشگاه شیراز، دوره و دوم بیست ، شعاره اول، بهار ١٣٨۴، پیاپی ((۴٢)) ویژەنامه زبان و ابیات فارسی، ل ٨۴.

١٩٧ مریم زیبایی نژاد، نگرشی بر تحول بنیادی تغییرات و اصطلاحات استعاري، سبک خراسانی به سبک عراقی، ل ۶٧.

١٩٨ حسن امین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢۶٧.

١٩٩ سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، ل ٢۴٩.

٢٠٠ محمد غلامرضايي سەرچاوەی پێشوو، ل ١۴٣.

٢٠١ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨۵.

کێشەکانی سەبکی خۆراسانییان وەلا ناوە ))[202]. لێرەدا دەرگایەکی نوێ بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی کرایەوە و هێز و توانایەکی یەکجار زۆری پێ بەخشی ئەمەش لە ئەنجامی ئەو وەرچەرخان و پێسکە و تنانەی لە قۆناغی سەبکی عێراقیدا بەسەر سیما ئەدەبیەکانی شیعردا هات.

٥ – ناز ناو (تخلص) هەر لە چوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا ((یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لە ڕێزی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقیدا دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت چەسپاندن و جێگیرکردنی ( تخلص)ە، واتە ئاماژەکردنی شاعیر بە ناوی شیعری خۆی لە کۆتایی شیعرەکەیدا بەتایبەتی لە غەزەل و قەسیدەدا))[203].

نابێ ئەوە لە یادکەین، کە سەبکی خۆراسانی دەکەوێتە پێش سەبکی عێراقی، لەو سەبکەشدا، ((تەخەلوس شتێکی چەسپاو و جێگیر نەبوو، بەڵام لەگەڵ بڵاوبونەوەی سەبکی عێراقیدا دەچەسپێت و جێگیر دەکرێت و بە شێوەیەکی گشتی لە دێری کۆتایی شیعرەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت و هەندێ کاتی کەمیش لە دێری پێش کۆتایی))[204]. و لەبەر ئەوەی لە قۆناغەکانی پێشوتردا تەخەلوس سیمایەکی بەرچاو نە بووە، بەتایبەتی (( لە قەسیدەی شاعیرانی دوای تەغەزل شاعیر لە جیاتی نازناوی شیعری خۆی ناوی ئەوکەسەی دەهێنا کە ستایش دەکرا، بەڵام لە غەزەلدا لە جێگای ناوی ئەوکەسەی کە ستایش دەکرا شاعیر نازناوی خۆی دەهێنا ))[205]. لە کاتێکدا هێرشی مەغۆلەکان لەگەڵ دەستێکی سەبکی عێراقی لەیەک کاتدا بوون، بۆیە ((هێنانی ناوی شاعیر لە کۆتایی شیعردا لە نێو شاعیرانی پێش هێرشی مەغۆل یەکسان نەبووە))[206]. لە بەر ئەوەی تەخەلوس سیمایەکی نوێ بوو و باش ڕەنگی خۆی دا نەکوتاوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمە دەردەکەوێت و دەبینرێت کە ((غەزەلی ئەم ماوەیە نازناوی هۆنراوە تاڕاددەیەک جێگیر بووە و شاعیر لە دێری کۆتای یان پێش کۆتایدا (نازناوی شیعری) خۆی هێناوە))[207]. سەعدیش کە شاعیرێکی

---

٢٠٢ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

٢٠٣ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

٢٠٤ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

٢٠٥ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

٢٠٦ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

٢٠٧ محمد غلامرچایی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

**بە ناوبانگ سەبک بووە ((هەندێ جار لە دێڕی پێش کۆتایی ناوی خۆی هێناوە))[208]. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە لەگەڵ جێگیر بوون ورەگ داکوتانی تەخەلوس تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەدەبی چووە سەر سەبکی عێراقی و بوو بەسیمایەکی بەرچاوی ئەم قۆناغە.**

٢٠٨ سیروس شمیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.

## بەشی دووەم

### ٢. ١. کاریگەری شیعر و ئەدەبی فارسی لەسەر شاعیرانی کورد:

دیارە ئەدەبیاتی هەرمیلەتێک بەتەنها خۆی ناتوانێ کاریگەرییەکی گەورە بەجێ بهێڵێ تاکو لەگەڵ ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێکانیدا خۆی بەراورد نەکات، بۆ ئەوەی بتوانی شانبەشانی ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێکانی هەنگاو بنی بۆیە، یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانەی کە کاردەکەنە سەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش شاعیرانی و نووسەران و بەرهەمەکانیان، هەڵومەرجی ناوچەیی و قۆناغی مێژووییە، لەبەر ئەوەی(( مێژوو زانستی مەعریفەکانی مرۆڤە ))[٢٠٩]. لەم ڕوانگەیەشەوە کە ڕاستی ئەم وتەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەرهاویشتە جۆر بە جۆرەکانی قۆناغ بەندی مێژوویی، بێگومان ئەمەش کۆمەڵگە جیاوازەکان پێدا تێدەپەڕن، ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەیە و هەمیشە کاریگەری تەواوی بەسەرەوە هەیە، دەگوترێت (( ئەدەب نوێنەرایەتی ژیان دەکات، ئەم ژیانەش بە شێوەیەکی بەرفراوان حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتییە))[٢١٠].

هەر لەبەر ئەمەیە زۆر جار ڕووداوەکانی ناوکۆمەڵگە دەبنە هۆی دروست بوون و سەرهەڵدانی شاکاری نوێی ئەدەبی جۆر بەجۆر و لەکاتی خوێندنەوەیاندا، هەست بەوەدەکەی کە گێرانەوەی ژیانی نووسەرە ولەناو دەقێکی وێژەدا داڕێژراوەتەوە. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ ڕوونی بکەینەوە، ئەمەیە کە ئایا مەلای جزیری و شێوازی سەبکی عێراقی چی یەکیان دەخاتەوە؟ بۆچی قوتابخانە شێوازگەری و شێوازە ڕۆژئاواییەکانمان هەڵنەبژاردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دەتوانین بڵێین: سەبکی عێراقی یەکێکە لە قوتابخانە شێوازگەریکانی ئەدەبیاتی فارسی و زمانی کوردی و فارسیش سەر بە هەمان گروپی زمانن، زمانی کوردی زۆر لە زمانی فارسی نزیکە، چونکە زمانی کوردی سەربەخێزانی زمانە هیندو

٢٠٩ ڕزگار عەبدەڵڵا ئەحمەد، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی (سافی)دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران، ساڵی ٢٠١٥، ل ٤٢.

٢١٠ ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

ئێرانیەکانە، ئەگەر ((فاکتەری جوگرافیاش بخەینە سەر ئەم ڕاستییە، هەردوو گەلی کورد و فارس هاوسێ و نزیکن لە یەک))[٢١١].

نەک تەنها مەلای جزیری بەڵکو تەواوی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە پێش مەلای جزیری و دوای ئەویش هەر کاریگەر بوون بە ئەدەبیاتی فارسی، بەڵگەی ئەمەش گەر بە وردی جارێک بگەڕێین بە دیوانی ئەو شاعیرانەدا بۆ نموونە دیوانی بابا تاهیری هەمەدانی و نالی و مەحوی و کوردی و سالم .... هتد بەروونی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و زۆر جار دەبێنین لە شیعری ئەو شاعیرانەدا شانازی بەوەوە دەکەن کە خوێندکاری شاعیرە گەورەکانی فارسن وەک حافزی شیرازی و سەعدی ... هتد ئەو پەیوەندیە دور و درێژەی کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا هەبووە بەکارتێکردن کۆتایی هاتووە، ((گرێدانەوەی ئەم هەرێمە کوردستان بە درێژایی مێژوو بە دەوڵەتی ئێرانەوە، کارێکی وایکردووە ئەم ئەدەبە زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی کولتوور و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی فارسی، بە شێوەیەک، کە بیر و بەرهەمی شاعیرانی بەرەی یەکەمی تارمایی و سێبەری بەرهەمە کلاسیکی و ئەفسانەییەکانی ئەدەبی فارسی بەڕوونی بەسەرەوە دیاربێت))[٢١٢]. ئەمە جگە لەوەی کە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی لە یە کتر دانەبڕاون و سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەبووە، ((ئەدەبی فارسیی کۆن ئەوی مابێتەوە بۆ ئیمڕۆ، بە هۆی هەندێ ئاویستاوە تەنیا ئەدەبێکی ئایینییە، ئێمە ناتوانین ئەم ئەدەبی ئایینی فارسی کۆنە لەگەڵ ئەدەبی ئایینی کورد پێش ئیسلام، یا کوردی پێش سەدەکانی ناوەڕاست جیابکەینەوە، بەڵکو ئەو ئەدەبە دیینییە، کە لە ناو کورددا بووە، هەر ئەو ئەدەبە بووە، کە لە ناو فارسیشدا بووە))[٢١٣].

هەر بە هۆی ئەمەشەوە یەکە بەرهەمی یەکەمین شاعیرانی ئەدەبی نووسراوی کوردی شێوازی هونەری شیعری فارسیان بەئاشکرا پێوە دیارە، بۆ نموونە((قاڵبی شیعرەکانی بابا تاهیر دوو دێڕییە، کە لە

---

٢١١. ئەحمەد هەردی و ئاسۆس هەردی، عەروز لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥٠.

٢١٢ ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢-٤٣.

٢١٣ عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، ساڵی١٣٨٩، ل ٦١١.

بنەڕتدا، جۆرێکە لە هونەر و قاڵبی شیعری فارسی، کێشی شیعرەکانیش (عەرووزین)، لە کاتێکدا قاڵبی باوی شیعری کۆنی کوردی (ئەدەبی گۆران) مەسنەوییە و لە سەرکێشی خۆماڵی بڕگەییش هۆنراونەتەوە))[٢١٤].

ئەم زیحاف و عیللانە بەڵگانەی، یاخود ئەوبەرەو پێش چوونانەی هاتونەتە ناو دەریاکانی کێشناسی لە هۆنراوەی کوردیدا لە وێژەی فارسی وەرگیراون بەهۆی کارتێکردنی هونەرەکانی شیعری فارسی بە شێوازێکی سەرتاپا و هەمە لایەنەو هەمە جۆر لە بەرهەمی زۆرینەی هەرەزۆری هۆنەرانی کورددا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە بنەڕەت و ئەساسی کێشناسی فارسی دەریاکانی کێشناسی عەرەبییە، هەرچەندە هۆنەرانی کورد ئەم کێشانەشیان وەک خۆی وەرگرتووە و نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە کێشانەی کە عەرەب بەکاریهێناوە، بەڵام دوای ئەوەی کە لە لای شاعیرانی فارس گۆڕان کاری بەسەرداهاتووە، ئەو گۆڕانکاریانە بەسەر دەریاکانی کێشناسی عەرەبیدا هاتوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شاعیرانی کورد دەریاکانی کێشناسیان لە ئەدەبی عەرەبییەوە وەرنەگرتووە بەڵکو لە ئەدەبی فارسیەوە پییان گەشتووە، لەگەڵ ئەوەشی کە سەرچاوەی یەکەمییەتی، ((شیعری کوردی لە ڕێگەی شیعری فارسییەوە، نەک هەر کێشە عەرووزییەکانی وەرگرتووە، بەڵکو شێوەی بەکارهێنانی زیحاف و عیللە ی شیعری فارسیشی وەرگرتووە، ئەمەش لە سەرمان پێویست دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە عەرووزی شیعری کوردی، شارەزای عەرووز بین لە شیعری فارسیدا))[٢١٥].

هەروەها لە لایەکی ترەوە دەگوترێت ((ئەو ڕیشەیە کە فارسی لێ جیابۆتەوە لەلایەن ڕەگەزەوە هەر عەینی ڕیشەیە، کە کوردیشی لێ بەرهەم هاتووە))[٢١٦]. ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی تایبەتمەندیەکانی شیعری فارسی لە ناو بەرهەمەکانی هۆنەرانی کورددا. ئەوەی لەسەر چاوەکان بەرچاومان دەکەوێت و ڕوون و ئاشکرایە و لە ناو بەرهەمی شاعیرانی کورد بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ((شیعری کلاسیکی فارسی بە

---

٢١٤ عوسمان دەشتی، ئەزمونی شیعری موکریانی و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١٣، ل ٦٨.

٢١٥ ئەحمەد هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٢١٦ عەلائەددین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١١.

درێژایی سەدەکان سەرچاوەی سەرەکیی بەهرەی شاعیرانی کورد بووە، بۆیە دەکرێ بەتایبەتی لە ڕووی ڕوخساری شیعرییەوە بە میراتگری شیعری کلاسیکی فارسی بژمێردرێت))[217].

سەرەڕای هەموو ئەمانەش کە ئەدەبی فارسی کاریگەریەکی زۆری بەسەر ئەدەبی کوردیەوە هەبووە، ڕایەکی تر هەیە کە دەگوترێت ((مادام شاعیرانی کورد، وەک شاعیرانی تری گەلانی مسوڵمان، شیعرەکانیان بە پێی ڕێساکانی کێشی (عەرووزی) لای عەرەب داناوە، کەواتە پێویستەکێشەکانیان دەقاو دەق وەک کێشەکانی شیعری عەرەبی وابێت ... ئەمەش گریمانەیەکی هەڵەیە کە ئێستاش گەلێک لە ڕۆشنبیرانی کورد تێی دەکەون))[218].

پەیڕەوکردنی بنەماکانی ڕۆشنبیری ئەوکاتە گرێدراوە بە لێهاتوویی و شارەزایی لە هونەرەکانی هۆنراوەی فارسی، ئەمە جگە لەوەی هۆنەرانی کورد شارەزا و لێهاتوو بوون لە هونەرەکانی هۆنراوەی شیعری عەرەبی، بە تایبەتی لە لایەنی دەریاکانی کێشناسیەوە کە لە بەرهەمی زۆرینەی هۆنەرانی کورددا بەئاشکرا دەردەکەوێت، ((شاعیرانی نەوەی یەکەمی زمانی کوردی وەکو بابە تاهیر و جزیری و خانی و نالی شارەزای کێشەکانی عەرووزی عەرەبی و شێوازی بەکارهێنانی بوون... هەروەها ئاگاداری شێوازی بەکارهێنانی کێشە عەرووزییەکان بوون لە لایەن شاعیرانی فارسەوە، چونکە لەو سەردەمەی کوردستاندا، بە ئاگابوون لە ئەدەبی فارسی، یەکێک بوو لە نیشانەکانی ڕۆشنبیریی سەردەم))[219]. شارەزایی و لێهاتوویی هۆنەرانی کورد لە زمان و ئەدەبی فارسی تەنها بە دەرکەوتنی ئەم کاریگەریانە لەسەر هۆنراوە کوردیەکانیان نەماوەتەوە، بەڵکو زۆرینەی بنەما هونەریەکانی ئەدەبی فارسی تیایاندا، ڕاستی ئەو لایەنەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە شاعیرانی کورد سوار چاکی زمان و وێژەی فارسی بوون، ئەگەر بڕوانین ((یەکێکی وەکو، مەلیکولکەلامی مەجدی ١٨٤٩-١٩٢٥ کە یەکێکە لەوانەی شەست هەزار دێرە شیعری فارسی هەبێت لە حاڵێکدا کەمێکی شیعری کوردی لە دوا بەجێ ماوە، لە دیوانی وەفاییدا سەد و حەوت تێکستی غەزەل و

---

٢١٧ ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٢١٨ ئەحمەد هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠-١١.

٢١٩ سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩-٤٠.

قەسیدەی فارسی بەرچاو دەکەوێ لە پاڵ سی سەد و هەشتا و پێنج چوارینی فارسی (مصباح الدیوان) وێدەچێ بە قەدەر دیوانێکی شیعری فارسی هەبێت))[220].

بێگومان شاعیرانی کورد جگە لەوەی کە شیعرەکانیان بە زمانی فارسی هۆنیوەتەوە، ویستوشیانە لە لێهاتوییدا بەهەمان شێوەی شاعیرانی ناسراوی فارسی بەدیار بکەون و پێشبڕکێیان لە گەڵدا بکەن، ((ئاشکرایە زۆربەی شاعیرانی دێرینی کورد، ئەگەر نەڵێین هەموویان، لە ژێر کاریگەریی شیعری فارسیدا بوون، تا ئەو ڕادەیەی بۆ سەڵماندنی کارامەیی و لێهاتوویی خۆیان، لە پاڵ شیعری کوردیدا، ژمارەیەکی زۆر شیعری فارسییان وتووە، لە سەردەمێکدا کە کارامەیی مانای ئەوە بوو، کە موعارەزەی هەندێ شاعیری گەورەی فارس بکەن لە قەسیدەکانیاندا))[221].

پێشبڕکێی شاعیرانی کورد لەگەڵ شاعیرانی فارس تەنها لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زمان و هونەرەکانی ئەدەبی فارسی نەماوەتەوە، بەڵکو لە شیعرەکانیاندا هەڵسەنگاندن و کێبڕکێیەکی زۆر دەردەکەوێت لەگەڵ شاعیرانی ناسراوی فارس، و خۆیان بەهاوشانی ئەوان زانیوە، بەڵگەش بۆ ئەمە، مەلای جزیری لە دێڕێکی لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:

گەر لـوئـلـوئی مە نہوں ژ نە ڤمی تە دخوازی

وەر شیعری مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت        (ل، ٢٢٥)

ئەمەشی کەوای کردووە لە خوێندنگە و حوجرە و تەکیە و خانەقاکان کە هۆکاری دروست بوونی شارەزایی و ڕۆشنبیری شاعیرانی کورد بوون لەم کاتەدا، هاوکات لەگەڵ شیعری شاعیرانی کورد هی فارسیش بخوێنرێت، گرنگیدانی شاعیرانی کورد بووە بە شیعری شاعیرانی فارسی و زمانی فارسی، لەم لایەنەشەوە ((غەزەلەکانی نالی و سالم و کوردی لە پاڵ شیعری حافز و مەولانا ز جامیدا، لە بەیاز و کەشکۆل و پەراوێزی کتێبە دەرسی و ئایینییەکان لە مەدرەسەکانی موکریان خوویندراون و نووسراونەتەوە ئەنجا

٢٢٠ ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ -٤٥.

٢٢١ ئەحمەد هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

خۆیان شاعیر و مامۆستای ئەم پێڕەوە ئەدەبییەیان لێ هەڵکەوتووە و برەویان پێداوە، تا ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دامەنگیری شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بوون))[٢٢٢].

لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا کاریگەری ئەدەبی فارسی بەزۆرینەی گۆڕانکاریە کانیەوە گوێزراوەتەوە،

لەگەڵ پەیدابوونی گۆڕانکارییە لە ئەدەبی کوردیشدا دەرکەوتووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لە ئەدەبی فارسیدا، کاریگەریش لە سەر شاعیرانی کوردی قوتابخانەی بابان دروست دەکات، ((قوتابخانەی بابان غەزەل و فۆڕمەکانی شیعری کلاسیکی لەم قوتابخانەیە بە هەندی گۆڕانکارییەوە، لە ژێر چەتری نیزامی عەروز و ڕەوانبێژی (سەبکی عێراقی) فارسیدا بەردەوامی هەیە))[٢٢٣].

هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد شاعیرانی کورد ئەو دەریایانەی کێشی شیعریان بە گۆڕانکاریەوە لە ئەدەبی فارسی وەرگرتووە، ((شاعیری کورد ئەگەر لە بەیتی یەکەمدا تەفعیلەی ساغ (سالم) یان (موزاحیف) یاخوود تفعیلەی جۆر بە جۆری بە کارهێنا، دەبێ تاکوتایی لەسەری بەردەوام بێت. ئویش هەمان ئەو مێتۆدەیە کە شاعیرانی فارسی لەسەری ڕویشتوون))[٢٢٤] و هۆکاری ئەمەشی کە زۆربەی کات نووسەر و لێکوڵەران بە شێوازی جۆراو جۆر ئاماژەیان بە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەدەبیاتی کوردی و فارسی کردووە ((لە ڕووی خەسڵەتەوە هەندێ تایبەتمەندی گشتی باڵیان بەسەر شیعری کلاسیکی کوردیدا کێشاوە، کە لە شیعری عەرەبی و بە زۆری لە شیعری کلاسیکی فارسییەوە سەرچاوە دەگرن))[٢٢٥].

ئەمەیە کە ((شاعیرانی کلاسیکمان زۆر شتیان لە شیعری کونی فارسی وەرگرتووە))[٢٢٦]. کە واتە دەرکەوتنی کاریگەریەکانی ئەدەبی کۆنی فارسی لە سەر ئەدەبی کۆنی کوردی، بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە ((ناتوانرێ ئەدەبی کۆنی فارس لە ئەدەبی کۆنی کورد جیابکرێتەوە))[٢٢٧]. هەر بە هۆی ئەمانەشەوە ((لە

---

٢٢٢ ڕزکار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

٢٢٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

٢٢٤ ئەحمەد هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢-٢٣.

٢٢٥ ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

٢٢٦ ئەبو بەکر عەبدوڵڵا خۆشناو ، لێکچون و جیاوازییەکانی نوێ کردنەوە لای گۆران و نیمائوشیج، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکوی سلێمانی، ٢٠٠٧ز، ل ٢.

٢٢٧ عەلائەددین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٨.

تەنیشت وشە عەرەبییەکان بە کار هێنراوەکان، وشەگەلێکی بەرچاوی فارسیش جێی خۆیان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەکەنەوە))[228]. لەگەڵ ئەمەشدا ((زۆربەی هەرە زۆری شاعیرە کوردەکان هەر لە منداڵییەوە فێری زمان و ئەدەبیاتی فارسی دەبوون و بەرهەمی گەورە شاعیرانی فارسی، وەکو حافیز و سەعدی، جلال الدین ڕومی، هاودەمیان بوون، دیوانی شیعری شاعیرە بە ناو بانگەکانی کورد جزیری، نالی، سالم، شایەتی کاریگەریی شیعری کلاسیکی فارسی لە سەر خاوەنەکانیان دەدەن))[229].

جونکە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بەرهەمی خوێندنی حوجرەو مزگەوتەکانە و ئەوانەش لەویٚ دەیانخوێند بەزمان و ئەدەبیاتی فارسی پەروەردە دەکران و کاریان تێدەکرا، هەروەها مەلای جزیریش یەکێکە لە شاعیرانی یەکەم ئەڵقەی شیعری کلاسیکی کوردیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

---

228 ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

229 سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

## ٢. ٢. هەلومەرجی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لای کورد:

زۆربەی ڕووداوە مێژوویەکان لە ئێران و کوردستان هاوبەشن، ئەمەش بەهۆی هاوسنووری بەشێک لە خاکی کوردستان لەگەڵ وڵاتی ئێران، ئامانجی ئێمە لە باسکردنی ئەو ڕوداوە مێژووییانە ئەمەیە کە، کاریگەری ئەو ڕووداوانە لەسەر کوردستان بزانین لە ئێران و بەهەمان شێوەش لە کوردستاندا ڕوویانداوە، یان بە هۆی ئەمەوە بەرەوپێش چوون و دواکەوتنی ئەدەب و ئەو گۆڕانکاریانەی، کە بەسەر ئەم جیهانەدا هاتوون بخەینە ڕوو، و کاریگەری ئەو ڕووداوانە لەسەر بەرو پێش چوونی ئەدەبیات شێبکەینەوە لە ژێر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکان، تایبەتیش سەردەمی هێرشی مەغۆلەکان، کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی لە ئەدەبی فارسیدا، ((سەردەمی دەسەڵاتی سامانییەکان و غەزنەوییەکان، زمانی فارسی دەری زمانیکی بەهێز و شکومەندیی ئەدەبی بووە، بەڵام زمانیش وەکو لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بەرەو گۆڕانکاری دەڕۆیشت، بەتایبەتی لە سەدەی هەتاوییەوە ڕێگەی خۆش بوو بۆ گۆڕانی سەرەکی لە زمان و ئەدەبدا و لوتکەی ئەم گۆڕانەش بە هێرشی مەغۆلەکان وپەیدابوونی سەبکی عێراقی مسۆگەر بوو))[٢٣٠].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە، دەست بە سەراگرتن و داگیرکاری لە لایەن دوژمنەوە نابێتە هۆی لە ناو بردنی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕۆشنبیری وگەشەسەندنی بەڵکو بەپێچەوانەشەوە، هەر لە بەر ئەمەیە ئەوەی ((جێگای سەرەنجدانە ئەوەیە، کە ئەو هەموو لە تبوونە سیاسی و ناهەمواریانەی دووچاری مولکەکانی ئێران هات، نەبووە هۆیەک بۆ داڕووخانی بواری ڕۆشنبیری لەو ماوانەشدا ( نیزام)ی شاعیر کە لە دەوروبەری باکووری خۆرهەڵات دەژیا، هەر لویشدا سەدی لە دایک بووە، ئینجا چەند سۆفییەکی بەناوبانگ پەیدابوون، وێنەی عەبدولقادری گەیلانی))[٢٣١].

لەو سەردەمەدا شیعری سۆفیگەری گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بە هۆی پەیدا بوونی چەند هۆیەکی بە ناو بانگ لەو کاتەدا.

---

٢٣٠ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٢٣١ ڕزگار عەبدوڵلا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

بێگومان ئەمەش کاری کردۆتە سەر شاعیرانی ئەو سەردەمە، هەر بۆیە سەردەمی سەنجوقییەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکان ((ئەدەبی فارسی لەم قۆناغەدا بە تەواوی گەشەیسەند، لەم سەردەمەدا جەلالەدینی ڕۆمی لایەنیکی هەرەگەورەی شیعری سۆفیگەرییەکانی هۆنییەوە کتێبەکانی سۆفیگەرێتی زیاتر پەرەیانسەند و ژمارەشیان زیادیکرد))[٢٣٢]. مەغۆلەکان نەیانتوانی سوود لە ژێرخانی ڕۆشنبیری ئەم وڵاتانە وەربگرن سەرەڕای ئەوشی کە زۆربەی هەرەزۆری وڵات و ناوچەکانیان داگیر کرد وخێر و بێر و سوودەکانیان بۆ خۆیان برد و کوشتارێکی زۆریان کرد، هەرچەندە کورد لەو سەردەمەدا خاوەنی دامەزراوەی ڕۆشنبیری گەورە و فراوان و خاوەن دەوڵەتێکی سەر بە خۆ نەبووە.

بەڵام بەدەر نەبووە لەو کاریگەریانەی کە لە ئەنجامی ئەو داگیرکاریانە بووە کە ڕووی لە وڵاتاتی هاوسێی کردووە. چونکە ئەگەر دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان موڵکی خۆشیان نەبووبێ ئەوە بەشداریان کردووە لە دروست بوون و بونیات نانی ڕۆشنبیری دەوڵەتانی ناوچەکە، هەر وەکو ((پیاوانی قوتابخانەی کەلامی لە ژینگە عەجەمیەکان ژیاون و عەجەمیەت باڵی کێشاوە بە سەر کتێبەکانیاندا، دیارە ژینگەی عەجەمیش، واتە شوێنی نەتەوە هیندو ئێرانیەکان کە کوردیش یەکێکە لەوان و بەشیک لەو زانایانە بەڕەچەڵەک کوردن))[٢٣٣].

بەڵگەش بۆ ئەمە دەکرێ ناو و بەرهەمەکانی چەند نووسەر و زانایەکی کورد باس بکەین، کە لە پشت بونیادنانی قوتابخانەی ئەهلی کەلامدا بوون، بۆ نموونە (( عبدولقاهیری گورگانی کە خاوەنی (اسرار البلاغە) و (دلائل الاعجاز)ە، و (ابوبکری باقلینی) کە خاوەنی (اعجاز القران) و (عبدالعزیزی گورگانی) و (دینەوەری) کە خاوەنی ( الشعر و شعراء) و ئامەدی کە خاوەنی (الموازن بین ابی تمام و البحتری) و گەلێکی تر))[٢٣٤] .

مەغۆلەکان کاروباریان تەنها دەستبە سەراگرتن و وێرانکاری بووە و بە هیچ شێوەیەک گرنگیان بە لاینی ڕۆشنبیری و نووسین نەداوە، سەرەڕای ئەو هەموو خزمەت و کاریگەریەی کە نووسەرەکانی لەسەر لایەنی وێژە و ڕۆشنبیری دەوڵەت و نەتەوە دراوسێکانی کورد هەیانبووە کە چی لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی نەبوونی نەتەوە و دەوڵەتێکی سەر بە خۆ و دەسەڵات لە نووسراوە مێژووییەکاندا زۆر بەکەمی و لە پەراوێزی

---

٢٣٢ باز ئەلعرینی و شاخەوان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٤.

٢٣٣ سەردار ئەحمەد گەردی، ڕەوانبێژی لە نێوان بوون و نەبوون لە بەشەکانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٢)، ٢٠١٤، ل٩٩.

٢٣٤ سەردار ئەحمەد گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

**دەوڵەت و نەتەوە هاوسێکاندا باسی کراوە، مەغۆلەکان بەهەر نووسرا و سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری گەیشتیان و راستەو خۆ لە ناویان دەبرد هەر بۆیە کاتێک دەس دەگرن بە سەر بەغدادا ((ملیونەها کتێبی بەنرخ و گران قەدریان هەڵگرتن و هەڵیاندانە نێو (دیجلەوە) مەغۆلەکان کرد و کۆشی زانستیانەی سەدەکانی پێشدا یان بەخڕی هەڵدایە (دیجلەوە) ))[٢٣٥].**

**ژێرخانی مرۆیی و وێژەی عێراق و ئێران ماوەیەکی زۆری دەویست بۆ پەرەسەندن و بوژانەوە، ئەمەش بە هۆی وێرانکاری و داگیرکاری مەغۆلەکانن هەر بۆیە ئەگەر ((دانیشتوانی خۆراسان و عێراق تاهەتایە لە زیاد بووندابن هەرگیز ناگەنە یەک لەسەر دەی ئەو ژمارەیەی لە سەردەمی پێش پەلاماری مەغۆلەکان هەبوون، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی ئەو بارە خراپەی بەسەر گەنجینە ئەدەبییەکاندا هات کە چۆن و بە چ شێوەیەک وێرانکران و سووتێنران))[٢٣٦].**

**هەروەها ((ماردین قەڵاو شوورەی بەرز و دامەزراوی هەبوون، مەغۆلەکان بە بینینی سەر سام بوونی.**

**وێنەری خۆیان بە کۆمەڵێک هەڕەشە و گوڕەشە بۆلای مەلیک (سعید)ی حکومڕانی بە ڕیکرد خۆی بە دەستەوە نەدا و گوتی: لە خودا بەزیاد بێ قەڵا پڕە لە ئازوخە و خواردەمەنی و چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و قارەمانانی کوردیش خۆیان بۆ بەرەنگار بوونەوە ئامادە کردووە))[٢٣٧].**

**هەر چەندە کوردەکان بەرگری زۆریان کرد، بەڵام هەڵی بەرگری کردنیان بێ سوود بوو و نەیانتوانی ئامەد لە ژێر دەست و هێرشەکانی مەغۆل بپارێزن، لە ئەنجامدا ((مەغۆلەکان توانیان بە ئامانجی خۆیان بگەین و (ئیمارەتی ماردین) بخەنە ژێر ڕکێفی حوکمی خۆیانە و ولە ویشەوە دەست بەسەر (دیاربەکر)دا بگرن))[٢٣٨]. لەگەڵ هەموو ئەو ژیان و داگیرکاریەی کە برِ دەوڵەتانی هاوسێی کوردستانە کەوتووە لە لایەن مەغۆلەکانەو، هێشتا نە گەیشتووە بەڕاوەی ئەو ژیانانەی کە بەر کوردستان خۆی کەوتووە، ئەمەش لەبەر**

---

٢٣٥ ئەبو بەکر ڕەسول محمد و علی محمد صلابي، دەولەتی مەغۆل و تەتار لە نیوان بلاوبوونەوە و تێکشکاندا، دەزگای چاپی دار المعرفە، چاپی یەکەم، بەیروت – لوبنان ٢٠١٠، ل٢٦٥.

٢٣٦ سەید باز تەلعرینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

٢٣٧ ئەیو بەکر ڕەسول محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٠.

٢٣٨ ئەبو بەکر ڕەسول محمد و علی محمد صلابي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٢.

**ئەوەی کوردستان بنەمایەکی دەوڵەتداری بە هێزی نەبووە، چونکە ئەوکاتە ((تراژیدیای کورد لە دوو بەرەکایەتی عەشایەرگەری و سیستەمی ئاغایەتی و میرایەتی سەرچاوە))[٢٣٩]. ی گرتووە، هەر لەبەر ئەمەیە کەمترین دەست بەسەراگرتن لە لایەن دوژمنەوە گەورە ترین مەترسی و ژیانی بەسەر مایەی میللەی کورد گەیاندوە ئەگەر تێبینی بکەین ئەم کاریگەریە بەتەواوی دەبینین ئەمەش لەکاتی پەلاماری مەغۆلەکان ((دەوڵەتی ئیلخانی مەغۆل لەسەر کێشەوەرە وێرانەکەی عەبباسییەکان و هەموو دەوڵەتە وردەڵەکانی کورد و ئیسلام دامەزرا، کوردەکان ئەوەندە یەککەوتوو بوون، تابەینێک ناونیشانی نەتەوایەتییان دیارنەبوو))[٢٤٠].**

**مەغۆلەکان زۆر بە ئاسانی ناوچەکانی کوردستانیان داگیرکردووە و هەر چۆن حەزیان کردبێ هەڵس و کەوتیان کردووە، چونکە میرەکانی کوردستان خاوەن هێزێکی جەنگی وا باش و ڕێکخراویان نەبووە، هەر بە هۆی ئەمەوەیە ئەو ناوچە کورد نشینانە زۆرترین کوشتا و داگیرکاری وێرانکاریان تیادا ئەنجام دراوە، هێزەکانی مەغۆل ناوچەکانی ماردین و سنجار و دیاربەکریان خستە ژێر دەستی خۆیان و داگیریان کرد دەستیان بە کوشتن و برین کرد، بەبێ ئەوەی یەک کەس بتوانی و زاتی ئەوەی هەبێ پاریزگاری لە خۆیان بکەن ڕێگە لەو تاڵانکاری و کوشتن و کوشتارگەیە بگرن، کە کەسێکیان دە ڕۆشت بۆ لادێیەک یان ڕێگەیەک کە دانیشوانێکی زۆری هەبێ بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو کەسانە بتوانێ ڕوو بە ڕووی ببێتەوە، یەک بە یەک دەیکوشتن، زۆر بە کەمی خەڵک توانیویەتی ڕوو بە ڕوویان بوەستێت، زەبروزەنگی سەربازانی مەغۆل ئەوەندە بەسەبر و بەهێز بووە، لەم لایەنەشەوە پیاوێک باسیکی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (( سوارێکی تەتەر هات بۆ لامان پێی وتین: دەستی یەک تر ببەستنەوە، هاوەڵەکانیشمان کەوتنە جێبە جێکردنی فرمانەکەی، منش پێم وتن، ئەو یەک کەسە بۆچی نەیکوژین بەڵکو خودا ڕزگارمان بکات، دەی سوێند بەخودا کەس نەی وێرا ئەو کارە بکات، بۆیە خۆم بە تەنها چەقۆیەکم هەڵگرت و کوشتم وڕامانکرد و ڕزگارمان بوو))[٢٤١].**

---

٢٣٩ فەرهاد پیربالێ، کورد لەدیدی ڕۆژهەڵات ناسەکانیەوە، چاپخانەی ئوفیستی شڤان، چاپی سێیەم، هەولێر، ل٢٥٦.

٢٤٠ سالح قەفتان، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تائەمڕۆ، چاپخانەی ئوفێستی شڤان، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٥٦.

٢٤١ ر ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

**داگیرکاری مەغۆلەکان هەرجارە و شوێنێکی دەگرتەوە و تەواو درێژەی کێشا، لەگەڵ هەریەک لەو هێرشانەش ناوچەیەکی کوردی دەگرتەوە. ئەوتا (( لە ساڵی ١٢٢٤ز دا سوپایەکی دیکەی مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر هەمەدان و شکستیان بە دانیشتوانەکەی هێناو دەستیان کرد بە تاڵانکردنی ئەو شتومەک و پارە و ئاژەڵانەی، کە دەستیان پێدەگەی))[٢٤٢].**

**لە چوار چێوەی ئەوەی کە داگیرکاری و بێ بەزەیی مەغۆلەکان زۆرینەی شارە کوردیەکانی گرتەوە ((لە هەر دوو ساڵی ٦٣٢ و ٦٣٣ ی هەتاوی، ١٢٣٤-١٢٣٥ز دا، مەغۆل چونە هەرێمی اربیل (هەولێر) و کەوتنە جەنگ لەگەڵ پایتەختەکەیدا، بەڵام خەڵکی شارەکە بەپەلە چون بۆ قەڵاکە و لەوێ کەوتنە خۆ بە هێزکردن، مەغۆلیش (چل) ڕۆژ گەمارۆیاندا. دوای ئەوەی مەغۆل بیستیان کە کۆمەکی لە بەغداوە هاتووە ئەوێیان بەجێ هێشت))[٢٤٣].**

**مەغۆل لە هێرشەکانیان نەوستان بۆ داگیرکردن و دەسبەسەراگرتنی ناوچە کوردییەکان و خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بۆیە ((کاتێکی زۆری نە برد، مەغۆلەکان گەڕانەوە ولە ساڵی ٦٣٥ ی هەتاوی (١٢٣٧ز) چونەوە بەرەو ئەوشارە و مسوڵمانانیان لە خانەقین شکست پێهێنا و ژمارەیەکی گەورەیان لێ کوشتن))[٢٤٤].**

**سەرەڕای هەموو ئەو پەلامار و داگیرکاریانەش کوردستان دابەشکرا و پارچە پارچە بوو، ((ئێلخانییەکان لە ناو خۆیان بوون بە دوو بەرە و بەگژیەکا چوون، لە دوایيدا ئەمانە کێشوەرەکەشیان بەشکرد لە ٧٣٨ هەتاوی ١٣٨٢ز یشا عێراق بۆ هۆزی جلاییری یەکان ساغبووەتەوە))[٢٤٥].**

**بە پێی ئەو نووسراو و سەرچاوە مێژووییانە پەلامارەکانی مەغول بۆ سەرخاکی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان، زەرەر و زیانەکان لە وڵاتانی ناوچەکە و ئێران نە کەمتر نەبوو بگرە زیاتریش بووە، ئەگەر بەتەواوی سەیری هەر نووسراو و سەرچاوەیەک بکەین دەبینین بەوڵاتێکی سەر بە خۆ باسی کوردستان نەکراوە، هەر لەبەر ئەمەش پرسی لە ناوبردنی ژێرخانی ڕۆشنبیری و ویژەیی نەخراوەتە ڕوو، ئەمەش لە**

٢۴٢ سەردار باز ئەلعرینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠-١٥١.

٢۴٣ فوئاد عەبدول موعتی ئەلسەیاد، ، مەغۆل لە مێژوودا، و نهاد جلال چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١١، ل٢١٢.

٢۴۴ فوئاد عەبدول موعتی ئەلسەیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

٢۴۵ساڵح قەفتان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

دەرئەنجامی ئەوە بووە کە کورد دەوڵەتێکی سەر بە خۆ و بە هێز نەبوو، واتە کورد لەم ڕوانگەیەوە تەواو زەرەر مەند بووە کە بەرگری لە دانیشوان و

هاوڵاتیانی خۆی پێنەکراوە، نەک ژێرخانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی خۆی بپارێزی، لەو لایەنەوە دەکرێ بگوترێ زەرەر و زیانەکانی ژێرخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کورد هاوشانە لەگەڵ ژیانەکانی ژێرخانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دراوسێکانی چونکە ئەگەر تەنانەت خاوەنی سەرچاوە و نووسراوێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی تایبەت بە خۆشی نە بووبێ، ئەوە بۆ بنیادنانی ئەو سەرچاوانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی بەشدار بووە.

**٢. ٣. ڕەنگدانەوی تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی لە غەزەلە کوردییەکانی جزیریدا:**

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی زمانی شیعری کلاسیکی قورسی زمانەکەیەتی، ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی زمانی تر جگە لە زمانی کوردی وەکو ئاماژەمان پێداوە، ئەمەش یەکێکە لە سیما زمانیەکانی شیعری سەبکی عێراقی، ئەم تێکەڵیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی تەواو شارەزا بوون لە زمانی تر وەکو زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی، ئەمەش بە هۆی شوێنی جوگرافییەوە، واتە بە هۆی نزیکیان لە کوردستانەوە، و حوجرە و مزگەوت و خانەقاکاندا دیوانی شاعیرانی بەناوبانگی فارس خوێنراوە، کە شارەزایی زۆریان پەیدا کردووە، لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا جێی خویندەواری کۆمەڵگە و شاعیرانی کلاسیکی هەموویان خوێندکار و دەرچووی مزگەوت و حوجرەو خانەقاکان بوون مەلای جزیری بە هۆی هاتوو چۆی مزگەوت و حوجرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، شارەزاییەکی باشی لە زمان و ئەدەبی فارسیدا هەبووە، چونکە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئێراندا بووە و زمانی خوێندن و نووسینی فارسی بووە، بەڵام لەگەڵ دابێ زمانی فارسی ڕێگە پێدراوە،

## ٢. ٣. ١. زمانی شیعری مەلای جزیری لە ئاستی غەزەلدا:

### ٢. ٣. ١. ١. زمانی تێکەڵ بە عەرەبی:

بەکارهێنانی وشەی عەرەبی یەکێکە لەتایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری سەبکی عێراقی، (مەلای جزیری)* وەک شاعیرێکی کورد هاوشانی ئەدەبی بەرێژەیەکی زۆر وشەی عەرەبی بکار هێناوە و گرنگ پێداوە بەڵام وشەی تورکی و فارسیش پشت گوێ نەخستووە، ئەمەش بە هۆی بارۆدۆخی سیاسی ئەوکاتەی کوردستان کە ئەمەش دەرهاوێشتە و دەرئەنجامی ڕەوشی مێژوویی کۆمەڵگە و ئەدەبیاتی کورد بووە لەو سەردەمەدا، کە شاعیران لە ڕێگەی غەزەلەکانیانەوە کاریگەری زمانی عەرەبی و فارسییان لە سەر زمانی کوردی نیشان داوە و خستوویانەتە ڕوو.

نموونەی شیعری:

ئەرواحێ موقەددەس شەبێ قەدران تە دخوازن

نـوورا تەیـە میسبـاح د قیندیـلـێ حـەرەم دا (هـ ل ٩)

---

* (مەلای جزیری) ناوی ئەحمەدە ناوی باوکی محمەدە بووە، لە بنەماڵەی ( ئەنساریان) بووە، کە یەکێکە لە بنەماڵە دیارو ناودارەکانی جزیری بۆتان لە ساڵی ٩٧٥هـ /١٥٦٧م لە شاری جزیرە لە دایک بووە، لە حوجرەی مزگەوت دەستی بە خوێندن کردووە. لە لای باوکی، چونکە ئەویش مەلایەکی ناودار بووە. هەندێ لە سەردەمی فەقییەکانی لە چەندن شوێنیکی وڵاتی کوردەواری بردۆتە سەر بەمەبەستی خوێندن، کە لە ئامێدی و جۆلەمێرگ و ئامەد(دیاربەکر) ژیاوە.لە خویندندا زۆر زیرەک و پێشکەوتوو بووە.

لەفارسی و عەرەبی زۆر شارەزا بووە، ولە تەمەنی (٣٢)ساڵیدا لە گوندی (سترباس) لە دیاربەکر ئیجازەی عیلمی وەرگرێت و چەند ساڵێک هەر لەوێ دەبێت بە مەلا.

مەلای جزیری، وانەی زانستە ئیسلامیەکان و زمانی عەرەبی وتۆتەوە، هەروەها ئیجازەی مەلایەتیشی خۆی ولە جزیری بۆتان زیندەگانی کردووە، تا گەیشتۆتە سەرووی تەمەنی حەفتا ساڵیو لە ساڵی (١٠٥٠هـ / ١٦٤٠) کۆچی دوایی کردووە.

لێرەدا سودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: ( مارف خەزنەدار- مێژووی ئەدەبی کوردی، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی- دیوانی مەلای جزیری، عەلائەددین سەجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی ).

تێکەڵکردنی زمانی عەرەبی و تورکی لەگەڵ زمانی فارسی تایبەتمەندی شیعری سەبکی عێراقییە لە زمانی فارسیدا، بەڵام مەلای جزیری لە پاڵ زمانی کوردی و عەرەبی وتورکی گرنگیەکی بە زمانی فارسیش داوە لە شیعرەکانیدا،

نموونەی شیعری:

وان دەست و زەند و ساعدان مەی دانە شێخ و زاهیدان

مەستی ب چەشمێ شـاهیدان ئەو نێرگزا سـیراب دا          (هـ ٢٠ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر وشەی (چەشم) ئەی بەواتای چاو بەکار هێناوە وەکو وشەیەکی فارسی.

لە دێڕی ترش وشەی فارسی بەکار هێناوە کە دەڵێ:

سـوفلەوێ ئـینـامە ئـاڤێتم زەمینا زولـمەتێ

لێ کو هشیارم گەلۆیان خەونە من دیتی ب خواب          (هـ ل ١٠٥)

لەم دێرەشدا مەلای جزیری وشەی (زەمین و زولمەتێ و خواب)کە یەکەم وشە بە واتای ئەرز دێت و دووەم وشە بە واتای تاریکی دێت و سێیەم بەواتای خەو دێت ئەم وشانە وشەی فارسین.

٢. ٤. ١. ٢. زمانی شیعری جزیری لە ئاستی وشەدا:

بە هەر حاڵ لە شیعری جزیریدا، ((وێڕای باڵادەستی خۆی، وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی زۆر جار بەر چاو دەکەوێت وئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا بەحوکمی ئەوەی کە دەمێک لە ژێر دەسەڵاتی فارس و دەمێک دەسەڵاتی تورکی بەسەر بووە و زمانی ئایینیشی عەرەبی بووە))[٢٤٦]. لە غەزەلە کوردیەکانی دا، بەو ڕادەیەیی لە چەند دێڕێکدا زیاتر لە نیوەی وشەکان کوردی نین وەکو لەم دێڕە شیعرەدا بەدی دەکرێت، کە دەڵێت:

مەرا ژەووەل چ بر؟ خـامی، کشـاند اخر بە بـد نـامی

٢٤٦ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

ژ ڕەنگی سەعدی و جامی ژ شوهرەت پیٚ حەسین عامی

ب دەنگ و بانگ و ئـاوازی دبێژت نە غـمەیا سازی

نـهان کی مـاند ان رازی کـزو سازند محفل ها؟ (هـ ل ٥)

لەم دێڕە شیعرانە وشەی عەرەبی لە دێڕی یەکەم و دووەم هاتووە وەکو (اخر، نەغەم)، و وشەی (شوهرەت)تیش وەکو زاراوەیەکی تورکی بەکارهێناوە، هەروەها وشەی فارسیش ڕوونە لە کۆتایی ئەم دێڕانەی سەرەوە وەکو (نهان کی ماند ان رازی کزو سازند محفل ها)

مەلای جزیری لەم دێڕەشدا دەڵیٚ:-

ئیرۆ ژ مەل بەدرا تەمام عەنبەر فشان بن سەد سەلام

((هـدهـد شـیرین کـلام! اهـلا و سـهلا مرحبـا)) (هـ ل ٣٤)

لەم دێڕە شیعرانەدا دەردەکەوێت کە شاعیر زیاتر لە زمانێکی بەکارهێناوە، دەکریٚ ئەمە بگێڕینەوە بۆ چەند هۆکارێک، لە لایەک ئەمەدە بێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی شیعرەکە، بە شێوەیەک دەکریٚ ناوی بنین جیاوازی و جوانکاری، یاخود شاعیر لە بەر دوژمن بەم شێوەیە شیعری نووسیوە تا بە باشی لە مانای شیعرەکەی تێنەگات پێگومان هەندیٚ جار بۆ زیرەکی و پرهەستی شاعیر دەگەڕێتەوە، کە ناخی ئەوەندە پڕ هەست و سۆزی ئەوەندە جیاوازە کە ناتوانیٚ بەتەنها یەک زمان ناخی خۆی لە شیعرەکەدا دەربخا.

هەروەها (( شێوازی جزیری لەم ئاستەشدا سەرنج ڕاکێشە فەرهەنگی وشەی جزیری فراوانە و هەر سیٚ فەرهەنگی وشەی کوردی و عەرەبی و فارسی دەگرێتەوە))[٢٤٧]. هەروەها کەمیٚ وشەی تورکیش ئاوێتەی هەڵبەستەکانی بووە.

٢٤٧ شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئیکیٚ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، سالا ٢٠٠٨، ل٧٦.

**ڕێژەی وشەکانی بەکارهاتووە لای جزیری لەم خشتەیەدا بە تەواوی باسی کردووە:**

| | | |
|---|---|---|
| **تێکڕای وشەکان** | **٢٤١٢٩** | **١٠٠٪** |
| **وشەی کوردی** | **١٤٠٢٢** | **٥٨،١١٪** |
| **وشەی عەرەبی** | **٦٢٥٠** | **٢٦،٣١٪** |
| **وشەی فارسی** | **٣٦٧٦** | **١٥،٢٣٪** |
| **وشەی تورکی** | **٨١** | **٠،٣٣٪** |

**((لەم خشتەیە سەرەوەدا زۆر لە ئامرازی پەیوەندی و ئەرکداری کوردی، کە سیمای کوردی شیعرەکان زیاتر دەکات، وەکو (ژ، ب، د . . . دا، ل) کو نەژمێردراون، ئەگینا ڕێژەی وشەی کوردی زۆر زیاتر لەو ژمارەی سەرەوە دەبوو))[٢٤٨].**

٢٤٨ شەعبان چالی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

### ٢. ٣. ١. ٣. نەرمی زمانی شیعری:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری سەبکی عێراقی هەبوونی نەرمی زمانە واتە شیعرەکانی بە زمانێکی پارا و نەرم و مۆسیقا دار بووە سەرنجی خوێنەری ڕاکێشاوە بۆ لای خۆی مەلای جزیریش یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە زمانی شیعری نەرم و نیان بووە و زبری بەکار نە هێناوە و بەڵگە لەسەر نەرم و نیانی زمانەکەی کە لەم دێڕەدا دەردەکەوێت:

سوحبەت ب سازان هاتە ساز     پیٚ مەووجی دەریاییٚ نا

دا دل نوو بـاییٚ مەجـاز     ویٚ کەشتییٚ سوککانە ڕەقس     (هـ، ٣٣٦)

مەلای جزیری ئاماژەی بە (سوحبەت و ساز و ڕەقس) کردووە لە دێڕە شیعرەکەدا و ئەڵێت قسە و بەزمی خۆش بەسازان ساز درا و دەریای ناز کەوتە شەپول دان و ئەم بەزم و هەرایە وەکو کەشتی بەناو دەریای نازدا دەڕوات سوکانەکەش هەڵپەرکیٚ و هەڵپەڕینە وەک جۆن کەشتی دەبیٚ بای باش هەبیٚ ڕۆشتن و ئاژوتن.

### ٢. ٣. ١. ٤. دەرکەوتنی زاراوەی زانستی:

تایبەتمەندییەکی هەر دیار و گرنگی ئەم سەبکی کە شاعیرانی بایەخێکی زۆریان پێداوە، دەربڕینی زاراوە زانستیەکانە، کە مەلای جزیریش بەدەر نەبووە لەمەو لە غەزەلەکانیدا ناوی هەندیٚ لە زاراوە زانستیەکانی هێناوە، هەروەها ناوی هەندیٚ زانا و ناونیشانی پسپۆڕی و ئامێر و کەرەستەی تر، کە بەرهەم و هەوێنی داهێنانی زانستین، لەم چەند دێڕە شیعرانە دا کە دابەشمان کردوون ئەم بابەتانە دەخەینە ڕوو:

### ٢. ٣. ١. ٤. ١. زاراوە و وشەی زانستی گشتی:

(خووێندن و خووێندەواری): مەلای جزیری لە چەند دێڕێکدا زاراوەی زانستی بەکار هێناوە، هەر وەکو دەڵێت:-

ئیسمێ تەیە مەكتووب د دیوانێ قیــدەمــدا

حەرفەک قەلەمێ عیلمێ ب تەقویمێ ڕەقەم دا (هـ٧)

مەلا لەم دێڕەدا زاراوەی (قەلەم) هاتووە، زاراوەی قەلەم یەكێكە لەو كەرەستە گرنگانەی كە ڕۆڵێكی گرنگی گێڕاوە و دەگێڕێت لە خزمەتكردنی هەموو زانستە جیا جیا كاندا، بۆیە دەتوانرێت وەكو زاراوەیەكی زانستی گشتی هەژماربكرێت، چونكە بە بێ جیاوازیی خزمەتی زۆربەی زانستەكانی كردووە.

٢. ٣. ١. ٤. ٢. زاراوەی زانستی پزیشكی:

لەم بارەیەوە جزیری دەڵێ:-

قەدەحەک تازە ژ عیشقی د ئەزەل دامە حەكیمی

ژێ د نووشین هەی و هەی هی ب خوە جاما مە لە بالەب (هـ ٨٦)

(حەكیم) كە لەم دێڕەدا هاتووە، لە زانستی پزیشكیدا بەو كەسانە دەگوترێت، كە چارەسەری نەخۆش دەكەن، كەواتە زاراوەیەكی زانستی پزیشكییە. هەر لەم بارەوە مەلای جزیری دەڵێ:

پور ب وان جەرحان خۆ تیرن لۆ كو دی دەرمان دكەن

شەربەت و ئاڤا حەیاتێ شەككەر و قەند و گولاب (هـ ٩٨)

لەم دێڕەدا (دەرمان) شاعیر ئەم وشەیەی وەكو زاراوەیەكی زانستی پزیشكی بەكار هێناوە لەگەڵ شەربەت ئاوی حەیات. وشەی (دەرمان) بەو ماددانە دەگوترێت كە وەكو چارەسەر دەدرێت بە نەخۆش، لە دێڕێ دیكەشدا مەلا دەڵێ:

ساقی كو دێم مەهوەش بتن

كاكول ژ شێڤا ڕەش بتن

قەرقەف بلا ئاتەش بتن

ئەم دێ ب وێ دل كین عیلاج (هـ ٢٠٧)

شاعیر لەم دێڕەدا وشەی (عیلاج) بەکار هێناوە وەکو زاراوەی زانستی پزیشکی کە نەخۆش پێویستی پیٚ هەیە.

مەلای جزیری لە دێڕی تردا دەڵیٚ:

هەر نەشتەر و شۆکێن کو حەبیبێمە ل دل دا

من یەک ب یەک و تێک ل دەردیٚ خۆە شیفا گرت (هـ ١٤٨)

مەلا وشەی (نەشتەر )*ی بەکار هێناوە کە تایبەتە بەزاراوەی پزیشکی، و ئەوەمان پیٚ ئەڵێت کە هەر نەشتەر و هەرشتێک کە ئازار دەبەخشێت لە لایەن خۆشەویستمەوە بچێتە دڵمەوە ئەوا من بەمایەی چاکبونەوەم دەیزانم.

٢. ٣. ١. ٤. ٣. زاراوەی زانستی کیمیا:

لەم چەند دێڕەدا دەردەکەوێت، کە مەلای جزیری دەڵیٚ:

یاقووت فرۆشان د کەف ئەلماس شکەستن

ئەڤ سەفحەییٚ ئەلماسیٚ کو نەققاشی ڕەقم دا (هـ ١٠)

لەم دێڕەشدا شاعیر(یاقووت و ئەلماس) وەکو زاراوەیەکی زانستی کیمیا بەکاری هێناوە، ئەم زاراوانەش یەکیکن لەو ماددانەی بە چەند کارلێکێکی کیمیایی لە ماددەی تر بەرهەم دەهێندرێت.

شاعیر لە دێڕی تردا دەڵیٚ:

نووره پڕ نادر وجووده

گەرچی ئەووەل نار و دووده

بەرقیٚ لامیع دی ل کووده

---

* (نەشتەر) بەواتای تیخی برین دێت کە پزیشک بەکاری دینی.

حوب دقەلبان کیمیایە        (هـ ٥٣٤)

شاعیر لە دێڕەشدا دەڵێ:

دل ژ بەر ناریٚ مەجازی (بالحقیقت) بوو پەرەنگ

نار قلبی فی هواە مثل نار فی الحدید        (هـ ٢٥٩)

مەلای جزیری زاراوەی (حدید) بە کار هێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی کیمیایی.

٢. ٣. ١. ٤. ٤. زاراوەی زانستی فیزیا:

جزیری چەند زاراوەیەکی لەم بارەیەوە بەکار هێناوە وەکو:-

د چەرخیٚ وەک نجووم دێم دوڕ سەما هاتن قیڕانا یەک

هەییڤا بەدر بوو ئەو سوڕپەری من دی د ڕەقسێدا        (هـ ٦١)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا وشەی "نجووم" بەکار هێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی فیزیایی.

شاعیر لە دێڕیکی تردا دەڵێت:

لەو ب شەش بورجان عوتارید ژافتابیٚ دوور بوو

لیٚ زوحەل بوو موشتەری ئاڤیتە چەرخی ئینقلاب        (هـ ١٠٢)

"عوتارید" کە لەم دێڕەدا هاتووە، ئەستیرەیەکی گەرۆکە، شاعیر ئەم وشەیەی وەکو زاراوەیەکی زانستی فیزیایی بەکار هێناوە لەگەلٚ ((زوحەل و موشتەری)).

٢. ٣. ١. ٤. ٥. زاراوەی زانستی بیرکاری:

له دەربارەی زاراوەی زانستی بیرکاری مەلای جزیری دەڵێ:

ئەڤ چ تەقلید و خطابن چ بطاطن تو دکی

سەری ڤیڕا دهەژینی ب دوسەد ئاهـ و کەسەر (د.ج. ١٤٣)

مەلای جزیری لەم دێڕە شیعرەدا وشەی (دوسەد) ی بەکارهێناوە وەکو زاراوەی زانستی بیرکاری، هەروەها شاعیر له دێڕێکی دیکەشدا دەڵێ:

تەب وتابێ هەزار ئشکەنجە دا دل

ژ شیرازێ نگاهی مەستێ تەبریز (د.ج. ١٥١)

لەم دێڕەشدا شاعیر وشەی (هەزار) ی وەکو زاراوەی زانستی بیر کاری بەکارهێناوە.

٢. ٣. ١. ٤. ٦. زاراوەی زانستی فەلسەفی:

مەلای جزیری گرنگی زۆری بە زاراوەی فەلسەفی داوە و بەکاری هێناوە له غەزەلەکانیدا بەلای مەلاوە فەلسەفە زانستێکی بە ڕواڵەت وئاشکرایە بەڵام بە شاراوە و پر له نەهێنیان دەزانێ پەی بردن بۆ ئەم زانستەش بەلای هەمووکەسێکەوە هەروا کارێکی ئاسان و سادە نیە بۆیە زۆر کەس ناتوانێت دەستی بۆ بەرێت و کاری لەسەر بکات چونکە پێویستی بە شارەزایی و ڕۆشنبیرییەکی زۆر هەیە هەمووشمان دەزانین فەلسەفە دایکی زانستەکانی ترە و له ڕێگەی فەلسەفەوە زانستەکانی تر گەشە دەکەن هەر له بەر ئەم گرنگیەش مەلای جزیری زاراوەی فەلسەفی له شیعرەکانیدا بەکار هێناوە. زانستەکان له سەردەمی مەلای جزیری و پیش ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ دوو بەشی ئایینی و فەلسەفی دابەش بون، ((زانستە داناییە فەلسەفییەکان خودا ناسی و زانستە بیرکارییەکان و زانستە سروشتییەکان دەگرێتەوەو و لۆجێکزانیش ئامێر و ئامرازی ئەم زانستانەیە هەبوونی ئەم زانستە جۆراو جۆرانە بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی مرۆڤایەتی داناییەکی خوداییە ؛ چونکە سروشتەکانی مرۆڤ جیا جیا و هەمە چەشنە لەبەر ئەوەی سروشتەکانی مرۆڤ بۆ ڕاگرتنی خواستەکانی ئەو هێزەی نەبوو بۆیە پەیوەندی گەلێکی شاراوە و بۆنەگەلێکی

خودی لە نێوان سروشتەکانی مرۆڤ و پۆلێنی زانستەکاندا هەیە و هەر مرۆڤێک بۆ بەشێک لە بەشەکانی زانستەکان ڕاکێش دەکرێت))[٢٤٩]. مەلا لەم دێڕەدا دەڵێ:

فەیزا عولوومێ فەلسەفە    پور کفشە لێ ستر و خەفە

من دی د جامەک قەرقەفە   فینجان ب جان من جورعە دا      (هـ ٦٦٨)

لەم دێڕەی سەرەوە ڕوونە بۆمان کە جزیری وشەی (فەلسەفە) بەکار هێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی فەلسەفی.

٢. ٣. ١. ٤. ٧. زاراوەی زانستی پیشە سازی:

مەلای جزیری هەروەها زاراوەی زانستی پیشەسازیشی بێبەش نەکردووە لە شیعرەکانی و دەڵێ:

پیرێ موغان ژ شیشەیێ    دا مە سەفینە کێ مەیێ

شوکرێ خودێ کو قولزومەک   من ژ خۆرا قەبالە کر        (هـ ٢٧١)

لێرەدا شاعیر وشەی (سەفینە)ی بەکار هێناوە ئەمەش واتای کەشتی دەگەیەنێت وەکو زاراوەی پێشەسازی بەکاردێت.

٢. ٣. ١. ٤. ٨. ڕەنگدانەوەی زاراوەی زانستە ئیسلامیەکان:

مەلای جزیری وەکو کەسێکی شارەزا و ڕۆشنبیر لە زانستە ئیسلامییەکان، وشە و زاراوەکانی ئەم زانستەی لە شیعرەکانی دا بەکار هێناوە و لێیان سوود وەرگرتووە، کە ئەم بەشانەی زانستە ئیسلامییەکانی بەکارهێناوە:

---

٢٤٩ سالار عەزیز مەحموود، هزری فەلسەفی لە شیعری جزیری دا، نامەی دکتۆرا کۆلێژی زمان لە زاکوی سەلاحەدین، هەولێر، سالی٢٠١٠، ل٦٠.

**٢. ٣. ١. ٤. ٨. ١. زاراوەی زانستی کەلام:**

بریتیە لە ((ئەو زانستەی کە بەشێوەیەکی عەقڵی* و نەعەقڵی* لە بارەی بیر و باوەڕی ئایینەوە دەدوێت و کار لە سەر دەربڕین و سەلماندنی بیر و باوەڕی ئایینی دەکات و وێڕای وڵامدانەوەی گومان و ڕەخنەکانی نەیاران، بەرگریش لەم بیرو باوەڕانە دەکات ))[٢٥٠].

مەلای جزیری بەم شێوەیە زانستی کەلامی بەکار هێناوە :-

فەیزا عولوومێ حیکمەت جاما سەدەف کو گێرا

مە ژ دەستێ موغبەچان دیت ب مەسحەف و ب ئایەت (هـ ١٦٥)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا (حیکمەت)ی وەکو زاراوەیەکی زانستی کەلام بەکار هێناوە، بە ڕێگایەکی نەعقڵی وا کە خۆی باوەڕی پێیەتی بەرگریی لە ئایین کردووە.

**٢. ٣. ١. ٤. ٨. ٢. زانستی فقهـ** (شاهید، تەصدیق):

شاهید: مەلای جزیری دەڵێ:

دا شاهیدێ ئەسما بە هەمی وەجهی بناسین

یەک مەستێ سەمەد کر ب یەکی نەقشێ سەنەم دا (هـ ٨)

---

* شێوەی عەقلی بریتییە: لەو جورەی کە تەنها پشت بە بەڵگەی قورئان و فەرمووده نابەستیت بەلکو پشت بە بەڵگەی عەقلیش دەبەستیت بۆ بەرگریکردن زگفتو گۆ کردن لەگەڵ نەیارەکانی. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عیراقی لە شیعرەکانی سافیدا، ڕزگار عەبدوڵلا ئەحمەد، ل ٧٢.

* شێوازی نەعەقڵی بریتییە: لەو جۆرەی کە تەنها پشت بە ڵگەی قوڕئان و فەرمووده دەبەستیت بۆ بەرگریکردن و گفتو گۆ کردن لەگەڵ نەیارەکانی. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

[٢٥٠] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

شاعیر لەم دێڕەدا وشەی (شاهید)ی بەکارهێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی فقهـ کە لەسەرەتای دێڕەکە دەرکەوتووە.

مەلای جزیری لەم دێرەدا دەڵێ: -

بووم شەریف ئەز باستانێ        شاهیدێن وێ گولستانێ

ساقیناجام جام دданێ            کەو کەبان سەیوان فەدایە    (هـ ٥٤٠)

وشەی (شاهد) لەم دێڕەدا هاتووە وەکو زاراوەیەکی زانستی فقهی کە ڕوونە بۆمان لە دێڕی یەکەمدا.

تەصدیق: شاعیر لەم دێڕەدا دەڵێ:

دەم ب دەم ئەو چەهڤە نێرە      بێتە نیشانەک مە ژێرە

دا ببت ئەو زیندە ڤێرە           یارێ سادق بێ بو هایە     (هـ ٥٣٣)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا ئاماژەی بۆ وشەی (سادق)ی کردووە وەکو لە دێڕی دووەم ڕوونە بۆمان.

عاشقێن سادق د کێمن          ما دبێ سەد جان فدێ من

زانم ئەو ناژیتە بێ من          عاشق و پڕ موبتەلایە        (هـ ٥٣٢)

شاعیر لەم دێڕەدا کە وشەی (سادق)ی بەکارهێناوە وباسی عەشقی خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت: خۆشەویستی ڕاستگۆ سەد گیان قوربانی بێت وکە ئەزانم یار بێ من ناژیات و عاشقیش زۆر موبتەلایە بەم عەشقەوە.

٢. ٣. ١. ٤. ٨. ٣. زانستی عیرفانی: (زوهد، صۆفی، شێخ، وەصل، فیراق)

عەشق و خۆشەویستی لای ئەمانە بەدی دەکرێت، کاتێک دەگەن بەم ڕاستیە بە هەموو وجودیانەوە وشەکان دەردەبڕن.

پاکی و راستگۆیی دەردەخەن، شاعیریش هەست بەم جوانییە دەکات و دێڕە شیعرەکانی لەم لایەنەش بێبەش نەکردووە.

زوهد:  شاعیر دەڵێت:

خەرقەتیٚ زەرق و ژەنگیٚ زوهد من ب مەیێ موغانە شوست

شوست و شووێک د مەیکەدیٚ ئەووەلیٚ کار فەرزە، فەرز          (هـ ٧٠٩)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وشەی (زوهد)ی بەکار هێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی عیرفانی.

صۆفی: دەربارەی سوفیەتی شاعیر دەڵیٚ:

سوفییێ خەلوەنشین بێنە سوجوود

هەردوو برهێن تە نە میحرابیٚ دوعا          (هـ ٧٢)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا وشەی (سوفی) بەکار هێناوە، وەکو زاراوەیەکی عیرفانی و وەکو دەبینین کە لە دێڕەکە ڕوونە و بەپوختەیی بۆمان دەردەکەوێت.

شێخ:  شاعیر دەڵێت:

وان دەست و زەند و ساعیدان مەی دانە شێخ و زاهیدان

مەستی ب چەشمیٚ شاهیدان ئەو نێر گزا سیراب دا          (هـ ٢٠)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا زاراوەی (شێخ)ی بەکار هێناوە وەکو زاراوەیەکی عیرفانی هەر وەکو ڕوونە بۆمان لە دێڕی یەکەمدا.

وەصل و فراق:

((بینینی خۆشەویست لەلای شاعیر واتای مانەوە و ژیان و خۆشی و تەندروستییە، بەڵام دووربوونەوە و کۆچکردنی خۆشەویست بە واتای مردن و نەخۆشی و غەم دێت، شاعیر تەشبیهی بەیەکگەیاندن بە ڕوون و ڕۆناکی  و غەم و کۆچکردنیش بە تاریکی کردووە))[٢٥١].

---

[٢٥١] صافية زفنكى، جماليات الدلالات الصوقية في المعجم اللغوي لديوان الجزري، (العشق المنصهر اليانات و الثقافات)، ص ٥١.

**وەصل: شاعیر دەڵێ:**

**ئەو تێن ب جەمعێ فەرع و ئەصل     مائل دبن ڤێکرا ب وەصل**

**نابـن ژ یـەک فـەرق و فەصـل     حـوکمێ وصـالێ لێـوەدا     (ج، ٦٢)**

**لەم دێڕە شیعرەدا مەلای جزیری وشەی (وەصل)ی بەکار هێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی عیرفاتی، وەکو یەکێکی شارەزا و ڕۆشنبیر لەم دەربارەوەدا.**

**لە دێڕی دیکەشدا دەڵێ:**

**حەتتا ب میزان چار ئەصل     ب هەڤڕا نە بن جەمع و وەصل**

**جسمان ژ هەڤ را نابن فەصل     بازوو ژ بازوو شەق نە دا     (ج، ٦٦)**

**لەم دێڕەشدا بۆمان دەردەکەوێ و ڕوونە کە مەلای جزیری لە دێڕی یەکەمدا وشەی (وەصل) بەکار هێناوە وشیعرەکەشی زۆر بە پاکی و جوانی دەرخستووە.**

**فیراق:  شاعیر دەڵێت:**

**تو نارێ فیرقەتێ زانی دکارم، ئەز تەحەممول کم**

**دبارێ کووهێ قەندیلم، بلاقیلم د عیشقێدا     (هـ ٧٠)**

**شاعیر لەم دێڕەدا دەناڵێنی بۆ دووری یارەکەی و وشەی (فیرقەت)ی بەکار هێناوە ئەوەش وەکو زاراوەی زانستی عیرفانی.**

**لە دێڕی تردا مەلای جزیری دەڵێ:**

**(مەلا) بێ قامەتا یە کتا قیامەت من بە چەهڤان دی**

**فیراقێ ڕووسیا بن تە ژ من جانێ شرین جێ دا     (هـ ٧١)**

**شاعیر لە نیوەی ئەم دێڕە شیعرەدا وشەی (فیراق)ی بە کار هێناوە وەکو زاراوەیەکی زانستی عیرفانی.**

دێڕی دیکەش:

چاڤنێرێ ڕەفتارا تە بووم     موشتاقێ گولزارا تە بووم

لەو دور ژ دیدارا تە بووم     فەریاد ژ دەستێ فیرقەتێ     (هـ ٧٣٩)

شاعیر لەم دێڕەشدا زاراوەی (فیرقەت)ی لە شیعرەکەی بەکار هێناوە وەکو زاراوەیەکی عیرفانی و باس لە دووری یار دەکات و چاوەڕوانی ڕێگەی یارە بەشکو بێت و هەر ئاخین و داخینە بۆ دووری یار و دەڵێ فریام کەون لە دەست دوری خۆشەویستەکەم

### ٢. ٣. ٢. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە هزریەکانی سەبکی عێراقی لەغەزەلەکانی جزیریدا:

یەکێک تر لە تایبەتمەندییە هزریەکانی شیعری سەبکی عێراقی ناوەڕۆکی عیرفانیە، ئەگەر بەتەواوی سەرەنج بدەین دەبینین، عیرفان ((ئەو حاڵەتەیە کە لە ئەنجامی ڕووبە ڕوو بوونەوە لەگەڵ شتێک لەلای مرۆڤ دروست دەبێت. پەیدابوونی ئەم حاڵەتەش پەیوەستە بە فراوانی و قوڵیی ئەو کاریگەرییەی کە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شتەکان لە هۆشماندا دروست دەبێت و هەر ئەمەش کاریگەریی لەسەر جێی گومان نەبوونی هەستکردنەکانمان سەبارەت بەو شتانە هەیە))[٢٥٢].

جزیری لە چەند دێڕێکی لە شیعرەکانیدا ڕاستی بوونی خودا لە عەشق و جونیدا دەبینێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە کە بەشێک لە شیعرەکانی مەلا لە ناوەڕۆکی شۆفیگەری و عیرفانن و عەشق و جوانی دەکەن بە دوو جەمسەر و خودا دەکەنە خاڵی ناوەڕاستی ئەو جەمسەرانە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕاستەقینەی خودا پەرەستی ویەکتا پەرەستی بە ڕوانێکی عاریفانەوە دەردەخات و زیاتر بە خوێنەرانی شیعرەکانی ئاشنا دەکات و بەرچاو ڕووناکیان دەداتێ، ئەمەش لە ڕێگەی شارەزایی و لێهاتوویی لە قورئان و فەرموودە. ئەمەش دابەش کراوە بۆ سێ تەوەر، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

---

٢٥٢ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفە و عیرفان لە شیعرەکانی مەحویدا، نامەی دکتورا، کولێژی زمان، زانکوی سەلاحەدین، ٢٠١١،ل٨.

**٢. ٣. ٢. ١. ڕەنگدانەوەی بیر عیرفانی لە غەزەلەکانی جزیریدا:**

**((یەکێتی بوون لە ناخی جزیریدا ڕەنگ و ڕیشەی داکوتاوە، هەر بۆیە ئەم هزرە باڵی بەسەر دیوانەکەیدا کێشاوە و بەشێوەیەکی یەکدەست لە تێکڕای دیوانەکەیدا بوونی خۆی بە چەسپاندنی هزری خۆی دەسەڵمێنێت و ئەم یەکدەستیەو یەکێتیەی ناو دیوانەکەشی ڕەنگدانەوەی هزری جزیرییە لە بارەی یەکێتی بوون))[٢٥٣].**

**مەلای جزیری فەرزکردنی ڕاو بۆچوونی کەسانی تر ڕەت دەکاتەوە و بۆچوونی خۆی دەسەپێنێت بەپێی ڕەنگدانەوەی هزری خۆی شیعرەکانی نوسیوە گوێ بە بیری دوانەیی نادات و ڕەتی دەکاتەوە:**

**وەکو لەم دێڕەدا هاتووە:**

**ژ موسەممایێ عەدەد کەپرەتێ ئەسما تو مەبین**

**زەیدو عەمرێن مە حەتا چەند، (دوو) نینە (یەک و یەک)        (ش، چ، ٢٢٩)**

**لەم دێڕەشدا دەڵێ:**

**یاقووت فرۆشان د کەف ئەلماس شکەستن**

**ئەڤ سەفحەیێ ئەلماسێ کو نەققاشی ڕەقەم دا          (هـ ١٠)**

**ئەم فرمووده زۆربەی عاریفەکان پشت پێ دەبەستن، وەکو بەڵگەیەک بۆ پێشاندانی بوونی هێزی خودا لە دەرکەوتنی جوانییەکاندا، ئەم دێڕە شیعرەش پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر ئەم زانیارییە عیرفانییە.**

**٢. ٣. ٢. ٢. جوانی عاریفانە لە غەزەلەکاندا:**

**جوانی دەروازەیەکی ئەو دونیا فراوانەی عیرفان و سۆفیگەریە لای عاریفان و بە شێوەیەکی لێی دەڕوانن کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەو دونیایەی دەزانن و لایان زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، ئەمەش لەبەر ئەوەی جوانی عاریفان بەرەو عەشق ڕادەکێشێ و یەکەمینی بابەتەکە ئەوەندە سەرنجیان بکێشێ، هەر لەبەر ئەم**

---

٢٥٣ شەعیان چالی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

گرنگ پێدانەیە کە ((عاریفان لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە بۆ جوانیی دەڕوانن و بایەخی پێدەدەن کە ئەوانیش بریتین لە ڕوانگەی بووناسی و ڕوانگەی مەعریفەناسی و ڕوانگەی دەرووناسی))[٢٥٤]. بۆیە ئەگەر لە شیعرەکانی جزیری بڕوانین لە ڕوانگەی بەرچاو ڕۆشنی عاریفان بۆ جوانی، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە جوانیەکەی عاریفانەی پێوە دیارە، هەر وەکو لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێ:

((گە لبە کر وەصفی ژ دلبەر مە بعنوانی زەکات

کوتو عەبدی و بعبدێ خوە زەکاتێ نادەم))[٢٥٥]. (ب، ع، ٩٦)

مەلا لێرە بە دڵبەرەکەی دەڵێت کە جوانییەکەی بێ وینەیە و داوا لە خۆشەویستەکەی زەکاتی موستەحەق دەکات لە سەر جوانیەکەی و یارەکەی بەچاوی خۆی شاهی جوانەکانە، ویارەکەی دەڵێ تو خزمەت چیی منی ومنش بە خزمەتچیی خۆم زەکات ناکەم.

**٢. ٣. ٢. ٣. ناوەڕۆکی عاریفانەی عەشق لە لەغەزەلەکاندا:**

زۆربەی کات لێکردنەوەی شیعرێکی عاریفانە، دڵداری مەجازی زەحمەت و ئەستەمە، چونکە وشەی عەشق وشەیەکی تایبەت نییە بەدونیای مەجازی، بگرە عاشقانی ڕێگەی عیرفان و عاریفان عەشق بە کلیلی گەیشتن بەمەعشوقی بڵا و چرای خستنە ڕووی ڕاستی و حەقیقەت دادەنێن و بەقەد و باڵای مەعشوقی باڵادا هەڵدەدەن و هەربەو زمانە کە زمانی سادەی ڕۆژانەی خەڵکە خۆشەویستی خۆیان دەخەنە ڕوو بۆ عەشقی مەجازی، جزیریش وەکو شاعیرێکی کە هەندێکی لە شیعرە عاشقانەکانی قاڵبی ناوەڕۆکی عاریفانە و تام و بۆنی وێڵ بوون بە شوێن ڕاستەقینەی خوداییان لێدەکرێ، کە گوزارشتکردنی لەم عەشقە لەیەک ئاستدا بووە.

لێرەدا پێویستە شیکردنەوە بۆ حەقیقەتی عیرفانی بکەین، کەواتە حەقیقەتی عیرفانی بریتیە لە ((ئەو شتەی کە هەرگیز تووشی لە ناو چوون و هەڵوەشانەوە نایەت و ئەو حوکم و وەسفەی کە هەیەتی

---

٢٥٤ ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

٢٥٥ بندر علی اکبر شاکە، المؤہرالعربی والفارسی و الترکی فی شعر الغزل الکردی الکلاسیکی، گج مؤسسە حمدی للگباعە والنشر، السنە ٢٠١٠.

لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی بە بێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتن وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە ئەمەش جگە بۆ خودا لەبارەی هیچ شت و بوونێکی ترەوە یەک ناگرێتەوە و ڕاست دەرناچێت))[٢٥٦].

لەم قاڵبەدا جزیریش دەربارەی عەشق دواوە، بەم شێوەیە:-

هەیا بیناهیا چەهڤان بوت و عوززای و لاتێ م

توئی پێشبەر سجوودا من سەحەر گاهان د خەلوێدا        (هـ ٦٧)

مەلای جزیری بە دیدێکی عاریفانە گوزارشتی لە عەشق کردووە و پێی وایە عەشقی حەقیقی دەریایەکی قووڵ و بێ بنە و کەسانێکی کارامە و لێهاتو و شارەزا نەبن بە سەلامەتی لێی دەرناچن.

**٢. ٣. ٢. ٤. جزیری و ڕابەری تەریقەت:**

یەکێک لە مەرجەکانی ڕێبازی سۆفیگەری هەبوونی ڕابەری تەریقەتە واتە کەسێک ڕابەرایەتی دەکات و دەبێتە ڕێ نیشاندەری ئەو کەسانەی کە دوای کەوتوون هەبوونی ڕابەر وادەکات شوێن کەوتوانی ڕێگای تەریقەت بەرەو تەسەوف هەنگاوبنێن، کەواتە ڕابەری تەریقەت مەرجی ئەم ڕێبازەییە لە بەر ئەوەی((فالشیخ للمریدین امین الالهام، کما ان جبریل امین الوحی، فکما لایخون جبریل فی الوحی لایخون الشیخ فی الالهام))[٢٥٧].

بۆیە مەلای جزیریش ئاماژە بەم دێڕە دەکات و دەڵێت:

جاما د دەستێ شاهید ژەنگێ ژ دل دشۆتن

پیرێ موغان ژ ڕەندان وەهـ - وەهـ دکر ریوایەت        (هـ ١٦٧)

---

٢٥٦ سیروان جەبار ئەمین (زەند)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

٢٥٧ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، چاپخانەی هێڤی، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٤، ل ٣٥٨.

لێرەدا مەلای جزیری ناوی (پیری موغان)ی بردووە ئاماژەی بەوە کردوە کە ڕابەری تەریقەت و هەمیشە خەریکی پەرستنی خوا بووە و بیری لای هیچ شتێکی تر نەبووە ژەنگی دڵی بە کرداری پەرستنەوە شۆردۆتەوە.

**٢. ٣. ٢. ٥. زاراوەکانی حاڵ لە غەزەلەکانی جزیریدا:**

یەکێکی تر لە بنەماکانی شیعر سۆفیگەری، حاڵی سۆفیانە، کەلێرەدا پێناسەیەک بۆ حاڵ دەکەین، حاڵەکان (( حاڵەتێکە تووشی ڕێبواری سۆفیگەری دەبێ بەخشێکی خواییە و پەیوەندیی بە وەرزشی گیانی و شییەوە نییە و جارو بار پەیدادەبێ و دوایی ون دەبێت))[٢٥٨] ،لێرەدا دەتوانین بڵێین، ((زۆربەی سۆفی و عاریفە گەورەکان، بەشێکی بەرچاو لە بەرهەمیان شیعر بووە، شیعرێکی پڕ لە خەیاڵی بەرز و فەزای جوانکاری و پڕ لە ڕوح و زیندوویەتی و عیشق، بێگومان ئەگەر تەسەوف و عیرفان گرتنە بەری ڕێگەی عروجی ئاسمان و گەیشتن بە جیلوە بێت، ئەوا خۆی باشترین کەرەستەی شیعرە، چونکە دەرچوونە لە فەزای ماددی سنووردار، ئەگەر تەسەوف و عیرفان، ڕێگەی ئایینداریی عاشقانە بێت، ئیدی کە عیشق هەبوو ڕستەوخۆ شیعر دەخولقێ، شیعر بە پلەی یەکەم بەرهەمی عیشقە و زمانی عیشقە))[٢٥٩]. بێگومان ((جزیریش وەکو یەکێک لە شوێنکەوتوان و ڕێبواری ڕێبازی سۆفیگەری بێبەش نەبووە بایەخ بە حاڵەکان داوە، بەڵگەش بۆ ئەمە، بەم شێوەیە حاڵەکان دەربڕدراوە لای شاعیر:

**٢. ٣. ٢. ٥. ١. خۆشەویستی:**

شاعیر بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر خۆشەویستی خوا لە لەدڵی دا جێگیر بووە خەڵکی سەرسام کردووە لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خوا. ((ئەمەش حاڵێکە و لە دوای قوربەوە دێ چونکە نزیکیش جۆرێکە لە خۆشەویستی(قل ان کنتم تحبون الله فتبعونی یحببکم الله)، کەواتە خۆشەویستی خودا لە خۆشەویستی پێغەمبەرە و گوێڕایەڵی فەرمانەکانییەتی))[٢٦٠].

٢٥٨ ئبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

٢٥٩ http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=٣٥٦٧&type=farhang

٢٦٠ سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

که شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ:

زانم ژ عیشقێ دۆژەهی    بەحرەک ژ نارێ ئاسیهی
ئیرۆ ل ماهێ خەر گەهی    تەشبیهێ سەیوانی مەلا!    (هـ ١٢)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا وشەی (دۆژەهی، نارێ، خەر گەهی)ی وەسفی جوانی خۆشەویستەکەی کردووە و دەڵێت دڵم هێندە گەرمە بەقەد ئاگری دۆزەق هەروەها وەکو دەریایەکی ئاگری یە بۆ عەشقەکەی.

لەم دێڕانەشدا مەلای جزیری دەڵێ:

هـەر سینە تابێ ناتەمـام    ناپوختە خام، بێ میهر و جام
غەرقین د خوونا دل مەدام    لەعـلا بـەدەخشـانی مـەلا!
پوڕ لەعل و دوڕ تە ژ کلکێ عیشق    ئانینە نەزما سیلکێ عیشق
دەر بەڕڕ و بەحرێ مولکێ عیشق    مەعلوومە خاقانی مەلا!    (هـ ١٤)

عەشقی خودایی لای شاعیر بە جۆرێکی بووە و گەیشتووە ڕادەیەک کە لای خەڵک بە کوفر هەژمار بکرێت، بەهوی نووسینی چەند وشەیەکەوە پرسیار لای خەڵک درووست بووە، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی تەواو ئیسلامیانە نووسیویەتی و خەڵکی بەهەڵە لەو تێگەیشتوون و خستویانەتە قاڵبی کوفرەوە.

**٢. ٤. ٢. ٤. ٥. ٢. جزیری و عەشقی (حەقیقی):**

((زۆر مشتومڕ لەسەر ئەو بابەتە هەبووە کە عەشقی جزیری عەشقێکی خاکی و مەجازی بووە یان عەشقێکی حەقیقی و خوایی. زۆر گێڕانەوە هەیە کە جزیری عاشقی کچێک لە بنەماڵەی میرەکانی ئامێدی بووە))[٢٦١] . کەوایە ناوی ئەم کچە (سەلما) بووە. بەلگەشیان ئەم ناوهێنانی ((سلمی))یە لە چەند شوێنێک لە دیوانی جزیریدا وەکو لەم دیڕەدا بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر دەڵێ:

---

٢٦١ ئبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.

ما ب لەعلێن جان فەزا ناڤێ مە بینت جارەکی

بالدعا بلغ تحیاتی لسلمی یا برید        (ش، چ، ٢٠٤)

٢. ٤. ٢. ٥. ٣. تکا (رجاء):

کاتێک کەسێک لە حاڵەتێکی دژوار و ترس دایە پێویستی بە شتێکە کە دڵ دەروونی ئارام و ڕۆشن بکاتەوە ئەمەش لەڕێگای تکادا دەست دەکەوێت،کە ((دوای ئەوەی ڕێبوار لە حاڵی ترسدا دەبێ و تووشی جۆرە (قبح) و تەنگییەک دەبێ پێویستی بە تیشکێکە تاکو دڵی ڕووناک بکاتەوە، ئەم تیشکەش لە حاڵی ڕەجا دەست دەکەوێ))[٢٦٢].

لەم بارەشەوە شاعیر دەڵێ:

هەر کەسێ ڕابێ د بەحسنێ جارەکێ مەهدەر بکت

خەیرێ هەفتێ حەج د دێرت بەلکوو بیهتەر ئەو سەواب        (هـ ١١٠)

مەلا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی (مەهدەر)* بەواتای (تکا) دێت، ئەڵێت هەرکەسێ بڕوات و بە یار بڵێت کە من چەند بەدبەخت و کەساس و بێ چارەم تکاش لێ حەفتا حەج زیاترە.

لەم دێڕەشدا مەلای جزیری دەڵێ:

زەهی دەردێ مەزن فیرقەت جگەر سۆت ئاتە شێ دا دل

جهێ سەبرێ نەما چەندن فەرەج من دی د سـەبرێـدا        (هـ ٧١)

شاعیر لەم دێڕەدا باسی دەردی دووری و ئەو غەم و ئازارانە دەکات، کە سەرچاوەکەی لەلایەن نەیارانییەوە هەڵبەستراوە، بۆیە لە نێوان ئەم دوو ڕێگایەدا تێداماوە و پرسیار دەکات، لەم کاتەدا، ئەم دڵە داماوەی چی لە دەست دێت بێجگە لە تکا کاری.

---

٢٦٢ ئبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

* بڕوانە دیوانی مەلای جزیری شەرحی هەژار، ل ١١٠.

مەلای جزیری لە دێڕی دیکە دەڵێ: -

وعد دابوو دێ شەهید کم وێ ب شیرێ خۆی شەریف

ما نەبی ئیرۆ پەشیمان ئەو ژ تەدبیرا سەواب (هـ ١١٠)

٢. ٣. ٢. ٥. ٤. شەوق: ((حەز و ئارەزوو کردنە بۆ خزمەتی یەزدانی مەزن))[٢٦٣].

کە شاعیر دەڵێ:

ئەرواحێ موقەددەس شەبێ قەدران تە دخوازن

نوورا تەیە میسباح د قیندیلێ حەرەم دا (هـ ٩)

مەلا لەم دێڕەدا بە تەواوی وەکو زاراوەیەکی حاڵ (نوورا و شەوق)، بەرجەستەکردووە و دەرکەوتنی ڕووی یاری بە سەرچاوەی تیشکی ڕووناکی داناوە، چونکە لە چاوەڕوانی هەڵهاتنی تیشکی ڕووناکی بەیەک گەیشتنی یارەکەی ڕۆژی تەمەنی ئاوا بووە، و چاوەڕوانە ڕۆژی قیامەتدا بە خودای گەورە بگات.

شاعیر لە دێڕی دیکەشدا دەڵێ:

روهنیا وێ شەوق و تاڤێ شەریەتا قەند و گولاڤێ

کەس نهن مەحرووم ژ ناڤێ لێ تنێ بۆ من غلایە (هـ ٥٣٠)

شاعیر لەم دێڕەدا وەک زاراوەیەکی حال وشەی (شەوق) بەرچاو خستووە،

٢. ٣. ٢. ٥. ٥. خدووگرتن(خلوت):

واتە سۆفی بەتەنها و دوور لە خەڵک دەبێت خەریکی پەرستن دەبێت، کە واتە ((خدووگر تەنیا حەزی لە تەنیایی و خەڵوەتخانە دەبێ و دڵی لەوێ دەکرێتەوە))[٢٦٤].

---

٢٦٣ ئبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

٢٦٤ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

که لەم بارەشەوە مەلا دەڵێ:-

من دی د نەو بێ یارێ تەو    سوندێ ب ئەو بێم بێ دەرەو

من بوو قەوسێ بوویێ ئەو    شیڤان مە لەو نایێ مە خەو    (هـ ٣٨٨)

٢. ٣. ٢. ٥. ٦. سورزانین (یەقین):

((هەرکە ڕێبوار بە چاوی دڵ خودای بینی و لێی نزیک بوویەوە و هەردەم لەگەڵی بووە، ئەو کاتە بێگومان دەبێ و (بقا، بقه) بەو شتانە دەبێ کە لە دەستی خودایە و بەری دەبێ لە خەڵک وەکو مەلای جزیری لەم دێڕەدا دەڵێ:

دەستێ قودرەت کو هلاڤێت ژ بەژنا تە نیقاب

ل جەمالا جەبەرووتی مە نەمان پەردە حیجاب    (هـ ٧٦)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە زاراوەی یەقین کردووە، ئەگەر بە ووردی سەیری بکەین ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە مەلا چەند یەقینی بە سوز و بەزەیی خورد هەیە، چونکە بە جۆری پێداگری لەسەر سۆز و بەزەیی خودا دەکات.

بەست: ( بریتیە لە: گوێ بیستبوونی بەڵێنێکی خۆش) ))[٢٦٥].

کە شاعیر لەم دێڕەدا دەڵێ:

هەر کەس سەحەری تالبێ تشتەک ب چەمەن هات

هن سووسەن و هن سونبول و هن زولفێ دونا گرت    (هـ ١٤٥)

٢٦٥ ئبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.

لێرەدا مەلا ناراستەو خۆ ئاماژەی بە بیستنی هەواڵێکی خۆش کردووە، ئەویش تەواو بوونی لێکدابڕان و دووری و تورەبوون و دڵ تەنگییە. لەگەڵ پەیدابوونی هیوای بە سۆز و بەزەیی خودا بۆ دووبارە نەبوونەوەی ناخۆشییەکانی ڕابردوو لە داهاتودا

### ٢. ٣. ٢. ٥. ٧. هوشیاری و مەستی:

ئەم دوو زاراوەیە تایبەتن بە سۆفیگەری حاڵی سۆفیەکان دەگرێتەوە، کە کاتێک حاڵی دەیان گرێت و لە هۆشی خۆیان دەچن و پاشان بەخۆدا دێنەوە. لەم بارەشەوە مەلا دەڵێ:

شووخ و شەپالا مەی پەرەست ئەو زالما هشیار و مەست

ڤێ نامەیێ دێ ڤ دەست ((في طيها نشرالنبا)) (هـ ٣٦)

مەلای جزیری لێرەدا هەردوو وشەی (هشیار و مەست) ی بەکارهێناوە، دەڵێت ئەو زۆردارە هەم هوشیار و مەستە چاوەکانی مەستەو دڵی تابڵێی هوشیارە لە ئاست ئەو شازادە شۆخ و شەنگەدا.

لە دێڕیکی تر دا مەلا دەڵێ:

سوفلەوێ ئینام و ئاڤێتم زەمینا زولمەتێ

لێکو هشیارم گەلۆ یان خەونە من دیتی ب خواب (هـ ١٠٥)

لە دێڕی دیکەشدا مەلای جزیری دەڵێ:

ساقی ژ ئەزەل یەک – دو قەدەح بادە بە من دا

حەتتا ب ئەبەد مەست و خومار و تەلەسم ئەز (هـ ٢٨٦)

لەم دێڕە شیعرییەدا جزیری وشەی (مەست و خۆمار و تەلەس)ی بەکار هێناوە کە واتای مەست و سەرخۆش و کەلەلا دەدات و مەلای جزیری دەڵێت هەر لە ڕۆژی بناواندا مەیگێر یەکێ- دوو پیاڵە مەی دامی؛ تا هەتایە مەست و سەرخۆش و کەلەلا دەمێنمەوە.

**٢. ٣. ٢. ٦. زاراوەکانی مەقام:**

((وشەی مەقام لە قورئان وەرگیراوە (ذلک لمن خاف مقامی وخاف وعید) و (منا الا له مقام معلوم)، بە واتای وەستان و خەریکبوونی ڕێبوار دێت لە هەوڵ و وەرزشە گیانی و لەشییەکانی بەرانبەر خودای گەورە، مەقام بە هۆی کۆش و وەرزشی قورسەوە بەدەست دێت واتا شتێکی خواییە و لە خۆوە نییە))[٢٦٦]. بەشێکی گرنگ لە بنەماکانی سۆفیگەری مەقامەکانە، کە ئەم بابەتە جێگای بایەخ و گرنگ پێدان بووە لای جزیری، و لە شیعرەکانیدا (غەزەلەکانیدا) بە ڕوونی دیارە، کە بەم شێوەیە مەقامەکانی دەربڕیوە:

**٢. ٣. ٢. ٦. ١. توبە زونون:**

بریتییە لەوەی کە کەسێک شتێک بەرانبەر خودا بکات و وەکو تاوان وسەر پێچی کردنی فەرمانەکانی خوا بۆیە پەنا دەباتە بەر تۆبە و پارانە و بە مەبەستی لێ خۆش بوون، بۆیە ((بەگشتی تۆبە سێ جۆرە، تۆبەی مرۆڤی ئاسایی لە گوناهانە، تۆبەی تایبەتمەندەکان لە بێ ئاگاییە، تۆبەی پێغەمبەرانیش لە پلەو پایە بەرزانەیە کە جگە لەوان پێی گەیشتونە))[٢٦٧]. کە لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێ:

کو تووڵێ ئاستانێ دوور نەکی ئیدی ژ دەر گاهێ

ژ باخۆی ڤی ڕجوو ناکین د با بێ لوتف و ڕەحمێدا (هـ ٦٩)

ڕاستە مەلای جزیری لێرەدا وشەی (تۆبە)ی بەکار نەهێناوە لە شیعرەکەدا بەڵام لەماناکەیدا بەتەواوی دەردەکەوێت کە پڕە لە تۆبە و پەشیمانی و دەپاڕێتەوە کە دڵی نەشکێنی و لە خۆی دووری نەکاتەوە بەر ڕەحمی خوا بکەوێت.

٢٦٦ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١-٦٢.

٢٦٧ سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

**٢. ٣. ٢. ٦. ٢. ڕاستگویی:**

**مەلای جزیری لەم بارەشەوە دەدوێت:**

**ل بال عیلمیٚ تە مەعلوومە ژ ژینیٚ من تو مەقسوودی**

**فیدای جانیٚ مە دیٚ جان بت د قەستا وەسل و دینێدا (هـ ٦٧)**

**شاعیر لیرەدا ناراستەو خۆ ئاماژە بە ڕاستگویی دەکات لە وشەی (قەستا).**

**٢. ٤. ٢. ٦. ٣. زوهد:**

**بریتییە لە ((پشت لە جیهان کردن و ڕق بوونەوە لێی یاخود وازهێنان لە خۆشی جیهان بۆ خۆشی ڕۆژی دوایی))[٢٦٨]. لێرەدا شاعیر دەڵێ:**

**ب حوبابیٚ مەبە مەغروور وەهە سەرگەشتە(مەلا)**

**با ڤبەر کەفتییە ویٚ بیٚ هودە سەر گەشتە حوباب (هـ ٨٠)**

**لێرەدا مەلای جزیری ڕاستەو خۆ ئاماژە بە وشەی زوهد نەکراوە، بەڵام ناڕاستەو خۆ لە ڕێگای وشەی ترەوە ئەو مانایە بە دێڕەکە بەخشراوە،**

**٢. ٣. ٢. ٦. ٤. هەژاری:**

**بریتییە لە ((نەبوونی شتی پێویست، هەژاریی ڕاستەقینە هەر گومانکردنی دەولەمەندی نییە، بەلکو گومانکردنی ئارەزووی دەوڵەمەندیشە))[٢٦٩].**

**مەلای جزیری لەم بارەیەوە دەڵێ:-**

**ڕووح و ڕەوانیٚ من حەبیب دیسا ب تەلبیسا ڕەقیب**

٢٦٨ ئبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٢.

٢٦٩ سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

ڕەنجیدە کر مسکین غەریب نەر کا دلێ ئەحباب دا        (هـ ١٩)

لەم دێڕەدا شاعیر وشەی (مسکین) بە واتای هەژار، وەکو مەقامێکی خۆشەویستی بەکار هێناوە، ئەم یارە خۆشەویستە، کە مایەی ژیانی شاعیر دڵی یارانی بەجێ هێشتوە و هەژاری و ئاوارەکانی دڵ شکەستە کردوە.

٢. ٤. ٢. ٦. ٥. ڕەزا:

((بەواتای قایل بوون و گلەیی نەکردن دێ)) [٢٧٠].

وەکو مەلای جزیری لەم دێڕەدا دەڵێ:

دڵ ب زولمێ ناسۆژێ غەنج و خەت و خالن د دل

خەیر خواهێن دەوڵەتێ میرێ ژ وان گۆهدار بت        (هـ ١٣٩)

لێرە شاعیر ڕەزامەندی خۆی پشان دەدا بە ناڕاستەو خۆ، دەڵێ ئەگەر گازندەم هەیە و خۆم ناو ناوە دڵسووتاوی ئەوینی ، مانای ئەوە نییە زوڵم و ناهەقییەکم کرابێ؛ نەخێر، دڵی من پڕە لە ناز و خەیاڵی خەت و خاڵی دڵبەر و ئەوانەش هەمووی خێر و خۆشین، ئاگر و سووتان ناتوانێ ڕوو بکاتە دڵمەوە لەبەر ئەوان.

٢. ٤. ٢. ٦. ٦. تەوەکول:

((واتا ڕێبوار پێویستە هەموو کاروبارێکی دوو جیهانی بدایە دەست خودا و خۆی هیچ ئیختیارێکی تێدا نەبێ)) [٢٧١].

شاعیر لەم دێڕەدا دەڵێ:-

لەشکرێ عالەم مەگەر یەکسەر تە دوژمن بن (مەلا)

[٢٧٠] ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

[٢٧١] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

غەم بە موویەک ناکشینی گەر تە دلبەر یار بت        (هـ١٤١)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا ناوی توکل هێناوە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەردەوام پشت بە خودا دەبەستیٚ بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی هەموو تەنگ و چەڵمە وناخۆشییەک.

۲. ۳. ۲. ۷. ڕەخنەگرتن لە سۆفیەکان:

ڕەخنەگرتن لە ئیشی ناپەسەندی هەندیٚ لە سۆفیەکان، باسێکی گرنگ ڕابەرانی شیعری سەبکی عێراقی، هەروەها ((لە لای سەعدی و حافزی شیرازیش بەرچاو دەکەوێت و ئەوانیش ڕەخنەیان گرتووە لە سۆفییەکانی سەردەمی خۆیان و ئەم دوو شاعیرەش خاوەن سەبکی عێراقین لە غەزەلیشدا لە لوتکەی شیعری فارسیدا ڕاوەستاون و ڕەخنە لە سۆفییەکان گرتووە و ئەمەش هاوبەشە لەگەل شاعیرانی خاوەن سەبکی عێراقی وەکو حافیز و سەعدی))[٢٧٢].

مەلای جزیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی لەدێڕە شیعرێکدا ڕەخنەی لەو سۆفیانە گرتووە، و دەڵێت:

عەقدیٚ ئیحرامیٚ د عیشقێدا کو پیریٚ عیشق بەست

دیٚ چ غەم گەر خەرقە رەهنیٚ خانەییٚ خەممار بت        (هـ ١٣٣)

۲. ۳. ۲. ۸. باڵای مەعشووق:

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شیعری سەبکی عێراقی، باڵای مەعشوقە، کە بە ڕوونی ئەم تایبەتمەندییە لە شیعرەکانی جزیریدا دیارە و باڵای مەعشوقی لە ڕوانگەی جیا جیا و خستۆتە ڕوو، بۆیە ڕونکردنەوە و خستنە ڕووی باڵای مەعشوق لە غەزەلەکانی جزیریدا پێویستە بە شێواز و گوزارشتی جیا جیا پۆڵین بکرێت، لێرەدا بۆ هەر ئاستێکی مەعشوق لە پلەی باڵادا نموونە دەخەینە ڕوو.

---

٢٧٢ زەینەب جەلیل خەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

**٢. ٣. ٢. ٨. ١. مەعشووق لە ئاستی پاشادا:**

**جیهانی عەشق و خۆشەویستی پێکدی لە بەندا یەتی و خۆ بجووککردنەوە و خۆ بەکەمزانی لە لای مەعشوق و بینینی بە ئاستێکی بەرز و باڵا، هەر لەبەر ئەوەیە زۆر جار بە هۆی ئەو هەموو گرنگ پێدانەوە کە عاشق بەرانبەر مەعشوق هەیەتی، عاشق بەکەم و هیچ دەبینرێت، بەڵام ئەوەی شایەنی بایەخ پێدان و باسکردنە، ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە لە لای شاعیرانی سەبکی عێراقی بە جۆرێکی تر و ڕوونتر دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە دێڕەکانی شیعری جزیریدا بەڕوونی دیارە و ڕەنگدانەوەی بە خۆوە بینیوە، ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مەعشوقەکەی وەکو پاشایەکی خاوەن پلە و پایە و لەو پەڕی پلەی باڵادا باسی کردوو، و لە هەندێک لە دێڕە شیعرەکانیدا مەعشوقەکەی نەک تەنها بە گەورە و پاشا بەڵکو بە شای جیهان ی دەجوێنیٚ و گەورەترین دەسەڵاتی پێدەبەخشیٚ، واتا بە دەسەڵاتداری هەموو سنورەکانی دادەنێت، مەلای جزیری لێرەشدا دەڵیٚ:**

**جان و دلیٚ من ئەوە حۆری وەشیٚ من ئەوە**

**پادشەهیٚ من ئەوە ئەز ل دەریٚ ویٚ گەدا (هـ ٢٧)**

**لەم دێڕە شیعرەدا مەلای جزیری مەعشووقەکەی باڵاتر لە هەموو جوانەکانی جیهان نیشانداوە وەکو شای هەموو جوانەکان سەیری کردووە، وخۆشەویستی خۆی بۆ خوشەویستەکەی دەردەخا وخۆ بە گەدایەکی ڕووت و هەناسەساردی دەرگاکەی حەساب دەکا.**

**٢. ٣. ٢. ٨. ٢. دەستە و دامان بوونی مەعشووق:**

**ئەو کەسەی کە بیەوێت دەستەو دامانی کە کەسێکی تر بێت پلە و ئاستی لەو کەسە نزمترە کە دەیەویٚ دەستەودامانی بێت، چونکە دەستەو دامان بوون لای هەرکەسێک لە ئەنجامی گەورەیی کەسی بەرانبەرە، جزیریش دەستەو دامانی مەعشووقەکەی دەبێت، هەروەکو لەم دێڕە شیعرەیدا دیارە:-**

**گولیٚ ئیقبالیٚ ژ گولزاریٚ قەبوول**

**مە چنیبو د شەکەر خابیٚ دوعا (هـ ٧٣)**

**لێرەدا مەلا دەستە و دامانی مەعشوقەکەی دەبێت و پلەیەکی باڵا تر لە پلەی خۆی پێدەبەخشێت، دەست و دامان بوون لای هەر کەسێک لە ئەنجامی گەورەیی کەسی بەرانبەرە. بۆیە ئەو کەسەی دەیەوێت دەستە و دامانی کەسێکی تر بێت ئاستی لە ئاستی ئەو کەسە نزمترە کە دەیەوێت دەستە و دامانی بێت.**

**٢. ٣. ٢. ٨. ٣. زێدە ڕۆیی لە پێدا هەڵدانی مەعشووقدا:**

**زێدەڕۆیی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە، شتێک ئەوەندە گەورە بکێت و وەسف بکرێت لە بەرانبەر شتێکی گەورەتر و گرنگ تر و باڵا تر لە خۆی نیشان بدرێت، شاعیریش بە دێڕە شیعرێکی پێمان دەڵێ کە لە دونیادا هیچ شتێک بوونی نییە کە لە مەعشووقەکەی ئەو باشتر و باڵاتر بێت بەڕا دەیەکی، کە هیچ پێنوس و پەڕاوێکی ناتوانێت باشیەکانی ئەوی پێ بنوسرێتەوە: وەکو لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێ**

**ب حوسنا خۆ ئیلاهی کی ب سەهم و یبەتێ دینێ**

**نوجووم و کەو کەبێ لامیع ژ بالا تێن بە بەژنێدا (هـ ٦٨)**

**جزیری لە دێڕەدا جوانی وعەزەمتی و باڵایی خودا دەردەخات و هەرچەندە خودای گەورە یارەکەی جوان کردووە جاری نایا بەرانبەری جوانی خودا ئەوە بەشی کەمە کە بە یارەکەی داوە، و هیچ نییە بەرانبەر بە جوانی خودا. لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێ:**

**یا رب ژ چ روو لەب ب سەنایا تە گوشایەم؟**

**سبحانک لن احصی فی شانک حمدا (هـ ١٠)**

**لێرەدا مەلا لەگەڵ خودا قسە دەکات، ودەڵێت من ئەبێ چی بم و چۆن ڕێگە بدەم بە خۆم کە بە تۆداهەڵیبلێم؟ تۆ زۆر لەوە باڵاتری کە سوپاس و باسی کار و کردەوەی جوانی تۆ لە دەست من بێت. هەرگیز ناکرێ بەرانبەر بە گەورەییت، شتێک بڵێم کە شایانی گەورەیی و مەزنی تۆ بێ.**

**٢. ٤. ٢. ٨. ٤. عاشق لە ژێری پێ و دەرگای مەعشوق:**

**ناچاری و ئامادەبوون بۆ ڕۆیشتنە بەریێ و دەرگای هەر کەسێ نیشانە و ئاماژەیە بۆ ئاست بەرزی ئەو کەسەیە کە داوای یارمەتی لێکراوە و هانای بۆ براوە جزیریش ویستویەتی لەم ڕێگەیەوە ڕاستیەکە**

ڕوونکاتەوە، هەر لە بەر ئەمەیە دەڵێ خاکی بەرپێی بەردەرگای مەعشوق گرنگ تر و پڕ بایەخ ترە لە فیردەوس و بە هوی ئاست بەرزی و پلەی باڵای مەعشووقەکەی و ئاستی زۆری خۆشەویستەکەی و ئامادەیە پێڵاوەکەی ماچ بکات، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا چەندین شێوازی تری دەربڕیوە و هەستی خۆی دەربڕیوە.

کە لە دێڕێکدا دەڵێ:

کو تووڵێ ئاستانێ دوور نەکی ئیدی ژ دەر گاهێ

ژ باخۆی ڤی ڕجوو ناکین د با بێ لوتف و ڕەحمێدا (هـ ٦٩)

٢. ٣. ٢. ٨. ٥. بێباکی لە لۆمەی خەڵک:

لە پاڵ هەموو قسە و باسێکی خەڵکی شاعیر مەعشووقەکەی ئەوەندە بەلاوە بەرزە، هیچ گرنگی بەو قسە و تانە و تەشەرە نادات و بەدەست هێنانی ڕزامەندی خۆشەویستەکەی لە هەموو شتێگی لا گرنگ ترە، کە بێگومان لۆمە و تانەی خەڵک لە کۆمەڵگەدا، بابەتێکی تەواو گرنگە و لە سەرەتای بوونی هەرکارێکدا تێبینی دەکرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە پێ گرنگدان و گوێ دانە باس و خواسی خەڵکی، خۆی وەکو سەربازێکی و خزمەتکارێکی لە ئاستی ئەو نیشان دەدات و دەڵێ هەرشتی لای مەعشووقەوە بێت خۆشحاڵم دەکات، هەتا ئەگەر بەڵاو نارەحەتیش بێت، یاخود بەو هۆیەوە ناوبانگی بە خراپی بڕوات زۆر بەلایەوە ئاساییە، ئەگەر لە پێناوی دڵی مەعشووقەکەی بێت،

کە بەم شێوە لەم دێڕە شیعرەیدا ڕوون دەبێتەوە:

بار دێ حاکم بتن قەوڵێ ڕەقیبان گۆهـ نەدت

شاهێ مولکێ دلبەرێ دێ فاعیلەک موختار بت (هـ ١٣٨)

لە دێڕی ترشدا مەلای جزیری دەڵێ:

لەشکرێ عالەم مە گەر یەکسەر تە دوژمن بن مەلا

غەم بە موویەک ناکشینی گەر تە دلبەر یار بت          (هـ ١٤١)

**٢. ٣. ٢. ٨.. ٦. عاشق لە ڕێی مەعشووقەوە ڕیسوایە:**

بێگومان کاتێک کەسێک لە ڕێگەی کەسێکی تردا ڕسوا دەبێت، کەسە ڕیسواکە ئاستی نزمترە لەو کەسەی کە توشی ڕسوایی بووە، کەچی هەر ئامادە نییە دەستبەرداری بێت، کە واتە عاشق لە ڕێگەی مەعشووقەکەیدا هەردەم تووشی نەهامەتی وتەنگ و چەڵەمەی زۆر دەبێت، جزیریش لە چەند دێڕە شیعرێکدا باسی ئەم حالەتە دەکات و ئەوە دەردەخات کە لە پلەیەکی بەرزدا مەعشووقەکەی بینیوە و بە شایانی ئەوەی زانیوە، ئەم چەند دێڕەش ئەم ڕیسوایە دەردەخات لە شیعرەکانی شاعیردا:-

مەهدەرا وێ سوختەئێ ئیرۆ یکن

ئەز دبێژم نابت ئەڤ مەهدەر عەبەس          (هـ ١٧٦)

لەم دێڕەدا شاعیر ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە تکا کردن دەربارەی خۆی کە سووتاوی ئەوینەو تازە شاگردی ڕێگەی یار ناسین و دەڵێ تکای ئێوە یە فێرۆ ناچێ و یار بەزەی پێیا دێت.

**٢. ٣. ٢. ٨. ٧. لە دین وەرگەڕان بە هۆی مەعشووقەوە:**

ئەم حاڵەتە واتە لە دین وەرگەڕانی عاشقان لە دین بە هۆی چوونەسەر ڕێگەی مەعشووقەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە داستانە کۆنەکان و فۆلکلۆرییەکان دەردەکەوێت وەکو داستانی شێخی سەنعان، جزیریش هەر وەکو شێخی سەنعان لە چەند دێڕە شیعرێکدا ئەم حاڵەتەی دەرخستووە ئەمەش بەشێوەیەک ناکە بڵێ مەعشووقەکەی مەسیحیە و چووبێتە سەر دینی ئەو، بەڵکو گەورەیی مەعشوقمان بۆ دەردەخات، چونکە ئایین بەرزترین و پیرۆز ترینە لای مرۆڤ و پاشگەز بوونەوە و دەرچوون لێی ئەستەمە، لەم دێڕە شیعرەدا دەبینرێت کە چۆن ئەمەی خستوتە ڕوو:

مەی نەنوشی شەیخێ سەنعانێ غەلەت (غلط)

ئەو نەچوو نیڤ ئەرمەنستانێ غەلەت          (هـ ٣٥٥)

شاعیر لەم دێڕەدا ناوی (شێخی سەنعانی) بردووە کە چۆن لە دین وەرگەڕاوە لەبەر گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی دیارە شیخی سەنعان ڕووی کردۆتە ئەرمەنستان و چاوی بە کیژێک دەکەوێت و عاشقی دەبێت کچەکەش بەوە ڕازی دەبێت کە شێخ دەبێت واز لە دینەکەی خۆی بێنی و بچێتە سەر دینی خۆشەویستەکەی هەرچەندە سەرەتا قبوڵی دەکات بەڵام دواتر شێخی سەنعان پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر دینەکەی خۆی، و کچەکەش بە دڵ گیرودەی شێخ بووە بۆیە ناچار دەبێت و دێتە سەر دینی شێخ سەنعان و دوای دەکەوێت.

**٢. ٣. ٢. ٨. ٨. مەعشوق لە ئاستی پاڵەوانی داستانە بە ناو بانگەکان:**

بە هۆی بایەخ پێدانی زیاد لە پێویست و بێ ئەندازی عاشق بە مەعشوق و قوربانیدان لە پێناویدا، داستانە بەناو بانگەکانی خۆشەویستی ناوبانگیان بەم چۆرە بڵاو بۆتەوە و زیندوەیی ماونەتەوە و تاگەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی ئیستا، شاعریش هەوڵی داوە خۆی و مەعشووقەکەی بگەیەنێتە ئاستی پاڵەوانێتی ئەو داستانانە، هاتووە پێک چواندنی کردووە بەشێوەیەک خۆی بە عاشقی داستانەکە و مەعشوقەکەش بە مەعشوقی داستانەکە ناو هێناوە، وەکو:

ژ وادی ئەیمەنێ دلبەر نزام ئەنگوشتەک ئیزهار کر

کو خۆش ئەنوار و بەرقێن ئەو تەجەللا بوون د تووریدا (هـ ٦٢)

**٢. ٣. ٢. ٨. ٩. دیلی دەستی یار:**

لە کاتێکدا زیندان بۆ تاوانبارەکانە و دادگایی کردن و بەند کردنیش لە لایەن دادوەر و خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی تایبەتییە یاسا و زیندان کردن حوکم دەدەن، بەڵام لێرەدا بابەتەکە جیایە و شاعیر خۆی بەندی مەعشوق کردووە و ئەم دیاردەیە لای شاعیر لە ئەنجامی ئاستی بەرزی مەعشوقەوە هەڵقوڵاوە بەبێ بڕیار و دادگا خۆی کردۆتە زیندانی مەعشوقەکەی کە لە دێڕە شیعرێکیدا ئەم حاڵەتە دەبینرێ:

وەکو مەلای جزیری لەم دێڕەدا دەڵێ:-

نەسیمێ سونبول و سێڤان سەحەردا حەبس و زێندانێ

ڤە بوو قفلا مە بێ مفتە زرنگینێ ژ قفلێدا (هـ ٦٠)

لێرەدا شاعیر خۆی پیشانداوە، کە لە دووری یار وەک ئەسیری ناو حەبس و زیندانان وا بووین، لە بەربەیاندا شنەبایەک کە بەسەر پرچەکانی وەک گوڵی سملێ بۆنخۆش، بەسەر کوڵمە سوورەکانی سێوئاساییدا هاتبوو.

**٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ڕەنگدانەوەی غەم لە غەزەلەکانی مەلای جزیریدا:**

یەکێک لە تایبەتمەندیە هەر دیارە هزریەکانی شیعری سەبکی عێراقی غەمە، لەم ڕوانگەیەشەوە بابەتی غەم لە شیعرەکانیدا دیارە، بەم شێوەیە بابەتەکانی غەزەل لە غەزەلەکانی جزیریدا دەخەینە ڕوو:

**٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. هۆکارەکانی ئاماژەکردن بەغەم:**

لێرەدا ئاماژە ڕاستە و خۆکانی شاعیر کە بۆ غەم کردویەتی لە شیعرەکانیدا دەخەینە ڕوو

**٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ١. مەعشوق وەک سەرچاوەی غەم:**

هەر بەم جۆرەی کە مەعشوق هەوێنی خۆشەویستی عاشق، عاشقیش ئەوەی کە ڕوو بە ڕووی دەبێتەوەو گۆڕانکاری باشی و خراپەکانی کە سەری دێت، دەیخاتە ئەستۆی مەعشووقەکەی و بە چەند جۆرێکی جیاواز مەعشووقەکەی بە هۆکاری غەمباری خۆی دەزانێت و پێی وایە مەعشوقەکەی ڕێگرە لە دروستکردنی ژیانێکی ئارام.

بەڵام لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا هەر بەیادی مەعشووقەکەی بە خۆشەویستی ئەوەوە ژیاوە و مەعشووقەکەی چەند بێ باک و دڵڕەق بووبێ ئەسەد ئەوەندە دڵ نەرم و بەخشندە بووە و قوربانی لە پێناوی داوە، وەکو لە شیعرێکدا دەڵێ:

کەسێ میحنەت دی و فیرقەت ڤەخواری جورعەبا هیجرێ

گرێ وان تێ ب حالێ من دڤێ هیجران و زەجرێدا (هـ ٥٠)

لێرەدا شاعیر هۆکاری غەمباریی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ مەعشوقەکەی دەڵێ ئێستا هەزار هاوار بکەم، ئەوانەی بە دەردی ئەوین و دووری یارەوە نەچزاون، نازانن من دووریی دیداری یاریان بەڤەروودا چووە.

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ٢. مەعشوق وەکو غەمخۆر:

لە کاتێکدا کە مەعشوق سەرچاوەی غەمە هەر لە هەمان کاتیشدا غەمڕەوێنە چونکە غەم بە هۆی دووری و دابڕان لە مەعشوق و کاتێک ئەم دووری و دابڕانە کۆتایی دێت غەمیش کۆتایی دێت و دەبێتە غەمڕەوێن، شاعیر ئەم هاوکێشەیەی لە شیعرەکانیدا نیشانداوە، هەر وەکو دەڵێ:

هەچی فرقەت نەدی هجران نەبێ من داغ و کەی لێتە

ژ بل دەربێ د هجرانێ فیراقا ڕووح و جان کێ دا (هـ ٤٨)

مەلای جزیری لێرەدا مەعشوق وەکو غەمخۆر باس دەکات لێرە بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئەو کەسەی لە یار دوور نەکەوتوونەتەوە لە غەمی دڵداران هەست ناکەن.

٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ٣. غەمباری بۆ دووری مەعشوق:

کەسی عاشق هەمیشە چاوەڕێی هەواڵ پرسینی یا خود یادکرنەوەیەکی مەعشوقەکەیەتی و بەردەوام لە خەیاڵیدایە، بە جۆرێک دەکرێ بەگوترێ غەم و نەهامەتی خۆشی و شادی هەر بە هۆی مەعشووقەکەیەتی، چونکە دووری مەعشوق هوێن و هۆکاری غەم و ناڕەحەتی عاشقەوە، پێچەوانەکەشی هۆی شادی و خۆشیەتی، کەواتە دونیای عەشق و عاشقی پڕە لە تەنگ و چەڵەمە و ناڕەحەتی، ئەم دووری و نارەحەتی و غەمەش لای شاعیر هەبووە و بەدی دەکرێت و بەشێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کەبەم شێوە دەڵێ:

ب نارێ فیرقەتێ سۆهتم ژ فەرقێ سەر حەتا پێدا

خەدەنگا غەفڵەتی نۆهتم ژ بەرقا لامیعا تێدا (هـ ٤٧)

مەلای جزیری لەم دێڕەدا داخی دڵی خۆی دەردەخا کاتی یارەکەی دوور کەوتەوە لێی کە وەک برووسکە لێی دا و گڕی لێ بڵند کرد و سەر تا پای سووتاند و کردییە خۆڵەمێش.

### ٢. ٣. ٢. ٨. ١٠. ١. ٤. غەمخواردن لە ڕۆژگار و کۆمەڵگە و دەرهاویشتەکانی:

ڕۆژگاری هەرکەسێکی بەردەوام پێک نایەت لە خۆشی و شادی و ئارامی بێگومان ڕووداوە کارەسات و بار و دۆخ و هەڵس وکەوتەکانی دەور و بەر وخەڵک و کۆمەڵگە مرۆڤ بەرەو ناڕەحەتی و غەم و پەژارە دەبات وبێ هیوا و ڕوخاوی دەکات، گرنگترین هۆکاری غەم دەکرێ بێ وەفایی خەڵکی بێت بۆ یەکتری یا خود چەندین هۆکاری و تاقیکردنەوەی تری ڕۆژگار کە مرۆڤ بە هۆیەوە غەمخواردن ڕووی تێدەکات بە چۆرێکی خۆی لە بەردەم ئەو هەموو غەم و پەژارەیە ناکرێت و پەنا بۆ ساقی و مەی دەبات تاوەکو کەمێک لەو بێ ئومێدیە دوور بکەوێنەوە ئارام ڕوونەوەیەک ببەخشێت بە مێشک و دڵی، هەر وەکو هەموو لەمانە شاعیریش دوور نە بووە لەم غەمانە لەم دێڕە شیعرەدا بەم جۆرە دەری بڕیوە:

مەلا ل عومری بی فەیدە بووری

کێشا ب زور ئان قەهر و نەدامەت (هـ ١٧٣)

جزیری لەم دێڕەدا بێزاری دەردەبڕێت لەو سەردەمەی، کە گنجی تێدا بەسەر بردووە وپیری یەخەی گرتووە، بۆیە نازانێت لەمەو دوا ژیانی چی لێبەسەردێت.

### ٢. ٣. ٢. ٨. ١١. نائومیدی:

زۆر جار نائومیدی بە هۆی مەعشوقەوە دروست دەبێ، کە شاعیر بەم دێڕە شیعرە ئەم حاڵەتەشی نیشان دەدات:

گوفت و گۆی مەعریفەتێ چەند مەلا پەیدا کی

گەوهەرا مەعریفەتێ ناگیهێتێ کەس ب خیر ەد (هـ ٢٥٦)

لێرەدا شاعیر ئومیدی ژیانی لە شاعیر سەندۆتەوە، هەرچەندە بخوێنی و لە وتوویژ دەربارەی ناسینی خواوە کارامە و زمان پاراو بی، دیسان هیچ دادت بۆ نادا. کەس بە عەقڵ گەوهەری خودا ناسینی دەس ناکەوێ؛ مەگین کۆمەگی بکا.

**٢. ٣. ٢. ٨. ١٢. گەڕانەوە بۆ ناخی شاعیر:**

یەکێک لە خاڵە هەر گرنگ و پڕ بایەخەکان، کە بووتە هۆی بونیادنانی سیمای هزری شیعری سەبکی عێراقی گوزارشت کردنە لە ناوەڕۆکی و ناخی شاعیر و پشت گوێ خستن و بەلاوە نانی جیهانی دەرەوە، سەر باری ئەوەی کە بابەتی عەشق و عیرفانیش دەچنە قاڵبی بابەتی دەربڕینی هەستی تاکە کەسی، بەڵام جگە لەو وشانەی بابەتی عیرفان و عەشق بە هۆی وشەی ترە و هەست و ناخی خۆیان دەربڕیوە، هەر لەبەر ئەمەیە ئەگەر سەرنجی شیعرەکانیان بدەین وەکو هەستەکانی ناخ و دڵ و پەڕاوی نهێنیە دەرونیەکان دێنە بەر چاو، کە ئەم لایەنە لە شیعرەکانی مەلای جزیریش بە دەرینە دەردەکەوێت:

نموونەی شیعری:

بیرا خوە تینن غەنجەیان  عاشق دنیڤ ئەشکەنجەیا

ئاڤێتە دل بەرپەنجەیان  هەردەم ژ نۆ شونقاریٚ چەرخ  (هـ ٢٣٣)

لەم دێڕەی ترشدا دەڵێ

هەرچی بخوونت سوحبەتیٚ  ئاخر د جاما شەربەتیٚ

زەهرا هەلاهیل دیٚ دەتیٚ  دا دل نەدن ئازاریٚ چەرخ  (هـ ٢٣٤)

شاعیرانیش ناکرێ ناخی خۆیان فراموشکەن، زۆربەی شاعیران بە هۆی خەم و پەژارەوە وشە دەردەبڕن، یاخود هەر شتێکی کاریگەر خزمەتی خوێنەر و عاشقانی شیعر دەکەن، کەواتە لە بیرکەن.

## ٢. ٣. ٣. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان لە غەزەلە کوردیەکانی مەلای جزیریدا:

### ٢. ٣. ٣. ١. غەزەل:

ئەگەر بە چاوخشانێکی خێرا تەماشایەکی دیوانی مەلای جزیری بکەین هەر زوو بۆمان دەردەکەوێ کە کام فۆرم وقاڵبی شیعری زاڵ وبڵاو دەستە لە سەرتا پای دیوانەکەیدا.

جزیری سەرلەبەری دیوانەکەی لە (١١٣)ە پارچە شیعر پێکهاتووە جگە لە تاک ببێت و چوارینەکان، و لە کۆی ئەو شیعرانەش نزیکەی (٩٩)ی بەشێوەی غەزەل نوسیووە کەواتە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی غەزەلن کە ئەمەش بۆ خۆی ئاماژەیەکی دیکەی دەرکەوتنی کاریگەری سەبکی عێراقیە لە سەر شیعرەکانی مەلای جزیری چونکە پێشتر قاڵبی باوی نوسینی شیعر بریتی بووە لە قەسیدەو لەگەڵ هاتنی سەبکی عێراقیدا ئەو قاڵبە گۆڕا بۆ غەزەل وەکو دەبینین ئەم دیاردەیە لە دیوانەکەی مەلای جزیریشدا بە رونی بەرچاو دەکەوێ.

بۆ نمونە شاعیر دەڵێ:

ب ناریٚ فورقەتیٚ سوهتم ژ فەرقیٚ سەر حەتا پێدا

خەدەنگا غەفلەتیٚ نوهتم ژ بەرقا لامعا تێدا

خەدەنگا فورقەتیٚ رەعدە دلیٚ ئەو غەفلەتیٚ لیٚ دت

دبێژم: وەر جەبەل بت ئەو بکەربت ویٚ د گاڤیٚ دا

هەچی فورقەت نە دی هجران نەبیٚ من داغ و کەی لێنە

ژ بل دەربیٚ د هجرانیٚ فراقیٚ رووح و جان کیٚ دا

ژ هەر بیٚ داغ و بیٚ دەردی مە پورسن محنەتا عشقیٚ

چ زانن بیٚ خەبەر ژانا دلیٚ داغ کەسور تێدا

کەسیٚ محنەت دی و فورقەت ڤەخواری جورعەیا هەجریٚ

گری وان تیٚ ب حالیٚ من دڤیٚ هجران و زەجریٚ دا

ب داما موحبەتیٚ بەندم خەدەنگا فورقەتیٚ دل نوهت

ب شوبهی مورغیٚ نیم بەسمەل دهەڤ وەرتێم د خوونێدا

برووسکا باگنی دا دل دپێتیٚ سینە ویٚ وەر بوو

کو دیٚ بێتن تەبێتا دل دناڤ ویٚ نار و پێتیٚ دا ؟!

ژ ئولفیٚ شوبهەتی زولفیٚ مەدام لەو بێقەرارم ئەز

کو جانیٚ من عەزیز ئیرۆ چوو و دل ویٚ د ئولفێدا (هـ ٥١)

کاتیٚ سەبکی خۆراسانی گۆڕا بۆ سەبکی عێراقی تەنها گۆڕانی ڕوخسار و ناوی سەبکە کە نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی هەموو دونیای شیعری فارسی گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەتایبەتیش ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری، بەم هۆیەشەوە قاڵبی و فۆرمی شیعر لە قەسیدەووە بۆ غەزەل گۆڕا، جزیریش لەو شاعیرانە بووە کە هەندیٚ لە شیعرەکانی لە چوار چێوەی شیعردا هۆنیوەتەوە، وەک:

ب قورئانیٚ ب ئایاتیٚ، ئەگەر پیریٚ خەراباتیٚ

ببێژت سەجدە بن لاتیٚ موریدێن وی دبن قاتیٚ

مرید ار بی بصر نبود، ز فرمانش بە در نبود

کە سالک بی خبر نبود ز راه و رسم منزل ها (هـ٤)

لەم دێڕانەشدا شاعیر دەڵی:

ژحافز قوتبیٚ شیرازیٚ، مەلا فەهم ئەر بکی ڕازیٚ

ب ئاوازیٚ نەی و سازیٚ ببی بەر چەرخ پەروازیٚ

تزد من حبها الصفوی بها اهل الهوی نشوی

متى ما تلق من تهوى دع الدنيا و اهملها (امهلها)       (هـ ٦)

ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی کە شاعیر بەغەزەل دەری بڕیوە ئەمەش بە هۆی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەی کە لەو سەردەمەدا ڕووی دا، بێگومان شاعیریش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەدا بوو و ناوەڕۆکی شیعرەکانی زۆربەیان بوون بە غەزەل کە جوانیەکی تەواو لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ.

۲. ۳. ۳. ۱. ۱. تایبەتمەندییەکانی غەزەلی سەبکی عێراقی لای مەلای جزیری:

۲. ۳. ۳. ۱. ۱. ۱. ناز ناو: ناو بردن و هێنانی نازناوی شاعیر لە کۆتایی غەزەلدا.

ناز ناو لە سەردەمی ئەوکاتە باو بووە کە زۆربەی هەرە زۆری شاعیران بەکاریان هێناوە، ئەمەش بۆ ئەوەی شیعرەکە تەواو بکەنە موڵکی خۆیان و هەر خوێنەرێک شیعرەکانیانی خوێندەوە بزانن موڵکی ئەوە، یاخود لەبەر ناحەزان ویستوویانە بە ناز ناو شیعرەکانیان دەرخەن ئەمەش بۆ ئەوەی کە دوژمن نەزانێ چونکە بێگومان ناز ناو لای دوژمنان ئاشکرا نەبوو. هەروەها لە لای شاعیرانی سەبکی عێراقی جێگای بایەخ بووە و گرنگی پێدراوە، کەواتە ناز ناو ئاماژە کردنە بە ناز ناوی شاعیر لە کۆتایی غەزەلدا، مەلای جزیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ئەم حاڵەتە لە شیعرەکانیدا ڕوونە، جزیری نازناوی هۆنراوەی ، (مەلا، یان مەلێ یان نیشان) بووە، هەر وەکو لەم دێڕەدا شاعیر دەڵێ:

(مەلا) بێ قامەتا یە کتا قیامەت من چەهڤان دی

فیراقێ ڕووسیا بن تە ژ من جانێ شرین جێ دا       (هـ ٧١)

مەلای جزیری لە یەک شوێندا ئاماژە بە نازناوی خۆی نەکردووە بەڵکو لە چەند شوێنی جیاوازدا لە غەزەلەکانی ناز ناوی خۆی خستوتە نێوەی ئەم دێڕەدا، کە شاعیر دەڵێ:

وەحدەتێ موتڵەق(مەلا) نوورە د قەلبان جەلا

زۆرێ د ڤێ مەسئەلێ ئەهلێ دلان شوبهە ما        (هـ ٣٢)

شاعیر لە چەند غەزەلی دیکەشدا ناوی ناز ناوی خۆی بردووە لە نیوەی ئەم دێڕەدا هاتووە، وەکو ڕوونە بۆمان کە شاعیر دەڵی:

**شەهسەوار ئیرۆ کەمەند ئاڤێتنە قەلیێ(مەلێ)**

**بەند ناکت غەیریێ فیتراکا تە سەد فیتراکێ رووح        (هـ ٢٢٦)**

**نموونەی شیعری:**

**جارەکی گوهتی نیشانینە ((مەلا))یێ**

**(یان) ((نیشانی)) نەملایی وەرە پاڤی**

**ئە د خواست مە ژ دل وجان ودەهەن وکامە لە بالە ب        (هـ ٨٦)**

**شاعیر لەم غەزەلە شیعرییەی سەرەوە ناوی ناز ناوی خۆی بردووە کە (نیشان) نە، ناز ناویش یەکێکە لە تایبەتمەندییە غەزەلەکانی سەبکی عیراقی لە شیعری مەلای جزیریدا.**

**٢. ٣. ٣. ١. ١. ٢. پاش سەروا (ڕەدیف):**

**پاش سەروا: یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارو باوەکانی سەبکی عێراقی و زۆربەی شاعیرانی ئەو سەبکە لە شیعرەکانیاندا پاش سەروا (ڕەدیف) یان بەکارهێناوە، ئەم ڕەدیف هەردەم لە دوای وشەی سەروا دا دێت و جوانی بە دەرەوی دەقی شیعری دەدات.**

**پاش سەروا (ڕەدیف):**

**(( وشەیەکە یان چەند وشەیەکە لە دوای وشەی سەروادا وەکوو خۆیان، بە هەمان مانا، دووبارە دەبنەوە))[٢٧٣].**

**مەلای جزیری لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فارسیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە لە چەندین (غەزەل)دا (ڕەدیفی) و یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هونەری پاش سەروا، لە زۆربەی غەزەلە کوردییەکانی بەکارهێناوە، نموونە:**

**شۆخ و شەنگێ زوهرە ڕەنگێ دل ژ من بر دل ژ من**

**ئاورێن هەیبەت پلنگێ دل ژ من بر دل ژ من (د،ج، ل ٣٩٩)**

**لەم نموونەی سەرەوەدا (دل ژ من بر)وەکو پاش سەروا یان (ڕەدیف) لە سەرەتای غەزەلەکەوە تاکو کۆتایی دووبارە بۆتەوە.**

**هەروەهاش شاعیر دەڵێت:**

**سەرێ زولفا تە ب کوللابێ دوعا**

**هاتە دەستێ مە ب جەللابێ دوعا (هـ ٧٢)**

**لەم دێڕەدا وەکو دیارە (ب کوللابێ دوعا) بۆتە باش سەروای ئەم دێڕە, مەلای جزیری لە دێڕێکی دیکەشدا دەڵێ:**

---

[٢٧٣] عەزیز گەردی، کێشناسیی کوردی، چاپی یەکەم، سالی ٢٠١٤، ل ٢٧٧.

(الله الحمد) ژ یاریٚ مه د دەست جامه له بالەب

ژ لەبیٚ نوو٠شی پەیاپەی د دل ئیلهامه له بالەب (هـ ٨٣)

مەلای جزیری لێرەشدا (له بالەب) ی، کردووه به پاش سەروای ئەم دێڕە.

### ٢. ٣. ٣. ٢. ڕەوانبێژی:

ڕەوانبێژی یەکێکە لە سەرەکیەکانی جوان کردن ورازاندنەوەی شیعر بۆیە بەتایبەتی لە شیعری کۆندا بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دروستبونی شیعر هەژماردەکرێت. وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد لە چوارچێوەی سەبکی خۆراسانیدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بۆیان هەبووە بەڵام لەو سەردەمەدا تەینا چەند هونەرێکی کەمی وەکو لێکچواندن و خواستن بۆ ڕازاندنەوەی شیعر بە کاردەهاتن کەچی لەگەڵ سەرهەڵدانی سەبکی عێراقیدا سەرجەم هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعردا بەکارهێنران، بە واتایەکی تر هەبونی هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعردا لەگەڵ سەرهەڵدانی سەبکی عیراقیدا لە شیعردا ڕەنگیاندایەوە و بونە تایبەتمەندیەکی ئەدەبی بۆ سەبکی عیراقی، ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەیری شیعرەکانی مەلای جزیری بکەین دەبینین وەکو سەرجەم شاعیرانی پەیڕەوی سەبکی عیراقی بەشی هەرەزۆری هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و ئەمەش سیمایەکی ئەو سەبکەی بۆ شیعرەکان دروست کردووە.

### ٢. ٣. ٣. ٢. ١. ڕوونبێژی (البیان):

ڕوونبێژی یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە ((زانیستێکە دامەزراوە لە سەر چەند بنەڕەتێک بۆ دەربڕینی تاکە مانا لە ڕێگای جۆراو جۆر کە هەندێکیان لە هەندێکیان ڕوون ترو ئاشکرا ترن))[٢٧٤].

[٢٧٤] موحسن ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهار ڕەوانبێژی( واتاناسی- ڕوونبێژی- جوانکاری)، چاپی یەکەم، سالی ٢٠١٣، ل١١٨.

## ٢. ٣. ٣. ٢. ١. ١. لێکچواندن:

ئەمە بەشێکی گرینگی ڕوونبێژییە، کە شاعیر بۆ لێکچواندنی دوو شت ئەم هونەرە بەکار دەهێنێت، واتە لێکچواندن بریتییە لە (( بەستن و پەیداکردن و وێکچوون لە نێوان زیاتر بۆ مەبەستێک دوو شت بەهۆی هاوبەش بوونیان لە یەک سیفەت یان چەند مەبەستێکی دیاریکراو ))[٢٧٥].

نموونەی شیعری:

شوبهەتیٚ چەنگیٚ د نالم هێژ ژ دەست داغا قەدیم

هەر وەکی مەشعەل دسۆژم دوست نزانم ئاگاهـ هەیە (هـ ٥١٣)

واتاکەی//

لە داخی دووری یار هەر وەک و ئامێری چەنگ و نەی دەناڵم و وەک (پۆلی) ئاگر دەسووتێم و نازانم یار ئاگاداری سووتانی من هەیە یا خود نا*.

لەم دێڕە شیعرەدا جزیری لێکچوواندنەکانی بەم شێوەیە دروست کردووە:

(١)شاعیر خۆی (لێچووە)، ناڵەی چەنگ (لەوچووە)

شوبهەت (ئەوزارە)، ناڵەو هاوارکردن (ڕووی لێکچوونە)

(٢) شاعیر خۆی (لێچووە)، مەشعەل – پۆلی ئاگر (لەوچووە)

وەک (ئەوزارە)، سووتانی شاعیرو گەشی ئاگیر(ڕووی لێچووتە)

---

٢٧٥ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ڕوونبێژی، بغداد، ١٩٧٢، ل٢٢.

* بۆ وەرگرتنی نمونەکان سوودم لە کتێبی رەوانبێژییەکەی عەزیز گەردی وەرگرتووە.

**٢. ٣. ٣. ٢. ١. ٢. لێکچواندنی وێنەیی (صوری):**

**چواندنی وێنەیەک بە وێنەیەکی تر واتە وێنەیەک دەبێتە لێچوو وێنەیەکی تریش دەبێتە لەوچوو، لەم جۆرەدا لە جیاتی ئەمەی شتێک بە شتێکی تر، بچوێنرێ وێنەیەک وێنەیەکی دیکە ئەچووێنرێ ((ئەم جۆرە لێکچوادانە وێنەیەکی هونەری جوان دروست دەکات چونکی دوو شت بەیەکەوە کۆ دەکاتەوی زۆر لایەنەوە بەیەک دەچن))[٢٧٦].**

**نموونەی شیعری لای جزیری:**

**ب داما موحبەتێ بەندم خەدەنگا فیرقەتێ دل نوهت**

**ب شوبهێ مورغێ نیم بەسمەل دهەڤ وەرتێم د خوونێدا (هـ ٥٠)**

**شاعیر لەم دێڕە شیعرەی لێکچوواندنی وێنەی جوانی درووست کردووە بەوەی کە گیرۆدەیی دەستی داوی خۆشەویستی بە گێرۆدەیی تەیرێک چوواندووە بەداوی ڕاوچیەوە بەند بووە.**

**گیرۆدەیی شاعیر لێچووە ، تەیری بەداوئاڵاو لەوچووە گێرۆدە بوون ڕووی لێکچوونە ، شوبهی ئەوزارە.**

**واتای دێڕەکە بەگشتی:-**

**بەدوای خۆشەویستی یار دیل و بەند کراوم تیری دووری و دابڕان لە یار دڵی پێکاوم هەر وەک ئەو تیرە وام بە داوی ڕاوچیەوە گیراوە و نیوە مرداربوە بە خوێن ئاڵاوە.**

**لە دێڕی تردا شاعیر دەڵێ:**

**جانی خوە مەگر دانەیی داڤا کوڤەدایی**

**ئاهو سیفەت ئەو پێ حەسیا راهی خەتا گرت (ج، ١١٧)**

٢٧٦ بن عیسا ابا گاهر، البلاغه العربیه، دار الکتاب الجدیده المتحده، لیبیا، الطبعة الاولی، سنه ٢٠٠٨، ص٢٢٧.

**٢. ٣. ٣. ٢. ١. ٣. خواستن:**

**بەشێکی تری ڕوونبێژی خواستنە کە، ((بریتی یە لە بەکارهێنانی وشەیەک جگە لەو مانا ئەصڵەی کەهەیەتی لەگەڵ بوونی پەیوەندی لێکچوواندن لە نێوان مانا ئەصلەکە و مانا خواستراوەکە لەگەڵ بوونی نیشانەیەکیش کە ڕێگیر بێت لەوەی و شەکە بۆ مانای درووستی خۆی بەکاربێت))[٢٧٧]. هەروەها دەتوانین بڵێین ((خواستن هونەرێکە لە لێکچواندنەوە دروست دەبێ. بەڵام ئەوەیە لە خواستن دا دەبێ یەک لە دوو بنەماکەی لێکچواندن هەبێ))[٢٧٨].**

**لەم دێڕە شیعرەشدا شاعیر دەڵێ:**

**گەستیمە خەلقۆ عەقرەبێ مەستم ژ شەوقا غەبغەبێ**

**تالع تنێ مە د کەوکەبێ ئێرۆ عەقارب تێنە دەر (هــ ٢٨١)**

**خواستن لە وشەی (عەقرەب) دایە**

**عەقرەب / لەو چووە، لێخواستراوە**

**زوڵفی یار لێ چووە، بۆ خواستراوە**

**ڕووی یار نیشانەی خواستنە**

**واتای دێڕەکە//**

**لە شەوقی جوانی گەردەنی یار مەست بووە، سەری زوڵفەکانیشی وەک کلکی دووپشک لە گەردنی ئاڵاوە وپێی وە داوم، واتە شاعیر نیازی ماچ کردنی گەردنی یاری هەبووە بەڵام زولفەکانی ڕێگەی پێ نەداوە و وەکو دوو پشک پێی وەداوە، دیارە ئەوەش نیشانەی بێ بەختی شاعیرە چونکە بورجی شاعیر ئەو ڕۆژە دوو پشک بووە.**

---

٢٧٧ عیسی باطاهر، البلاغه العربیه، دار الکتاب الجدیده المتحده، لیبیا، **الگبعه** الاولی، ٢٠٠٨، ص ٢٥٣.

٢٧٨ Yekta,Saraç,Klâsîk Edebiyat Bilgisi Belâğat,weş.Gökkubbe,çap.13.,İstanbul,2015,r.118.

### ٢. ٣. ٣. ٢. ١. ٤. خوازە:

ئەمەش لایەنێکی گرینگی تری ڕوونبێژییە کە، ((بەکار هێنانی وشەیەکە بۆ بێجگە لەو واتا فەرهەنگیە دروستەی کە هەیەتی لەگەڵ بوونی واتایەکی تر کە ڕێگربێت لەوەی کە وشەکە بۆ مانا درووستەکەی خۆی بەکار هاتبێت بەومەرجەی پەیوەندی نێوان هەر دوو وشەکە لێچوون نەبێت))[٢٧٩].

شاعیر لەم دێڕەدا دەڵێ:

میم مەتلەعێ شەمسا ئەحەد ئایینە سیفەت کر

لامیع ژ عەرەب بەرقێ ل فەخارێ عەجەم دا (هـ ٨)

خوازەی لە وشەی (میم) دایە مەبەست لە ناوی پێغەمبەر (محمد)ە ، بەلا

لێرەدا تەنیا یەک پیتی سەرەتای وەرگێراوە ئەویشی پێی (میم)ە، ئەو جۆرە یان خوازەی (بەش لەگشت)ە، واتە پاژە بییە، شاعیر ناوی بەشێک دەهێنێ بەڵام مەبەستی گشتە.

واتای دێرەکە//

واتە خوای گەورە ناوی پیرۆزی (محمد)ی وەک ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی تیشکی تاقانەیی خۆی لە وڵاتی عەرەبەوە گەیاندە غەیرە عەرەبەکان کە ئەوکات لە غەفلەت و بێئاگایی دابوون.

دڕکە: ((کەوترا ئەگەر شتێک لە ئارادا نە بووە کە وشە بیرێ بەسەر گوزارە ڕەسەنی و نە زادیەکەدا ئەوە دڕکەیە))[٢٨٠].

هەروەها دڕکە ئەوەیە ((ڕاستەو خۆ ناوی سیفەت یان مەوسووف نەدرێ، بەڵکو بەهۆی شتی ترەوە بدرکێنرێ و لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەربکەوێ ئەمە مانای مانایشی پێ دەڵێن لە دڕکەدا مەرج نییە نیشانە

---

٢٧٩ أحمد بن إبراهيم بن مصطفى الهاشمی، جواهر البلاغه فی المعانی وابيات والبديع، دار الاحياء والتراث العربی، لبنان، بيروت، ص١٧٩.

٢٨٠ علاء الدين سجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدين، ١٩٨٦ز، ل٦١.

هەبیٚ بۆ ئەوەی کە مانا درکاوە کە مەبەستە، چەنکە هەڵدەگریٚ مانای ڕاستەقینەی وشەکانیش مەبەست بیٚ، هەر چەند مەبەستی سەرەکی هەرمانا درکاوەکەیە))[281].

نموونەی شیعری:

دلبەر شکینا شەککەرەک ((فقلت یاروحی متی))

گۆ من حەتا خاتر هەبت من گو چ کم ئەز با هەتا (هـ ٤٢)

دڕکە لە (شکینا شەککەرەک) دایە، واتە قسەیەکی خۆشی کرد ئەو جۆرەی دڕکەیە لە سیفەت دا، واتە یارەکەی سیفەتی قسە خۆشی هەیە.

واتای دێڕەکە//

یارم قسەیەکی خۆشی لە لێوانی یاری (واتە موژدەی بە یەک گەیشتنی داوەتە شاعیر)، شاعیر دەڵیٚ کاتێک یارەکەم موژدەی بە یەک گەیشتنی دامیٚ منیش پێم گوت گیانەکەم کەی ئەوکاتە دێتە دیٚ.

یاریش لە وەڵامدا گوتی کەنگیٚ خۆم بمەویٚ ، شاعیر دەڵیٚ منیش پێم گوت من چ لەو کەنگیٚ یە بکەم خوا ئەزانیٚ ئەو کنگیٚ یە کەیە؟

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. جوانکاری:**

ئەمە بەشێکە لە ڕەوانبێژی کە، (( بریتی یە لەوەی ئەدیب بە ئاشکرا یان بە پۆشراوی هۆی زانراوی شتێک پشتگویٚ بخات و بێت بە هۆیەکی ئەدەبی جوان بۆ شتەکە بیێنێتەوە کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەوەی مەبەستی یەتی))[282]. هەروەها دەتوانین بڵێین ((جوانکاری مامەڵە لەگەڵ ئەو هونەرانە دەکات کە، کەم و زۆر، قسەی ئاسایی بەرەو ئاستێکی بەرزتر دەبەن و دەیان گەیێننە پلەیەکی وایشیٚ چێژ لە جوانییەکەی وەربگیریٚ، کەواتە جوانکاری گرنگی بەو لایەنە دەدا کە بەرهەمی ئەدەبی لە ماناو ئاوازەوە لە قسەی ئاسایی

---

٢٨١ عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩

٢٨٢ ئیدریس عبدالله، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل١١٣.

**جودا دەکاتەوە . . . . ئەو سەرە داوانە دەست نیشان دەکا، کە وشەو دەستەواژەکانی ناو ڕستە بەیەکەوە گرێ دەدەن و لەپەیوەندییەکی جەدەلی و جوانی بەخشەوە بەرەو ئاستێکی هونەرییان دەبەن))[٢٨٣].**

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ١. ڕەگەزدۆزی:**

**بەشێکی گرینگی جوانکارییە، ((ئەوەیە کە دوو وشە یان زیاتر بێنی لە ڕواڵەت وەکو یەک وابن یان بە یەک بچن، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودایە لە واتای وشەکانی تر))[٢٨٤].**

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٢. ڕەگەزدۆزی تەواو:**

**ڕەگەزدۆزی تەواو یەکێکە لە هونەرەکانی جواکاری.**

**نموونەی شیعری:**

**یارێ دی ئەم گەدا دەست ب دەستێ مەدا**

**ئەم ب سەمایێ برین ڕەقس و سەما ژێ (سەماژی) وەما (هـ ٢٨)**

**ڕەگەزدۆزی تەواو لە نێوان وشەکانی (سەما) دایە، لەیەکەمیان بە مانای ئاسمان دێت و دووەمیان بە مانای بەزم سەما دێ.**

**واتای دێڕەکە:**

**کاتێک کە یار دیتی من گەدام و بەتەنیام دەستی ئێمەی گرت و بەم دەست گرتنەش وەک ئەوە وابوو کە بەرز بمەوە بۆ کۆڕی ڕەقص و سەمای باران و ڕەقص و سەماکەش هیچ تێکنە چوو هەر وەک خۆی مایەوە.**

---

٢٨٣ عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

٢٨٤ عزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، جوانکاری، ل ٥.

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٣. ڕەگەزدۆزی ناتەواو:**

**ئەمە پێچەوانەی ڕەگەزدۆزی تەواوە، لەم شیعرەدا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت:**

**نموونەی شیعری:**

**ئەو تللی یێن نازک ڕەقیق پور دامە فینجانا عەقیق**

**ئە بادەیا نوورین ڕەحیق میننەت با من وەهھاب دا (هـ ٢٢)**

**ڕەگەزدۆزی لە نێوان (رەقیق، عەقیق، ڕەحیق) دایە ناتەواوە لە جۆری دەنگی سەرەتا.**

**واتای دێڕەکە:**

**یار بە دەستی ناسک و جوانی شەرابی صاف و بێ خەڵتی بە من دا زۆر سوپاس گوزارم کە یارێکی وا بەخشندە و دەست بڵاوم هەیە.**

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٤. تێل نیشان:**

**بە هەڵێنجانی دێرێک یان زیاتر، لە بابەتێکی دیاریکراو کە پەیوەندی بە شیعرەکەوە هەبێت، دەگووترێت (تێلنیشان)، کە (( بریتی یە لە ئاماژەدانی شاعیر بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەک یان پەندێکی پێشینان رووداوێکی مێژوویی گرنگ بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بۆ شیتێک بکات لە سەری بوەستێ و درێژی باسی بکات تەنیا وەک ئاماژەیەکی لە سەر یان تێپەڕێت))[٢٨٥].**

**نموونەی شیعری:**

**هۆستایی عشیقێ دل هەقوت سەرتا قەدەم هنگی د صوت**

**رەمزا ((انا الحق)) هەر دگۆت باوەر بکن مەنسوورە دل (هـ ٤٢٦)**

**واتای دیرەکە:**

٢٨٥ ئیدریس عبداالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

لەو کاتەی کە مامۆستایی (وەستا)ی خۆشەویستی هات و دڵی فێری دڵداری کرد لەوکاتەوە دڵم بۆتە ئاگر و گڕی گرتووە، (من خودام) دەڵێت و لەگەڵ مەنصوری هەللاج دا بۆتە هاو دەنگ، باوەڕم پێ بکەن دڵ تاوانی نیە و سەرکەوتووە واتە بەرەو لای خودا ڕۆشتووە.

واتە گەیشتۆتە پلەی یەکبوون تناسخ الأرواح

لەم دێڕەدا مەلای جزیری ئاماژە لە سێدارەدانی مەنصوری هە للاج دەکات کاتێک دەگوت (انا الحق) واتە من خودام بەمەش بەکافر دانراو لە سێدارەوار.

جزیری بە وشەکانی (انا الحق)، منصور ئاماژە بەووە داوە کە دەکات.

لە نموونەی تریش دا شاعیر دەڵێ:

ئیرۆ ژ مەل بەدرا تەمام عەنبەر فشان بن سەد سەلام

ئەی هد هدی شیرین کەلام! ((اهلا و سهلا مرحبا)) (هـ ٣٤)

تێل نیشان بۆ چیرۆکی هود هودی حەزرەتی سلیمان و بەلقیس

لە دێڕی دیکەشدا شاعیر دەڵێ:

ئەز گەهام ئاڤا حەیاتێ خەف ژ دل

خوزر ڤاژی چوویە حەیوانی غەلەت (هـ ٣٥٧)

٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٥. دژیەک:

وشەی دژیەک یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە:

(( بریتییە لە هێنانی دوو وشەی دژیەک، یا ڕوو بە ڕووکردنی دوو واتای پێچەوانە))[٢٨٦].

نموونەی شیعری:

---

٢٨٦ عەزیز گەردی، ڕەوابێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، جوانکاری ، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥، ل٦٨.

رووح و ڕەوانیٚ من حەبیب دیسا ب تەلبیسا ڕەقیب

ڕەنجیده کر مسکین غەریب تەرکا دلیٚ ئەحباب دا (هـ ١٩)

دژیەک لە نێوان وشەکانی (حەبیب، ڕەقیب)دایە بەمانای (خۆشەویست) و (دوژمن، ناحەز) دێت.

واتای دێڕەکە//

دیسان یارەکەم کە رووح و گیانی منە بە قسەی ڕەقیب و ناحەزان منی بەجیٚ هێشت و غەریب و ئاوارەی کردم (ئەمانەیان دژیەکی ئیجابە).

نممونەی شیعری دیکە:

د دە سالان مولازم مام و یاریٚ ڕوو نەدا جارێک

وەگەرنە یار ئەگر ڕوو دت هەیە جارەک دسالێدا (هـ ٥٨)

ماوەی دەساڵە لە بەردەرگای کەوتووم یارم جارێک ڕووی نەدامیٚ ئاوریی لیٚ نەدامەوە بەڵام چیٚ دەبێت ئەگەر لە ماوەی ئەم دەساڵە، ساڵی یەک جار ڕووی بدامیٚ ئاوریی لیٚ داماماوە.

دژیەک لە نێوان (ڕوودا، ڕوونەدا)دایە دژیەکی (سەلب) نەفی کراوە.

٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٦. جوانی بایس:

جوانی بایس ئەوەیە ((دیاردەیەک هۆی ڕاستەقینەی خۆی هەبیٚ، ئەم هۆیە بەلاوە بنریٚ و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ بدۆزرێتەوە کە هۆی ڕاستەقینە نەبیٚ، ئەمە جوانییەکی زیندووی پیٚ دەبەخشیٚ))[٢٨٧].

نمونەی شیعری:

لەو ژ لە بیٚ لە علیٚ تە جام بۆ خەجل

بادەییٚ ئە نگووری کوجا سەلسەبیل (هـ ٤١٥)

---

٢٨٧ عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٥.

**واتای دێڕەکە:**

**کاتێک کە لێوی پیاڵەی شەراب سوور هەڵگەڕاوە ئەوە لە بەر ئەوە نییە کە شەرابی تیایە و بەکاریگەری شەرابەکەوە سوور  هەڵگەڕاوە، بەڵکو لە شەرمی سووری لێوی یارە سوور هەڵگەڕاوە، چونکە ئەو خۆی دەزانیێ کە ئەو شەڕابەی لە ناو ئەو دایە ئاوی ترێیەو هێچی تر، بەڵام شەڕابی لێوی یار لیکی دەمی یارە و وەک ئاوی سەلسەبیل کە ئاوی یەکێک لە کانیەکانی بە هەشتە ئەو ئاوە لە لێوی یار دایە.**

**شاعیر بۆ جوانی هاتووە سوور هەڵگەڕانی لێوی پیاڵەی مەی بۆتەوە گەڕاندۆتەوە کە لە ترسی لێوی یارە، کەلە بنەڕەتدا هۆی سوور هەڵگەڕانەکە شەرابی ناو پیاڵەکەیە.**

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٧. ترصیع:**

**وشەی ترصیع: ((ئەوەیە کە شاعیر دێڕێک بێنین و شەکانی (سەدرەکەی) هەموویان یان هەندێکیان لە ڕووی کێش و سەرواوە بەرانبەربن بە وشەکانی (عەجزەکەی)))[٢٨٨].**

**نموونە شیعریەکە:**

**وەردان گولاڤ گرتن خوناڤ        لیێ من دناڤ سوهتن هەناڤ**

**من دی ب چاڤ زولفێن بلاڤ      لیێ بوونە داڤ بەند کر ب ناڤ          (هـ ٣٨٥)**

**لەم دێڕە شیعرەدا جزیری هەر دوو هونەری (ترصیع، تصریع)ی بەکار هێناوە بە هۆی هونەری کەرتکردنی هەشتی دێڕەکەوە، واتە دێرە شیعرەکەی دابەشی هەشت کەرت کردووە، ئەم دابەش کردنەش هونەری ترصیعی لیێ دروست دەبێت بەوەی وشەکانی لە تی یەکەم (گولاڤ خوناڤ دناڤ هەناڤ) بەرانبەر بە وشەی هاو سەروا و هاوکێش لەکاتی دووەمدا وەستاون (بچاڤ بلاڤ داڤ بناڤ).**

٢٨٨ ئیدریس عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥.

واتای دێڕەکە//

گوڵەکان گوڵاو خوناویان لێ نیشتووە لە تاوی دیتنی جوانی یار بەڵام من لە پێچەوانەی گوڵەکانەوە لە ناخەوە سووتاوم، من بەچاوەکانی خۆم زوڵفە پەرش و بڵاوەکەی یارم دی کە وەک داوی ڕاوچی کەوتمە ناوی و گیرۆدەی بووم.

٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٨. کەرتکردن:

هەروەک لە ناوەکەی دەردەکەوێت، (( ئەوەیە کە هۆنەر بێجگە لە سەروای گشتی هۆنراوە لە کاتی هۆنینەوەی هۆنراوەدا سەروادار بەکار دێنێ و ئەم هونەرەش پێی دەگوترێت کەرتکردن))[٢٨٩].

مەلای جزیری دەڵێ:

نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچە نگێ

وەرە ساقی حەتا کەنگێ نە شۆیین دل ژ ڤێ ڕەنگ (هـ ١)

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر دێڕەکەی کردۆتە چوار بەشی یەکسان بە هۆی وشەکانی (چەنگ، خەرچەنگ، گرنگێ، ڕەنگێ) ئەم جۆرە کەرتکردنە و شیعرەکانی مەلای جزیری دا زۆر بەرچاو دەکەوێت، دەکرێت بڵێین جزیری لە کەرتکردن و سەروا سازی ناوەوەدا سەرمەشقی شاعیرانی کلاسیکی کوردییە.

واتای دێڕەکە//

دەنگ و ئاوازی جەنگ موتریب گەیشتە ئاسمان، دەوەرە ساقی با ئێمەش بەشداری ئەو بەزمە خۆشە بین و دڵ و دەروونمان لە ژەنگ پاک بکەینەوە مەبەستی جزیری لە ژەنگ پیسی دونیایە، مەبەستی لە شەرابەکەش شەرابی عیشقی خوودایە، دیارە جزیری دەیەوێ باسی بەزمی ناوکۆڕی زیکری هەڵقەی دەرونێشی بکات.

---

٢٨٩ عزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

چاولەیەک (مراعات النظر): ((بریتی یە لەوەی کە لە ئاخاوتندا دوو شتن، یان زیاتر لە دوو شتی لەگەڵ یەک گونجاو کۆبکرێتەوە کە پەیوەندیان دژیەکی نەبێت ئەگینا دەبنە دژیەک))[290].

نموونەی شیعری:

ب ناری فیرقەتێ سۆهتم ژ فەرقێ سەرحەتا پێدا

خەدەنگا غەفلەتێ نۆهتم ژ بەرقا لامیعا تێدا (هـ ٤٧)

لەم دێڕەدا گونجان لە نێوان وشەکانی (ئاگر)، (سووتان) هەیە چونکە هەرکات ئاگر هەبێت سووتانیش دەبێ، واتە

(ئاگرو سووتان) دەگونجێت بەیەکەوە بێن و جوانی بە دەق و شێواز دەبەخشێت.

هەروەها لە نێوان بەرق، لامیع دا گونجان هەیە.

واتای دێڕەکە//

بەئاگری دووری یار لە سەر تاوەکو پێم سووتاوم ،واتە سەراپای گیانی سووتاوە لە داغی دووری یار، وەک بروسک لێی دام و لە ئەنجامدا گڕی دووری یار ئاگری تێ بەرداوم.

٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ٩. تصریع:

وشەی تصریع بریتییە لە:

((ئەوە کە شاعیر وشەی کۆتایی بەشی یەکەمی دێڕی شیعرەکەی لەگەڵ وشەی کۆتایی بەشی دووەمی دێڕی شیعرەکەی هاوکێش و هاوسەروا دەکات))[291].

نموونەی شیعری

٢٩٠ ئیدریس عبدالله مصطفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦١.

٢٩١ بن عیسی باطاهر، البلاغه العربیه، دار الکتاب الجدیده المتحده، لیبیا، الطبعه الاولی ، ٢٠٠٨م، ص٣٢٧.

ئەووەل کو یاریٚ دامە یەک زەررە یەک عینایەت

قیسمەت مەخەمر وجامە د دەفتەرا هیدایەت (هـ١٦٤)

تصریع لە نێوان وشەکانی (عینایەت، هیدایەت) دایە کە هەر دووکیان دوو وشەی هاوکێش و هاوسەروان لەسەر کێشیٚ (مفعولن) واتە بڕگەیەکی کورت و دوو بڕگەی درێژ ( U، - ) هەروەها هەردوو وشەکەش هاوسەروان دەنگی / ت / لە هەردووکیاندا ڕەوییە، بزوێنی کورتی /ە/ کە لە پێش ڕەوی هاتووە پێی دەڵێن (تەوجیە).

واتای دێڕەکە:

کاتێک لە سەرەتاوە یار ئێمەی بەسەر کردەوە واتەیەک زەرە لە تیشکی جوانی ئەوی بەرکەوت ئیتر بەشی جزیری بۆتە جام و مەی واتە شەراب خواردنەوە (شەرابی عیشقی خوودایی)، وەک ئەوەی هەر ئەزەلەوە بەمەبەستی خوڵقا بێت.

٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ١٠. تێهەڵکێش:

هونەرێکی جوانکاری و وشەییە بریتی یە لە (( تێهەڵکێشکردنی ڕستە و گوتەیٚ یەکێکی تر بەهۆنراوەی لە نویٚ دا بدرێژێت، ئینجا ئایەتی قورئان بێت یان فەرمووده یان شیعری شاعیرێکی دیکە . . . . هتد ))[٢٩٢]. هەروەها لەکتێبی تورکیدا دەڵیٚ ((لە شیعر و پەخشاندا بۆ مەبەستی تێربوون خەمڵین گوتنان و بەهێزکردنی واتا بەکاردێت))[٢٩٣].

نموونە: -

نەوایا موتریب و جەنگیٚ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگیٚ

وەرە ساقی حەتا کەنگیٚ نەشۆیین دل ژڤیٚ ژەنگیٚ (هـ ١)

---

٢٩٢ ئیدریس عبدالله، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥٧.

٢٩٣ İsa,Kocakaplan,Açıklamalı Edebi Sanatlar,weş.Türk Edebiyatı Vakfı,İstanbul,٢٠١٤,r.٥٩.

نموونە:

حەیاتا دل مەیا باقی بنۆشین دا ب موشتاقی

(( الا یا ایها الساقی! ادرکاسا وناولها ))　　　　(هـ ١)

مەلای جزیری لەم غەزەلەدا شیعرێکی بەناو بانگی (حافز ی شیرازی) تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە.

ئینجا دەکرێ شاعیر لە جیاتی شیعری شاعیرێکی دیکە هەر دەقێکی دیکە تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی بکات بەمەرجێک ئاماژەی بۆ بکات یاخود لە ناو جووت کەوانەیەکی دابنێ، هەندێ جاریش لەبەر ناوبانگی زۆری ئەو دەقەی وەریگرتووە هیچ ئاماژەیەکی بۆ ناکات.

٢. ٤. ٣. ٢. ٢. ١١. لزومیات (ئیعناد):

هونەرێکی جوانکاری وشەییە بریتی یە لەوەی کە ((شاعیر جگە لە دەنگی ڕەوی چەند دەنگێکی دیکەش شان بە شانی ڕەوی لە دوو دێڕ یان زیاتر دووبارە دەکاتەوە))[٢٩٤].

زۆر جار شاعیر یەک دەنگ لەگەڵ دەنگی ڕەوی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام شاعیری بەتوانا جگە لە دەنگێک دوویان سێ یان چوار دەنگ دووبارە دەکاتەوە، ئەم دووبارە کردنەوەی دەنگەش مۆسیقای سەروا بە هێز دەکات.

نموونە:

بۆ دووبارە کردنەوەی یەک دەنگ: -

دەستێ قودرەت کو هلاڤێت ژ بەژنا تە نیقاب

ل جە مالا جەبە رووتی مە نەمان پەردە حیجاب　　　(هـ ل٧٦)

---

٢٩٤ حسن محمد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٩٨.

وشەکانی سەروای ئەم غەزەلە بریتین لە (حیجاب، گولاب، عوباب، کیتاب، روباب، خوشاب، عوراب، سەراب، حوباب، جەواب، عیقاب، حیساب).

لە هەموویاندا دەنگی / ب / ڕەوییە، دەنگی / ئا / شان بە شانی ڕەوی دووبارە بۆتەوە.

مانای دێڕەکە: -

لەو کاتەوەی کە خوای گەورە پەردەی لە ڕووی جوانی تۆ لاداوە، تۆی بە ئێمە نیشانداوە، ئێمە جوانی خوای گەورەمان لە رووخساری تۆدا بینی و هیچ بەربەستێک یاخود گرفتێک لە لای ئێمەدا نەماوە.

نموونەی بۆ دووبارە کردنەوەی دوو دەنگ:

نازکەک من سەحەرێ دی ب جەمالا خوە نەوەک

حوورو ویلدان و پەری بو نە شەر بوو نە مەلەک (هـ ٤٠٣)

وشەکانی سەروای ئەم غەزەلە بریتی یە لە (مەلەک، بەلەک، هەلەک، فەلەک، گەلەک، هلک، مللک، سلک، پەلەک، مەلەک، دلک، حلک،چەلەک، هەلەک، شەبەک)

دەنک / ک / ڕەوی غەزەلەکەی، جگە لە دەنگ ڕەوی دەنگەکانی / ل /، / ە / لە سەرجەمیان دووبارە بۆتەوە.

واتای دێڕەکە:

من بەرەبەیانی جوانێکی وام بینی نازانم حۆری بوو یان منداڵەجوانەکانی بەهەشت یاخود پەری بوو یا مرۆڤ ئەوە چی بوو ئەو جوانیە، کە هیچ جوانیەک نەدەگەیشت بە جوانی ئەو.

نموونە بۆ دوبارەکردنەوەی سێ دەنگ.

ئەووەل کو یارێ دامەیەک زررە عینایەت

قیسمەت مە خەمر وجامە د دە فتەرا هیدایەت (هـ ١٦٤)

وشەکانی سەرەوای ئەم غەزەلە ئەمانەن (هیدایەت، نیهایەت، ب ئایەت، ویلایەت، ریعایەت، سیرایەت، شکایەت، ریوایەت، کیفایەت، درایەت، عینایەت) لە هەمووواندا دەنگی / ت / ڕەوییە، جگە لە ڕەوی شاعیر دەنگەکانی (ا، ی، ە) دووبارە کردۆتەوە بەم شێوەیە:

دەنگ / ئا / پێی دەڵێن (ئەلفی تە ئسیس)

دەنگی / ی /پێی دەڵێن (دەخیل)

بزوێنی کورتی / ە / پێی دەڵێن (تەوجیە)

واتای دێڕ:

واتە لەو کاتەوەی کە خوای گەورە ئێمەی خوڵقاندووە، ئێمەی مەستی یادەی ئەوینی خۆی کردوو، واتە هەر لە ئەزەلەوە ئێمە بە مەستی خوڵقاوین.

گونجانی کێش و واتا:

ئەمەشیان جۆرێکە لە هونەرەکانی واتایی کە بریتی یە لەوەی (( شاعیر دێڕ شیعرەکەی لە رووی واتاوە تەواو بێت، خۆی ناچار نەکات لەبەر کێشی شیعر واتای شیعرتێک بدات یاخود پاش و پێشی بکات))[٢٩٥].

مەلای جزیری دەڵێ:

من دی سەحەر شاهێ مەجەر لە بسێ دبەر مە خصوور بوو

ئەو دیم زەری سور موشتەری یارەب پەری یاحور بو (هـ ل ٤٠٧)

لەم دێڕە شیعرەدا جزیری لە وەسفی یاردا دەڵێ: -

٢٩٥ حسن محمد نورالدين، العقدالبديع فى فن البديع خورى پولس عواد، دار المواسم للطباعة والنشر و التوزيع، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠ م، ص٣٠٨.

ئەمرۆ بەیانی کاتیٚ یارەکەی خۆم دی کە لە چاو جوانانی دونیادا وەک (خۆر، ڕۆژ) وایە لە ناو ئەستێرەکاندا چۆن تیشکی ڕۆژ لە تیشکی هەدوو ئەستێرەکانی دیکە بەهێز ترە یارەکەیش لە چاو جواناندا بەم شێوەییە، خوایەگیان ئەو جوانیە چی بوو کە یار هەی بوو، ئەوە حۆری بوو یان پەری، بەلەنجەو لارێکی جوان و شیرین ئەرۆیشت و چاوەکانیشی هێشتا خەوا ڵووبوون.

لەم وەسف کردنەوەی مەلای جزیری دا بۆ یارەکەی زۆر گونجاوە لەگەڵ کێشی شیعرەکەی کە ڕەجەزی هەشتی تەواوە واتە (٤) جار تەفعیلەی ( مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن) بەدوای یەکتردا بەبیٚ ئەوە، هێج کام لە تەفعیلەکان تووشی زیحاف یان عیللە هاتبێت و لەگەڵ ئەوەشدا واتاکەشی ڕێک و دروستە.

T. B

هەر لەتێک (٤) تەفعیلە بە واتە بۆ هەردوو لەتەکە (٨) جار مستفعلن.

**٢. ٣. ٣. ٢. ٢. ١٢. رد العجر على الصدر (هێنانەوە):**

ئەمەش هونەرێکی دیکەی جوانکاری وشەییە، بریتی یە لەوەی کە ((شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەیەک بێنێتەوە، پاشان هەمان وشە وەکو خۆی یان بەکەمێک گۆڕانکاریەوە لە نیوەی دووەمدا دووبارە بکاتەوە))[٢٩٦].

نموونە:

ژ ئولفیٚ شوبهەتی زولفیٚ مەدام لەو بێقەرارم ئەز

کو جانیٚ من عزیز ئیرۆ چوو دل ویٚ د ئولفێدا (هـ ٥١)

( ئولفیٚ دا ) لە سەرەتای لەتی یەکەم و کۆتایی لەتی دووەمدا دووبارە بۆتەوە.

واتای دێڕەکە:

٢٩٦ حسن محمد نور الدين، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٥.

وەکو زوڵفەکانی یارم هەردەم هات و چۆ دەکەم و وەستانم نیە لە خۆشەویستی یاردا، ئەمڕۆ کە یارەکەم ڕۆشت دڵم لەگەڵ ئەودا ڕۆیشت چونکە هۆگری ئەوە بووە و لە یار جیا نابێتەوە.

هەندی جاریش شاعیر وشەکە لە دێڕی دووەمدا دووبارە دەکاتەوە وەک ئەم نموونە:

من زەری نەپڕ سورن سەر ب پەرن دیم دورن

من کو د چەرخێ وەدی صەبر و قەرارم نەما (د،ج، ٢١)

شاعیر لەم دێڕەشدا دەڵێ:

صەبرو قەرارم کو بر جان و جگەر هورکر

ظولمێ وەرەنگ کی د کر جان د برو دل تەیا (د،ج، ٢١)

**٢. ٣. ٣. ٢. ٣. واتا ناسی:**

بەگشتی لە زماندا ڕستە دوو بەشە، یان هەواڵە یان دارشتنە، کاری واتا ناسی وەک بەشێکی سەرەکی لە سێ بەشەکەی رەوانبێژی لێکۆڵینەوەی واتایە، بە پەیوەندی نێوان وشە و مانا ساغ دەکاتەوە.

لەبەر ئەوەی هەموو رستە و گوتەیەکیان خەبەرە یان داڕشتن بۆیە تەوەرەی سەرەکی واتا ناسی (خەبەر، ئینشایە).

بۆ نیشاندانی ئەم لایەنەش وەک بەشێک لە شێوازی شیعری جزیری، چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

**٢. ٣. ٣. ٢. ٣. ١. خەبەر:**

((ئەو قسە یان ئەو پەیامەیە کە ڕاست و درۆ بە خۆیەوە هەڵدەگرێت، واتە دەشێ خەبەرەکە ڕاست بێت و دەشێ درۆ بێت))[٢٩٧].

نموونەی شیعری:

٢٩٧ عزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەی کوردیدا، بەرگی سێیەم، واتا ناسی، چاپخانەی کاکەی فلاح، سلێمانی، ١٩٧٩، ل١٥.

موغبه چه‌یین مه‌ی فروش هه‌ر سه‌حه‌ریٚ تێن سه‌ما

باده خۆران نۆش – نۆش مانه ل دۆریٚ جه‌ما          (هـ ٢٥)

واتای دێره‌که//

کاتێک شه‌راب خۆران له مه‌یخانه‌دا خه‌ریکی به‌زم و ڕه‌زمی شه‌راب خواردنه‌وه‌ن و خه‌ریکی ئاهه‌نگ گێڕان و شادی و خۆشین، له‌م ناوه‌شدا مناڵه لوسکه و ساده‌کانی ناومه‌یخانه شه‌راب ده‌گێڕن و ڕه‌قص و سه‌ما ده‌که‌ن بۆ که‌یف خۆشکردنی شه‌ڕاب خۆران و ده‌نگی (نۆشت بێت نۆشت بێت) له‌م ناوه ده‌نگ ده‌داته‌وه.

لێره‌دا ئه‌و قسه‌یه‌ی جزیری ده‌کریٚ بڵێن ڕاسته یا خود هه‌ڵه‌یه که واته له زانستی واتا ناسی دا به‌م جۆره ده‌گوترێت خه‌به‌ر مادام ڕاستی و چه‌وتی هه‌ڵده‌گرێت.

٢. ٣. ٣. ٢. ٣. ٢. داڕشتن (انشـاء):
بابه‌تێکی دوور و درێژه و، ((ئه‌و ڕسته‌یه‌که هیچ هه‌واڵێکی له خۆ نه‌گرتووه به‌ڵکو بۆ ئه‌وه دانراوه که بخرێته ڕوو))[٢٩٨].

له‌م دێڕه شیعره‌دا شاعیر ده‌ڵیٚ:

که‌س ب دادا مه نه‌پرست گله و داد چ کت

ته نه‌بت داد ره‌سه‌ک بێهوده فه‌ریاد چ کت          (هـ ١٥٨)

واتاکه‌ی//

جزیری له‌م دێڕه شیعری دا باسی ئه‌وه‌مان بۆ ده‌کات که ئه‌گه‌ر که‌سێک به دادمان نه‌گات و لێمان نه پرسێته‌وه، هاوار و شیکایه‌ت کردنمان له باچی؟

تۆ ئه‌گه‌ر داد ڕه‌سێکت نه‌بێت ده‌ستت بگرێت ئیتر شکایه‌ت و گله‌یی بیٚ سووده.

٢٩٨ ئیدریس عبدالله، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٤٣.

**جزیری لەم دێڕەدا هیچ هەواڵێکی نە خستووە ڕوو، تەنیا پرسیار دەکات دەربارەی ئەوەی ئایا گلەیی و شکایەت هیچ سوودی هەیە؟  ئەم جۆرە دەربڕینانەش لە زانستی واتا ناسی دا دەچێتە چوار چێوەی داڕشتن (ئینشاء).**

**ئەنجامەکان:**

**١ - ئەگەر بەوردی لە دیوانی جزیری بڕوانین دەبینین بەشی هەرە زۆری تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەو سەبکە لە شیعرەکانیدا زۆر بە روونی ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە سیمایەکی دیار بۆ شیعرەکانی، وەکو هەبوونی :**

**ا- زمانی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی**

**ب- هەبوونی شیعر بە زمانی جیا لە زمانی خودی شاعیر واتە زمانی کوردی.**

**ج - ڕەنگدانەوەی وشە و زاراوەی زانستەکان و تایبەتی زانستە ئیسلامییەکان دەرکەوتنێکی زۆریان هەیە.**

**کە هەموو ئەمانە لە سیما جیاکەرەوەکانی سەبکی عیراقین لە سەبکەکانیتر. وێڕای هەمو ئەمانەش بە گشتی خاوەن زمانێکی نەرم و ئاوازدارە.**

**٢ - لە رووی تایبەتمەندییە هزرییەکانی سەبکی عێراقیش لە لایەنە زمانییەکە کەمتر نییە. خاڵە سەرەکیەکانی تایبەتمەندی هزری سەبکی عێراقی بە ڕوونی لە شیعرەکانی مەلادا بەرچاو دەکەون و شاعیر پێیانەوە پابەندە، وەکو:**

**ا- ڕەنگدانەوەی بیرو باوەڕی عیرفانی لە زۆر بەی شیعرەکانیدا**

**ب- بە سەنتەرکردن چەمکی عەشق لە دیوانەکەیدا**

**ج - بەخشینی پلەیەکی بەرزو باڵا بەمەعشوق**

**د- گەڕانەوە بۆ نێو ناخی خۆی و گوزارشت کردنی لەو ناخە**

**ە-باڵکیشانی پەردەیەکی پڕ لە غەم و غەمباری بەسەر شیعرەکانیدا کە هەمو ئەمانە لە ڕیزی سیماکانی سەبکی عێراقی هەژمار دەکرێت.**

**٣ - لە چوار چێوەی تایبەتمەندیە ئەدەبیەکانیشدا ڕەنگە زیاتر لەو خاڵەکەی سەرەوە لێکچون لە نێوانیاندا هەبێت وەکو:**

ا-له ڕوانگەی تایبەتمەندیە ئەدەبیەکانەوە مەلای جزیری بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی تەرخان کردوە بۆ قاڵبی غەزەل.

ب-سەرجەم غەزەلەکانیشی بە هەمو هونەرە جۆراو جۆرەکانی ڕەوانبێژی رازاندوەتەوە.

ج -ناوی خۆی لە کۆتایی غەزەلەکاندا وەکو تەخەلوس و ناز ناوی شیعری ئاماژە پێکردوە.

ە- لە بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەشدا هونەری پاش سەروای بەکار هێناوە.

و سەرجەمی ئەم بابەتانە لەگەڵ هاتنی سەبکی عێراقیدا بونە تایبەتمەندی شیعری سەبکی عێراقی پێ لە سەبکەکانی دیکەی پێش خۆی جیاکرایەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

- ئیدریس عبدالله، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

- ئیدریس عبدالله، جوانکاری لە شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

- ئەبو بەکر ڕەسول محمد و علی محمد الصلابی، دەوڵەتی مەغۆل و تەتار لە نیوان بڵاو بوونەوە و تێکشکاندا، دەزگای چاپی دارالمعرفە، چاپی یەکەم، بەیروت – لوبنان، ٢٠١٠.

- ئەحمەد هەردی و ئاسۆس هەردی، عەروز لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعری کوردییەکانی مەحویدا، چاپخانەی هێڤی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤.

- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- جزیری (دیوان)، هەژار شەرحی لێکردووە چاپ اول، نبراژ: ٢٠٠٠، چاپخانەی داڵاهو، تهران، ١٣٩٣

- حمە نوری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیش، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- سالح قەفتان، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی ئوفیستی شڤان، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

- سەید باز ئەلعرینی، مەغۆلەکان، و شاخەوان محەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

- شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئیکێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، سالا، ٢٠٠٨.

- علاء الدین سجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، ١٩٨٦.

- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، بەغداد، ١٩٧٢.

- عەزبز گەردی، کێشناسیی کوردی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤.

- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.

- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم، واتا ناسی، چاپخانەی کاکە فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩.

- عەلائەددین سەججادی مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، ساڵی١٣٨٩.

- عوسمان دەشتی، ئەزمونی شیعری موکریانی و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

- فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانیەوە، چاپخانەی ئوفیستی شڤان، چاپی سێیەم، هەولێر.

- فوئاد عەبدول موعتی ئەلسە یاد و نهاد جلال، مەغۆل لە مێژوودا، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١١.

- موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی- ڕوونبێژی- جوانکاری)، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠١٣، ل١١٨.

**گۆڤارەکوردییەکان:**

– سیروان جەبار ئەمین (زەند)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی مەحویدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٣)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

– سەردار ئەحمەد گەردی، ڕەوانبێژی لە نێوان بوون و نە بوون لەبەشەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٢)، ٢٠١٤.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

– ئەبو بەکر عەبدوڵڵا خۆشناو ، لێکچون و جیاوازییەکانی نویٚ کردنەوە لای گۆران و نیمائوشیج، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکوی سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

– بندر علی اکبر شاگە، المؤثر العربی والفارسی و الترکی فی شعر الغزل الکردی الکلاسیکی، طبع مؤسسە حمدی للطباعه النشر، السنه ٢٠١٠.

– ڕزگار عەبدوڵڵا ئەحمەد، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی سافی دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران، ٢٠١٥.

– زەینەب جەلیل خەلیل، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی نالی دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١١.

– سالار عەزیز مەحمود، ڕەنگدانەوەی هزری فەلسەفی لە شیعری جزیری دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان لە زانکوی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠.

– سیروان جەبار ئەمین 'زەند'، مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفە و عیرفان لە شیعرەکانی مەحویدا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١١.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

**- حسن امین، دانشنامه شعر، انتشارات دایره المعارف ایران شناسی، تهران، ۱۳۸۷.**

**- سیروس شمیسا، سبک شناسی شعر، چاپخانەی تایش، چاپ پینجم، از ویرایشت دوم، بهار، ۱۳۹۱.**

**- سیروس شمیسا، کلیات سبک شناسی، ویرایش دوم، تهران، میترا، ١٣٨٤.**

**- ، سید محمد ڕاستگو، عیرفان در غزل فارسی انتشارات علمی و فرهنگ، چاپ اول، تهران، ۱۳۸۳.**

**- محمد تقی بەهار، سبک شناسی یا تاریخ** تگورنپر **فارسی، چ۱، تهران، زوار، ۱۳۸۱.**

**- محمد** غلامرچاپی**، سبک شناسی شعر پارسی از رودکی تاشاملو، نشر جامی، چاپ چوارم، تهران،۱۳۹۱.**

**گۆڤاره فارسییەکان:**

**- حسين اقا حسيني، جايگاه استعاره در غزل سبک عراقی، دانشگاه اصفهان، دكتر عباس نيكبخت، استاد يار دانشگاه سيستان و بلوجستان، علمی پژوهشی، نشريه، ادب و زمان، دانشكده ادبيات و علوم انسانی، دانشگاه شهيد باهتر كرمان، دوره جديد، شماره ۳۰، قیاپی ۲۳ زمستان ۹۰.**

**- زهرا علافها، نمودهای گوناكون سوز هجران در ادب غنایی سبک عراقی، فصلنامه زبان و ادب پارسی، شماره، ۴۰، تابستان ۱۳۸۸.**

- عبدالرضا مدرس **زاده، سبک شناسی قافيه در شعر پارسی، نشری علمی- پژوهشی گوهر گويا، سال دوم، شماره هفت، پاييز ۱۳۸۷.**

**- گوهر رستمی نژا، مقايسه می معشوق در سبک خراسانی و عراق، مقدمه مير جلال الدين كزازی، نشر شاپور خوداست، ۱۳۸۸.**

**- محمود فچيلت، استعارهای درابهای، نشريه دانشكده ادبيات و علوم انسانی، دانشگاه شهيد باهنر كرمان، دوره جديد، شماره ۷۰۶، (پيابی٦) زمستان ۷۸، بهار.**

**-، مهری پاگزارد،** تطبيق **مبانی فكری شعر دوره های خراسانی و عراقی ياتوجه به استفاده از خرقه و دستار، فصلنامه تخصص سبک شناسی** نثم ونپر **فارسی (بهار ادب)،علمی پروهشی، سال پنجم شماره دوم، تابستان، ۱۳۹۱.**

**- محمود درگاهی، جايگاه معنی در سبک شناسی شعر فارسی، نشريه دانشكده ادبيات و علوم انسانی دانشگاه تبريز، زمستان ۱۳۸۳۵.**

**- ماه نچری، رديف در سبک عراقی، فنون ادبی علمی- پژوهشی، دانشگاه اصفهان، سالْ دوم، شماره ۱، پياپی ۲، بهار و وتابستان ۱۳۸۹.**

**- مريم زيبايی نژاد، نگرش بر تحول بنياتی تعبيرات و** اصگلاحات**استعاری سبک خوراسانی به سبک عراقی، نجف جوكار، نشريه علمی پروهشی گوهر گويا، سال دوم، شماره هفت، باييز، ۱۳۸۷.**

- یحیی گالبان، بررسی تشبیه تفچیل در شعر عماد فقیه، مجله علوم اجتماعی و انسانی، **ویژەنامە زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه شیراز، دوره بیست و دوم، شماره اول، بهار، ١٣٨٤.**

**فەرهەنگەکان:**

**- سلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفورد، ئینگلیزی - کوردی، ساڵی ٢٠١٤.**

**- فازیل نیزامەدین، فەرهەنگ شیرین، چاپخانەی شڤان، چوارم، سلێمانی، ٢٠٠٧.**

- فاچل نڤام الدین، **فەرهەنگی ئەستێرە گەشە کوردی - عەرەبی، کۆماری عیراق وەزارەتی ڕاگەیاندن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی، زەنجیرەی فەرهەنگ// فەهرست(١)وە.**

**- گێوموکریانی،فەرهەنگ مەهاباد، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەلێر، ٢٠١٢.**

**- گیو موکریانی، فەرهەنگ کوردستان، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.**

**- ماجد مردوخ رومانی، فەرهەنگی دانشگاه کردستان فارسی - کردی، جلد دوم، چاپ اول، پاییز ١٣٨٦، چاپ دوم (ویرایش دوم)، بهار ١٣٩٢.**

**- میمنت میر صادقی، واژەنامە هنر شاعیری، فرهنگ** اصطلاحات **فن و شعر و سبک ها و مکتب های ان، تهران ، کتاب مهناز، ١٣٨٥.**

**- هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە کوردی - فارسی، چاپ ششم، ژمارە ترتیب انتشار: ٤٦٨/٦، تهران، ١٣٨٨.**

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- أحمد بن ابراهيم بن مصطفى الهاشمي، جوهر البلاغة في المعاني وابيات والبديع، دار الاحياء والتراث العربي، لبنان، بيروت.

**- بن عيسى باگاهر، البلاغه العربيه، دار الكتاب الجديده المتحده، لبنان، الگبعه الاولى، سنه** ٢٠٠٨.

– حسن محمد نورالدين، العقد البديع في فن البديع خوري پولس عواد، دار المواسم للطباعة و النشر و التوزيع، لبنا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠م.

– صافية زفنكي، جماليات الدلالات الصوفية في المعجم اللغوي لديوان الجزيري، ( العشق المنصهر الديانات و الثقافات).

**سەرچاوە تورکییەکان:**

-Yekta,Saraç,Klâsîk Edebiyat Bilgisi Beleğâ,weş.Gökkubbe,çap.١٣., İstanbul,٢٠١٥.

- İsa,Kocakaplan,Açıklamalı Edebi sanatlar,weş.Türk Edebiyatı Vakfı,İstanbul,2014

**سایتە ئەلیکترۆنییەکان:**

-http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=٣٥٦٧&type=farhang.